# زمانناسی

ژمارە (١٠)ی ٢٠١٠

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

ڕێزمانی ڕێزمانەکانی کوردی
سەلام ناوخۆش

زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە
پ. د. یوسف شەریف

شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەلاس
ڕەنگین مەحمود

بەرکار
نەریمان خۆشناو

ڕێکخراوی زمانناسی
بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی


# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

**ژمارە (١٠) ٢٠١٠**


خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤


سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵلا ڕەحمان

بەڕێوەبەری هونەریی
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
خەلیل هیدایەت مام شێخ



**ناونیشان**
**کوردستان - هەولێر**
**شەقامی ئاراس**
**پشت قوتابخانەی ئەیوبیە**

**بۆ پەیوەندیکردن:**
zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com


**گۆڤاری زمانناسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

**www.zimannasi.com**
**www.dwrga.com**
**www.dengekan.com**

## لەم ژمارەیەدا

### سەروتار


■ ڕێزمانی ڕێزمانەکانی کوردی ................................................خاوەنی ئیمتیاز ٣


### لێکۆڵینەوە


■ زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە .......پ.د. یوسف شەریف سەعید ٥

■ مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی ............................................ ئەحمەد هیرانی ١٠

■ مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا.................................... نەجات حەمید ئەحمەد ٢٤

■ گرنگی وکاریگەریا تیپا (ڕ)................................ محەمەد سالح پێندرۆیی(جگەرسۆز)٤٣

■ مۆرفیمی /– ە/ لەڕێزمانی کوردیدا.................................. د.ئومێد بەرزان برزۆ ٤٩


### وتار


■ هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی ...................................قادر حەسەن وسو ٦٠

■ چەند– ستاندەریی و گەڕانەوە ............................................ سەلام ناوخۆش ٨١

■ واتای وشە ............................................................. شوکر گەلاڵی ٩٣

■ شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەلاس........................ ڕەنگین مەحمود شەریف١٠٩


### فەرهەنگی زماننناسی


■ بەرکار .........................................................نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ١١٨

# ڕێزمانی ڕێزمانەکانی کوردی

خاوەنی ئیمتیاز

لە هەر سەردەمێك بە گوێرەی " دیتن " و قوتابخانە " و " میتۆدێك " شرۆڤەی چەمکی ڕێزمان کراوە.لە هەندێ سەردەم تەنها لە ڕستەسازی کورتکراوەتەوە و لە هەندێکی تر تەنها ڕستەسازی و وشەسازی بووە ! لە سەردەمی جیهانگیری مەعریفیدا ، چەمکی ڕێزمان هێندە فرە ڕەهەند کراووە بە جۆرێ هەموو لایەنەکانی زمان لە خۆ بگرێ!

لە ناو کوردان هێشتا ڕێزمان بە تەواوی لە قالب و چواچێوەی کلاسیکیەت ڕزگاری نەبووە و هەرزیاتر بەپێوەری زمانەکانیتر ڕێزمانی کوردی دەنووسرێتەوە ! !

ئینگلیز و کورد لە سەدەی شازدەهەمەوە دەستیان کردووە بە نووسینەوەی ڕێزمانی زمانەکانیان، بەڵام ئینگلیز توانیان بە سەدان ڕێزمان لە سەر زمانی ئینگلیزی بنووسن و ئەو ڕۆناکبیرانە چاکیان دەزانی هەتا ئەو زمانە زمانی نەتەوەییان نییە و بەڵکو لە بنەڕەتدا زمانی ئینگلیزی زمانی قەبیلەی داگیرکاری Angles ی جێرمانییە ، بەڵام کە ئەو زمانە بووە ناسنامە و بوونیان چەندەها خوێندنوەیان بە گوێرەی چەندەها میتۆد بۆ کرد. ڕاندۆلف کوێرك و ئەوانیدی کتێبی " ڕێزمانی ئینگلیزی گشتگیر" یان بڵاوکردەوە ، کەسەکانی ئەو بوارە ، ئەو ڕێزمانەیان بە ئینجیلی زمانی ئینگلیزی دانا ! ئینگلیزەکان بەوەندە نەوەستان وبەڵکو بە خوێندنەوەیتر

هەر بەردەوام بوون هەتا لە ساڵی ٢٠٠٤ گۆولد براون كتێبی " ڕێزمانی ڕێزمانەكانی ئینگلیزی " بڵاوكردەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیتر بۆ ڕێزمانەكانی زمانی ئینگلیزی بكات!!
لە لایەك كورد زمانەوان و ڕێزمانووسی فرەزمانزانی كەمە و لەلایەكیتر بزاڤ ڕێزمانووسینی كوردی لە ناو كوردان نەبۆتە نەریت و پێویستیەكی نەتەوەیی.وێڕای ئەمەش بەشێك لە ڕێزمانە كوردییەكان لە سەر بنەمای هیچ میتۆدێكەوە نەنووسراون و زیاتر ڕەمەكین یان لە سەر بنەما و شەنگستەكانی زمانی تر نووسراون.
ئێستا لە ئەكادیمیای كوردی و بەشە كوردییەكانی زانكۆكانی هەرێم دەپرسین :كاتی ئەوە نەهاتووە كۆنفرانسێكی نەتەوەیی بۆ ڕێزمانی كوردی ببەسترێ و ڕێزمانێكی گشتگیر بۆ ڕێزمانەكانی زمانی كوردی بنووسینەوە؟؟!!

# زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە

پ.د. یوسف شەریف

## بەشی سێیەم و کۆتایی

٧٢- زمانەوانی هیندی : **Indic Linguistics**

ئەم زانستە لە زمانەکانی هیندی وەك سانسکریتی کۆن و هیندی و بەنغالی و ئۆردی دەکۆڵێتەوە . زمانە هیندییەکان لقێکن لە خێزانە زمانی هیندۆئێرانی کە دەچنەوە سەر کۆمەڵە خێزانی هیندۆئەورویی . زمانەکانی ئەم لقە بریتین لە سانسکریتی و ئۆردی و بەنغالی و بەنجانی، لقەکەی تر کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی دەگرێتەوە کە بریتین لە ساسانی و فارسی کۆن و فارسی نوێ و کوردی و ئەڤغانی و پشتۆ ... هید .

٧٣- زمانەوانی مەلایۆ پۆلۆنیزی : **Polynesian Linguistics – Malayo**

زمانەکانی مەلایی و جاوی و تاجالوجی ... هتد لێکۆڵینەوەیان لە ژێر ئەم زاراوەیەدا دەبێت کە بە زمانەوانی مەلایۆ پۆلینیزی دەناسرێن . هەروەها زاراوەیەکی تر هەیە بۆ وەسف کردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم زمانانە کە بەزمانەوانی ئۆسترۆنیسیەن دەناسرێت Ausronesian Linguistics .

٧٤- زمانەوانی فێرسە نوێ : **Neo - Firthian Linguistics**

ئەم زمانەوانی یە لەسەر چوار بابەتی سەرەکی بنیاد نراوە کە بۆ وەسف کردنی ڕێزمانی تایبەتی هەرزمانێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت . بنەماو بابەتەکانیشی بریتین لە :

١- یەکە (unit) ٢- ڕۆنان (Structure) ٣- پۆل (Class) ٤- سیستەم

(System)

پلەی پێوانەکەش کە ئەم بنەمایانە بەیەکەوە دەبەستێت و زمانەکە پێکدەهێنێت بریتییە لە:

١- پلـــە (rnak) ٢- لێکدانـــەوە / بەســـتن (exponence) ٣- وردی (delicacy)

ئە م ڕبازە لە زمانەوانیدا لە هەمان کاتدا بە کاتیگۆری و پێوانەیی ناو دەبرێت بو نموونـە ئەگـەر یەکەیـەکی زمـانی وەربگـرین، واتـە ئەگـەر ڕسـتەیەك وەربگـرین دەبینین لە چەند ڕۆنانێك پێك هاتووە کە لە ڕستەکە بچوکترە یان پلەی کـەمترە وەك لاڕسـتە، وشـە، هـەروەها یەکـەکان یـەك لـە دوای یـەك دەتوانرێـت کـۆ بکرێنەوە بە چەند شێوەیەك، لەوانـە پـشت بەسـتن بـە ئـەرکی یەکـەکان لـە نـاو ڕۆنانەکاندا . هەروەها لـەناو جۆرەکـانیش لـە شـێوەی ڕێکخـستنێك دەکـرێ کـۆ بکرێنەوە . دەربارەی پلەو ڕۆنانەکانیش دەکرێ لە پلەی بـەرزەوە ڕسـتە بـەرەو پلەی نزمتر برۆین کە فۆنیمە، بۆ نموونە لە ئاستی سینتاکسی دا بـەم شـێوەیە، ڕستە، لاڕستە، دەستەواژە، وشـە، مـۆرفیم، لەسـەر ئاسـتی دەنگسازی فۆنیمـە ڕیزبووەکان، برگەی فۆنیم.

لە رووی لێکدانەوەو بەستن ، پێکهاتەکانی ئاستی ڕێزمانی بە ئاستی دەنگسازی دەبەستێتەوە زانیاری زمانی بە دەستەوە دەدات .وردیش Delicacy تایبەتـە بــە دابــەش کردنــی ڕۆنانــەکان و یەکــەکان و دەســت نیــشان کردنــی ســیما تایبەتییەکان بۆ نموونە کاری تێپەڕ وردترە لە کار یـان، لاڕسـتەیەکی نـاو ئـاخن کراوی هەڵاوێردی وردترە لە لاڕستەیەك، هتد .

## ٧٥- زمانەوانی ڕاپەڕین : Renaissance Linguistics

ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە لە سەدەکان ڕاپـەڕین لـە ئـەوروپا ئـەنجام دراوە کە تایبەت بوون بە زمانـەکانی ئـاری و هیندۆئـەوروپی ڕۆژهـەڵاتی کـە لـە بـواری بەراورد کردندا ئەنجامیان داوە، کە ئەمەش ئەوسا ببووە هۆی دۆزینەوەی زمانی

نویێ و چاکسازی لە بواری گووتن و دەربڕیندا .

**٧٦- زمانەوانی ئیتالی : Romance Linguistics**

ئەم زانستە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەکانی زمانە ڕۆمانسییەکان کە بریتین لە کۆمەڵەی زمانە ئیتالییەکان و سەر بە خێزانە زمانە هیندۆئەوروپییەکانن و لە زمانی لاتینی ناوەڕاست سەریان هەڵداوە ، لەوانە زمانەکانی ئیتالّی و فەرەنسی و پرۆفانسی و ئیسپانی و پورتوغالی و کتلانی و ڕۆمانسی و سەردینی.

**٧٧- زمانەوانی سۆسەری : Saussran Linguistics**

ئەم لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە فردیناند دی سۆسێر ئەنجامی دابوو هەروەها بە قوتابخانەی جنێف ناوبانگی ڕۆیشتبوو Geneva School .

**٧٨- زمانەوانی سلاڤی : Slavic Linguistics**

ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر زمانەکانی سلاڤی ئەنجام دراون زمانە سلاڤییەکان سەر بە کۆمەڵە زمانەکانی بەلتیقی سلاڤین لە چوارچێوەی زمانە هیندۆئەوروپیەکان ، ئەو کۆمەڵە زمانانە دەبنە چەند بەشێك ، زمانەکانی ڕۆژهەڵات کە ڕوسی و ئۆکرانی یە ، زمانەکانی ڕۆژئاوا کە پۆڵەندی و بوەیهیمیە هەروەها زمانەکانی باشور کە بولغاری و سلۆڤینیە .

**٧٩- زمانەوانی چینی و تیبنی : Tibetan Linguistics - Sino**

ئەم زانستە بۆ وەسف کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر زمانەکانی چینی و تیبتی و بۆرمی بەکاردێت وەکو زمانی دەندرینی و چینی و زمانە وو (Wu) و زمانی کانتۆنی و سیامی و ...هتد .

٨٠- زمانەوانی ئەتلەسی : **Atlantic Linguistics**

ئەم لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە لەسە زمانـەکانی هـەردوولای دەریـای ئەتلەسـی واتە لە ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا دواون ، هەروەها ئەنجامە هاوبەشەکەی ئەو لێکۆڵینەوانەش دەگرێتەوە .

٨١- زمانـــەوانی کـــارەکی ئینتـــەرنێتی : **Internet Applied Linguistics**

ئەم جۆرە زمانەوانییە لـە لایـەن زمانـەوانی بـەریتانی دیڤـید کریـستال لـە سـاڵی (٢٠٠٠) بلاّو بووەوە کە دەکرێ بەم شێوەیە باسی لێوە بکەین :بێ گومان هەندێ لە زانستەکان وەك ئـاین ، یاسـا، زانـست بـەهۆی کۆمپیوتـەرەوە گەشـە دەکـات هەروەك چۆن بە هۆی زمان و نوسین گەشـەی کـردووە . بـە تایبـەتی لـە بـواری فێرکردنی زمـان تـۆری نێـت و کۆمپیوتـەر ڕۆڵێکـی گـرنگ دەگێـڕن ، ئـەم بـوارە دەرگایەکی فراوانی کردەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە ڕێگـای کۆمپیوتـەر و تۆری نێتەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بکەن . بەتایبەتیش لە بواری فێربوونی زمـانی ئینگلیزیـدا (ELT) کـە ئەمـەش وا چـاوەڕوان دەکرێـت کـە تـۆری نێـت بتوانێ بە تەواوی چێگای مامۆستای فێرکەری زمان بگرێت و ڕێگاکانی فێرکردنی زمـانی بیـانی ئاسـانتر و هــەرزانتر و لەبــەر دەســتتر بێـت و ژمارەیـەکی زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی سودی لێ وەربگرن .

**سەرچاوەکان :**


١- معجم مصطلحات علم اللغة الحديث ، نخبة من اللغويين العرب ، بيروت ، مكتبة لبنان ١٩٨٣ .

٢- معجم علم اللغة النظرى ، محمد على الخولى ، بيروت مكتبة لبنان ١٩٨٢ .

٣- معجم علم اللغة التطبيقى ، محمد على الخولى ، بيروت مكتبة لبنان ١٩٨٦ .

٤- موجز تاريخ علم اللغة (فى الغرب) ر . ه . روبنز ، ترجمة د.احمد عوضى ، ١٩٩٧ ، عالم المعرفة الكويت .

٥- علم اللغة المعاصر، مقدمات و تطبيقات .د. يحى عياية و د. امنة الزعى ، دار الكتاب الثقافى ، اردن ٢٠٠٦

٦-گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زاراوەی خزمایەتی لە زمانی کوردی وفارسیدا،یوسف شەریف سەعید،سالی چوارەم ژمارە ١١ لە ١٥/تشرینی یەکەم /٢٠٠٠.

٧- گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ١ تایبەت بە توێژینەوەکانی گۆنگرەی یەکەمی زمان، زمانەوانی کارەکی و فەرهەنگسازی، یوسف شەریف سەعید. سالی٢٠٠٥. هەولێر .

- Crystal ,David . Afirst Dictionary of Linguistics and Phonetics . London 1980

- Pie,Mario ,Glossary of Linguistic Terminogogy.New york and London : Colombia Universty press,1969

- Pie,Mario and Frank Gaynor . ADictionary of Linguistics . London : Peter Owen,1965

Richards, Jack,John Platt and Heidi Welber , Longman –Dictionary of Applied Li nguistics , Longman , 1965

-Stephen . C . Levhnson , Pragmatics , Cambridge Universty Press , 1983

# مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی و نیگایەك بۆ ڤاولی ( i )..

**بەشی دووەم**

ئەحمەد هیرانی

هەندێ لە زمانزان و لێکۆلەرەوانی زمانەکەمان - وێ - بە پیتی بزوێن دەدەنە قەڵەم، بەڵام ئەمەیان هەڵەیەکی زەقەو کێشەیەکی تر دەخاتە زمان و دەڕسکێ، ئێمە لەم بارەیەوە بە وتارێکی دوور و درێژ لە ژمارە - ١٢٥ - گۆڤاری کاروان، ساڵی ١٩٨٨ - ئەوەمان ڕوون کرددۆتەوە بە ناوی - دیفتۆنگی (وێ ).

بۆ پتر پێداگرتی لەسەر ڤاوڵی (( )) و ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی پێویست لە ئەلفوبێی کوردی، بە پێویستم زانی مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی

لەسەر سەکۆی بیر بدەمە بەر نوکی خامەو شەن و کەویان بکەم و سەرنجەکانیشم لەبارەیانەوە بخەمەڕوو، وەك :

یەکەم / بەلای دانەری کتێبی - ئەلفبای نوێ - مامۆستا ئەمین باڵدار سەرجەم دەنگەکانی زمانی کوردی کە بەکار دێن و وێنەیان بۆ دانراوەو بنچینەی فێرکردنن لە قۆناغی یەکەمی سەرەتاییدا، بریتین لە: ( ء ، أ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و، ۆ، وو، لا، ڵا، ی، ێ).

بەلای نووسەری ناوبراو ئەلفبای

کوردی، بریتییە لە - ٣٦ - دەنگ، واتە پیت، چونکە دانەر ئەو ئەلفبایەی بۆ

مەبەستی فێرکردن داناوە، نەپرژاوەتە سەر جیاکردنەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان، هەر بۆیە دەبینین وێنەی دەنگی ـ و ـ بە دوو شێوە دەبینرێت، هەرچەند لەناوەرۆکدا ئەوەی دەرخستووە کە ـ و ـ هەندێ جار بزوێنە هەندێ جار نەبزوێنە، بۆ نموونە کە نووسیویە: ئاو، وەرە دەرێ، دادە وا دێ، راو، مێوژی زۆراب، ئەگەر لێی وردببینەوە لەگەڵ شوێنی تری کتێبەکەدا دەریخستوە کە پیتی ـ و ـ نەبزوێنە.

لە هەندێ نموونەی تر پیشانی داوە کە ـ و ـ بزوێنە، وەك نوسیویە : کوت کوت توتکە سوور، ئازاد گوتی باشە سۆلاڤ گیان ـ ل٥٣ و، دەریخستوە کە پیتی ـ وو ـ بۆ هەمشە بزوێنە وەك : زوو وەرە زەینەب زوو، نوتکە سوور، دووسێو،ل٣٣، ئەو ئەلفبایە چونکە بۆ مەبەستی فێربوون دانراوە، زۆر پوخت و رێکە،، ئەگەر چی پیتی ( ع، لا، ڵا) پێویست نییە هەبێت، چونکە پیتی (ع) لە هیچ وشەیەکی کوردی رەسەندا نییە، دووەکەی تریش بە پیت نادرێنە قەڵەم،بەڵکو برگەن، پێشتر وێنەیان هەیە، هەروەها لە نووسینەکانیدا دەریخستووە، کە دەنگی (ی) بزوێن و نەبزوێنی هەیە، بۆ دەنگی ( ء) هەتا ئەگەر کەوتە دوای وشەش، وەك (نةء)، بۆ ئەوەی دەستورێکی چەسپاو بگرینەبەر لە رێنوس، چونکە ـ و ـ پیتێکی نەبزوێنە لەسەرەتای هەر وشەیەك لەسەر کورسی دەبێت، وەك ئەم ئازادی، ئێوارە، ئۆی،، لەناوەندی وشە وەك (بئاخێوە، بئەنجنە، بئاژۆ، بەئاخ، بەئۆفەئۆف، خوێندکاران لەسەر ئەو دەستورە رابێن باشترە، چونکە بنجی (نةء ) کە بەمجۆرە دەبنە نووسین، خۆی (نەئا)یە، یان (نەئە)یە، لەو حاڵەتەدا گەڕایەوە سەر بنجی دانیشتنەکەی، لەمبارەوە ـ تاهر سادق ـ لە کتێبی رێنوس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردیدا لەلاپەڕە ـ ٢٤ ـ دا لەخاڵی سێیەمدا ئەڵێ : ـ ئەم پیتە ـ و ـ هەمیشە هەر لەسەر کورسی ئەنوسرێ، بەڵام لەخاڵی چوارەمدا ئەمیش بائەداتەوە و ئەڵێ : وشەی (نەو) لە نووسیندا بەدەرە، کە مەبەستی ئەوەیە (نةء) لەسەر کورسی دانانرێن، بێ ئەوەی هۆیەکە دیاربکات،

دیارە ئـەویش هـەر لاسایی نوسـەرانی کردۆتــەوە، هەربۆیــە وتویــە (نــئء ) لەنووسیندا بەدەرە.

ئێمـە دووپـاتی دەکەینـەوە، بـەواتای ڕێزمانێکی چەسپاو، نابێ هیچ وشەیەك لە شێوازو یاسای نووسـیندا بـەدەربێ، هـەمووکات ئـەبێ باوەڕمـان چەسـپاوە پتەو بێ بـە بەڵگـەی تـەواو بـێ، نابـێ چاولێکەری هەڵەوانی بین و وەك ئەڵێن ((تابع الامام الله اکبر)) ئەوەی شـیانی نووسین و دەرخستنە پیتی (ء) یەکەم پیتی دەستپێکردنی ئەلفبای کوردییە، لــە ئــەلفبابی لاتینیــشا وێنــەی بــۆ دانــەنراوە، (بنــوارە ل٢ ئـەلف و بێـی وێنــەدار بــە تیپــی لاتینــی ـ گیــو موکریانی ـ زنجیرە ـ ٧٤ ـ ساڵی ١٩٧٢ ز چــاپخانەی کوردســتان ـ هــەولێر، ٢٥٨٢ کوردی).

کەواتـە ئەلفبایەکـەی مامۆسـتا باڵدار، لەڕووی هونەرییەوە ئەوپەڕی بەرزییە، بــــۆ مەبەســــتی فێرکــــردن، کەموکورتییەکەشــی نــەدەبوو (ع، لا، ڵا)بەپیت دابنێ، جگە لەوەش پیتی ـو ـ هەمیشە لەسەر کورسی دابنێت، هەر لەویــشەوە دەســت بداتــە فێرکردنــی نەتەوەکەی.

دووهەم / ئەگـەر سـەرنجی کتێبەکـەی مامۆسـتا جگـەرخوێن بـدەین، بـەناوی (ئــاواو دەســتورا زمانــێ کــوردی) لــە ل١٨٩ لــە پەرچــێ ســییەم تیپــە ـ الحروف دەڵێ :

تیـپ ئـەو گوتنـە کۆخـوە سـەرنکاری داخوە سەرنکاری داخوازێ بدی زانـین ئەو ژی دو پەرچەنە ١ ـ تیپێ نڤیـسین ٢ ـ تیپێ بداخواز،

تیپێ نڤیسن تیپێ ئەبجەدینـە ئـەو ژی دو پەرچەنە :

١ ـ تیپــێ دەنگــی، دەنگــی ژی دو پەرچەنە ١ ـ دەنـگ کـورت ٢ ـ دەنگـە درێژ،

٢ ـ تیپێ بێدەنگ

تیپێ نڤیسین ـ ٣٣ ـ سیەوسێ تیـپن ( أ، ب، ت، س، ج، چ، ح، ه، خ، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، د، ز، ر، ش، ژ، ل، م، ن، و، یــێ ئــە، ۆ، أ، ئــە،) وێجــا سەیدایێ مـەزن ل دیـارکرن و نڤیـسینا وا تیپا دبێژیت : ژڤاتیپا ـ ٨ ـ بدەنگ، (أ، ئۆ، ئو، ئێ، ئـی، أ، ۆ، ئـە،) ڤێجـا دەنگ درێـژ و دەنـگ کـورت ئۆسـادیار

دکەت و دنڤیسیت :

دەنگ درێژ ـ ( أ) أدار، أگر، أدەم،

(ئۆ ) ئۆکان، ئۆردو، ئۆب.

(ئو) ئورس، ئوسڤ، ئوی.

(ئێ) ئێ ڤار، ئێ رە، ئێ زیدی

(ئی) ئی شەڤ، ئی رۆ، ئی ران

دەنگ کورت ـ ( أ) أبراهیم، أسکندر، أسحاق.

(ۆ) کۆرد، کۆرت، کۆشت.

(ئە) ئەگەر، ئەرزەن، ئەرتوس.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو ئەلفبایە بدەین، دەبینین لە زۆر رووەوە هەڵەی زۆرە، یەکەم لەڕووی ڕێکخستنی پیتەکان، دووەم لە ڕووی وێنە دانان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی.

لەڕووی ڕێکخستنەوە وەك دەزانین زمانی کوردی زمانێکی برگەییە ڕێکخستنی ئەلفبایەکەی نابێ بە بزوێن دەست پێبکات، پیتی (أ) کەبەمشێوەیەی نوسیوە، ئەم دەنگە وێنەکەی لەکوردیدا (ئا)یە، کە ئاواش نووسراوە برگەیە نەك پیت، و ئەم (أ)یەی کو نوسەر مەبەستیەتی پیتێکی بزوێنەو بزوێنەکەش درێژە، کەواتە یەکەم پیتی ئەلفبای کوردی بە ـ ك ـ دەست پێدەکات.

هەروەسا لە ڕێکخستنی پیتەکانی تر، کە دەڵێ : تیپی نڤیسین تیپی ئەبجەدینە، واتە لە ڕێکخستنیان (ترتیب) دووجۆر ڕێکخستنە بۆ پیتەکانی عەرەبی رەچاو دەکرێت، یەکێکیان شێوەی هیجائی کە بۆ مەبەستی فێرکردن بەکاردێت،کە بریتیە لە ـ ٢٨ ـ پیت لە (أ) واتە هەمزە دەست پێدەکات و کۆتایی دێت بە پیتی (ی).

ڕێکخستنی دووەمی ئەو پیتانە بەشێوەیەکی تر ڕێکدەخسترێ بەهۆی ئەم هەشت وشەوە (أبجد، هوز، حتی، کلمن، سعفص قرشت، پخژ، چڤغ)، ئەو پیتانەش هەرپیتی هیجائین، بەلاّم بەشێوەیەکی ترو بۆمەبەستێکی تر لەسەر دەستی ((ئەحمەدی کوڕی فەراهیدی یەکەمجار هاتۆتەکایە و هەر پیتەش ژمارەیەکی تایبەتی خۆی وەردەگرێ، ئەم ڕێکخستنەی دووهەمیان و بەکاربردنی لە بواری زانستەکانی ئەستێرە ناسی و غەیب زانین و ئایندە زانین واتە

بەسەرهاتەکانی مرۆڤ دەردەخات، چی لە رابردوو کە بەسەری هاتووە، یان لە ئایندەدا کە چاوەنواڕی دەکات، وەك ئەمرۆ کە بووە بە شتێکی باو لەکۆمەڵگەکاندا بەناوی ـ بورجەکان ـ (بنوارە ـ ل٢٦ الاملاء الفريد ـ نعوم زارازبر)، زیاتریش بایەخی پێدەدرێت بۆ ڕێکخستنی کاروبار لە فەرمانگەکاندا، ئینجا لێرەدا وەك دەردەکەوێ بۆمان ڕێکخستنی ئەلفبایەکەی سەیدا جگەر خوێن، نەهیجائییەو نەئەبجەدییە، ئەگەر هیجائی بوایە، نەدەبو پیتی ـ هـ ـ دوای پیتی ـ ح ـ بهاتیە، پیتی ـ غ ـ دوای ـ خ ـ بهاتایە، پیتی ـ د ـ دوای پیتی ـ گ ـ بهاتایە، پیتی ـ ز ـ پێش ـ ر ـ بکەوتایە ـ ژ ـ دوای ـ ش ـ س ـ لەپاش ـ ت ـ واتە شێوە ڕێکخستنەکەی سەیدا نارێك و نالەبارو سەرلە مرۆڤ تێك دەدات.

سێیەم شت دەربارەی ئەو ئەڵفبایە کە ئەو بە پیتی (یێ، ئە، ۆ، ئو، ئێ، ئی،) داناون، ئەمانە هەموویان برگەن و پیت نین، جگە لە (ۆ) کە نەبڕگەیەو نەپیت هەیە لەسەر ئەمشێوەیە، ئەمجۆرە ئەلفبایە مەگەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لەحوجرەی مزگەوتەکاندا پەیڕەوکرابێت، ئەگینا هیچ سیمایەکی شارستانی و پێشکەوتنی لێوەدیار ناکرێت لەم چەرخەدا.

لەو هەڵە زەقانەی ئەو ئەڵفبایە تەماشا دەکەین (أ) دەنگ کورت و (ئە) دەنگ کورت، هەر یەکەی بەجیا لەویتر داناوە، کەچی هەردووکیان وێنەی (ئە)، کە بڕگەیەکی کورتە، هەروا بۆ (و) سێجۆری داناوە (و، ۆ، ئو،،) (ل ١٩٠ـ أ واو دستوری زمانی کوردی).

جگە لەوەش لایەنی ڕێنووسی ـ ئیبراهیم ـ ئەسکەندەر ـ ئیسحاق، نووسیویە ( أبراهيم، أسكندر، اسحاف)، واتە هیچ حسابێکی بۆ پیتی (و) نەکردووە.

لە ئەنجامدا دەڵێم : ئەم ئەڵفبایە زۆر نالەبارو ناتەواوە، چی لەبارەی ڕێکخستنی فۆنیم و پیتەکانەوە، چی لە بارەی پیتە بزوێن و نەبزوێنەکانەوە، کەموکورتی یەکجار زۆرە و بۆ فێرکردن لەم چەرخەدا دەست نادات و رووەو هەڵدێرمان

دەبات.

سێیەم / لە کتێبی ڕێزمانی کوردی - نوری عەلی ئەمین، دەربارەی ئەلفبای کوردی دەڵێ : -

پیت وێنەی ئەو دەنگانەیە کە لە زار دێتە دەرەوە و وشەیان لێ پێکدێ، پیتیش دوو بابەتن : -

أ - پیتی بێدەنگ

ب - پیتی بزوێن

ئینجا دەربارەی پیتی بێدەنگ دەڵێ : ئەو پیتانەن کە بەبێ یاریدەی پیتە بزوێن، دەنگەکانیان بەئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە نایەتە دەرێ، کە ئەمانەن : ( ء، ب، پ، ت، ن، م، هـ، ف، ق، ڤ، ح، خ، ج، چ، س، ش، ر، ڕ، د، ژ، ز، ك، گ، ل، لـل، نـگ، ڵ، لـڵ، ع، غ، و، ی) .

دەربارەی کۆمەڵەی دووەم واتە پیتە بزوێنەکانەوە دەڵێ : - ئەو پیتانەن کە هەرگیز ناکەونە سەرەتای وشەوە، وە ئەخرێنە پاڵ پیتە بێدەنگەکان بۆ ئەوەی کە یاریدەیان بدەن کە بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە بێنە دەرێ، وەك پیتی (ا،ی) لە وشەی(کانی)دا، و یەکە یەکە دەست نیشانیان دەکاو دەنوسێ:

١ - پیتی بزوێنی (ا) دەنگەکەی درێژە، وەك / باران، ئارد.

٢ - پیتی بزوێنی (ە) دەنگەکەی کورتە، وەك / ئەستێرە، ڕەورەوە.

٣ - پیتی بزوێنی (ی) دەنگەکەی درێژەو داکشاو، وەك / شیر، کانی.

٤ - پیتی بزوێنی (ێ) دەنگەکەی کراوەیە، وەك / هەوێ، شێت.

٥ - پیتی بزوێنی (و) دەنگەکەی کورتە، وەك / کول، کوڕ.

٦ - پیتی بزوێنی (وو) دەنگەکەی درێژە، وەك / دوو، سوور، بەڕوو.

٧ - پیتی بزوێنی (ۆ) دەنگەکەی کراوەیە، وەك / دۆ، کۆز.

٨ - پیتی بزوێنی (وێ) دەنگەکەی لە بەینی پیتی (و) و (ێ) دایە، وەك : - ئەسکوێ، گوێ، خوێری، خوێ.

مامۆستا پتر لەسەر باسەکە ئەڕوا و ئەڵێ : هێشتا سێ پیتە بزوێنی تر هەیە بە پیتی عەرەبی نەهاتوونەتە نووسین وەك :

أ - ئەو دەنگەی وا لەبەینی (م) و (ن)دا لە وشەکانی / من، ژن، بردن،

كردن.

ب ـ ئەودەنگەی لەدوا پیتی (پ) لە وشەی / پیاز، پیاو، بیانو، بەختیار.

كەواتە سەرەنجام بەلای ئەو نوسەرە بەرێزە، سەرجەمی فۆنیمەكانی زمانی كوردی، واتە پیتەكانی بە دەنگدار و بێدەنگەوە (بزوێن و نەبزوێن) دەگاتە (٤٣) چل و سێ فۆنیم، سیانیان تائێستا بێ وێنەن، كە لە پیتی گروپی بزوێنن، چلەكەی تریان وێنەیان هەیە، لەم چلەشدا هەشتیان بزوێنەو ئەوانی تر نەبزوێنن بەلای مامۆستاوە پیتە بزوێنەكانی زمانی كوردی ژمارەیان دەگاتە (١١) یازدە،كە سیانیان تا ئێستا بێ وێنە ماون، دیارە سی و دوو پیتش پیتی نەبزوێنن.

هەرچۆنێ بێت لە هەردوو گروپەكەدا دەریخستوە كە چۆن پیتی (و) جارێ دەبێتە بزوێن و جارێ نەبزوێن، بۆ ئەمەش دەڵێ : ـ پیتی ـ و ـ پیتێكی بزوێنی بەدوا داهات، یا بە دوای پیتێكی نەبزوێن داهات، ئەوا بە پیتە بێدەنگ ئەژمێررێت، نەك بەبزوێن، وەك (وەرد، وەرە، داو، دیوار، لێو،،) ل١٣ هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو، هەروەها هەمان ڕاڤەكردنیشی بۆ پیتی ـ ی ـ بزوێن و نەبزوێن دووبارە كردۆتەوە.

بەڵام دەربارەی پیتی (وو) دەڵێ: كەوتە سەرەتای وشەیەك یا كەرتەی وشەیەك، یەكەمیان بە پیتە بێدەنگ و دووهەمیان بە پیتە بزوێندا ئەنرێت، وەك (وولاخ، ووشە، كلووڕ، مێووژ)، لێرەدا مامۆستا ئاشكرای نەكردووە و هۆیەكەی دەرنەخستوو، كە بۆچی واوی یەكەم نەبزوێنە و واوی دووهەم بزوێنە،، ڕاكەی مامۆستا بەنیسبەت ئەو ووشانەوە ڕاستە كە بە دوو وو دەست پێدەكەن وەك / وولاخ، ووشە، وولات، ووزە، وون، ووشیار، ووشتر، ووجاغ، ووزە.

لەم وشانەدا واوی دوهەم بزوێنەو هی یەكەم نەبزوێن، لەبەر ئەوەی واوی یەكەم پیتی تر بوینە لە بنجدا كە نەماون و واوەكە هاتۆتە جێی یان لە هەندێ لە وشە وەك (هوشە، هوزە، هون، هوشیار، حوشتر، ئوجاغ، هوزە).

بەڵام لە هەندێ وشەی تر وەك (وەلاخ، وەلات)، واوی دوهەم، واتە بزوێنەكە

پیتی (ە)ی بزوێن بووە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمی فیزیکی زمان و هەڵس و کەوتی زمانەوانی لەگۆ کردن و ئاسانکردنی گفتوگۆ. ئەمە لەلایەك مامۆستا باش بۆی چووە، بەڵام ئەو حوکمە نادرێت بەسەر ئەو وشانەی لەناوەندەوە بەدوو واو دێن، وەك (کاووڕ، مێووژ) هەردوو واوەکان لەمجۆرە ووشانەدا نەبزوێنن، کەواتە ئەمە هەڵەیە کە مامۆستا تێی کەوتوە و هەڵەکەی لەخۆ ئالاندووە، با هەندێ وشەی تر کە پیتی - وو - لەناوەندابێت بینینەوە وەك (زوور، ژوور، تـوور، دوور، سنوور، پوور، تەندوور) هەردوو واوەکان لەم ووشانەدا بزوێنن، خۆی لەبنج و بناوانیشدا وشەکان بەمجۆرە نەهاتونە کایە، بەڵام هەڵس و کەوتی زمانەوانی وای لەم ووشانە کردووە کە بکەونە تەنیشت یەکەوە، لەنێوان واوی یەکەم و دوهەمدا پیتی (ھ) ڕۆیشتووە، واتە لە بنجدا وشەکان ئاوابووینە (زوهـور، ژوهـور، توهـور، دوهـور، شوهر، پوهر، تەندوهور)، بەڵام چونکە دیاردەیەکی دزێوە کە لەم ووشانەدا سێ واو بەدوای یەکترا ریز بکرێت بۆیە سروشتی یاسایی خۆیان وەرگرتوە کە بە دوو واوەکە بنوسرێن و خەڵکیش لە سەریان رابێت.

ڕاستی ئەو قسەیەمان لەم ووشانە بۆ دەردەکەوێ کە کۆتاییان بە - وو - دو واو هاتووە، وەك ( دوو، زوو، نـوو،،) بنجی واوی دوهەم لەم ووشانە (دوھ، زوھ، نـوی (نـوێ) ) لەبەرئـەوەی زمانەکـەمان دەسـتی زانـستی فۆرمۆلـۆژی زۆرکـەم بـۆ درێـژکراوە، هەربۆیە بێ خزمەت ماوەتەوە و زۆر لە ڕاستیەکانی شێوێنراوە، بەو پێیە بێ لە هیچ وشەیەکی کوردیدا نابێ دوو واو هـەبێ (کـە ئەمـەش ڕاسـتیەکەیەتی)،، بـەلام ئـەمجۆرە ووشـانە کـە بەو شێوەیە رسکاون، دیاردەیەکی لەزمانماندا سەپێنراون.

بۆ نموونە زاناکانی زمانەکەمان وتویانە چۆمە جیاوازی بکەین لە نووسینی وشەی (کوڕ) لەگەڵ (کووڕ)، هاتوون بنیادی وشەی دووهەمیان تێکداوە و جیاوازیەکـەش دروسـت بـووە، زمانەکـەشمان وەك میللەتەکەیە،چونکە بێکەس بووەو خزمەت نەکراوە لەسەر ڕێ و شوێنی

زانـــستیانە لێـــی نەکۆڵراوەتـــەوە، هەربۆیە دەبینین زۆر دیاردەی دزێو لە ناویـــدا ســـەری هەڵـــداوە و تووشـــی نیگەرانی و شێوانی کردووە، زۆر شتی بەهەڵـەدا لـەناودا چەسـپاوە و لـەڕێی ڕاستی لایداوە.

بەهـــەر حـــاڵ لـــەڕووی مەنتقیـــەوە کارەکەی مامۆستا نـوری عـەلی ئـەمین لەو قۆناغە نەتەوایەتیەدا تـا ئەوپـەڕی ژیرانەو چالاکانە بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام کورد فەرمویە : جـام کـە پڕبـوو لێی دەڕژێ، واتا نابێ شت لە سنووری خۆیـدا تێپـەڕێنین، چـونکە لـەوەدا تووشـی هەڵـە دەبـین، جگـە لـەوەش دەبـێ هـوردبین لـەکاری زمانیـدا واتـە زمـانی کـوردی بەگـشتی لێـی هـورد ببینەوە، بۆیە دەڵێم :

١ــ لـەڕووی ڕێکخـستنی فۆنیمـەکانی زمـانی کـوردی ـ مامۆسـتا نـوری عـەلی ئەمین ڕاستەوخۆ کە دابەشـی کـردووە بەســـەر دوو گـــروپ، گروپـــی پیتـــە بێدەنگـــەکان و گروپـــی پیتـــە دەنگـــدارەکان،،، نـــەدەبوا وابـــێ،، چونکە مەبەست لەپیشاندانی ئـەلفبای هەر نەتەوەیەك بـەپوختی و ڕێکـی بـۆ مەبەستی فێرکردنی ئاخاوتنە بەڕاستی و بێ گرێ وهەڵە.

٢ ـ زۆربـوونی پیـت لەبەرژەوەنـدی و خزمـــەت و چەســـپاندنی زماندانییـــە، بـەڵکو زیـاتر کێـشەکانی زیـاد ئـەکاو دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی هـەزاران برینـــی تـــر لـــە جەســـتەی زمانەکـــە، هەربۆیـە دەڵێم: لـە گروپـی پیتـە بـێ دەنگەکان کە ژمارەیان دەگاتـە ـ ٣٢ــ پیت، ئەوانە وەك (لل، نگ، لڵ، ) پیت نین، جگە لە پیتی ((ع)) کە لەکوردیدا نییـە، جگـە لـەوەش لەباسـی پیتـە بزوێنەکانیـشدا دیفتـۆنگی ـ وێ ـ بـە پیتی بزوێن لەقەلەم داوە.

وێڕای ئەوەش لە ڕێکخستنا پیتی ( ء ) دەبوایـــە لەســـەر کورســـی دابنایـــە بەمجۆرە(ئ) لەهەموو بارێکدا چـونکە بـەمجۆرەی کـە دایـناوە ـ پـتر بـەلای هـــەمزەی عـــەرەبیا دەشـــلێتەوە، ئەلفباکەشـی کـە بـەم پیتـە دەسـت پێکردووە، دەستخۆشی لێدەکـەین کـە هەر ئەوە ڕاستیەکەیە لە نووسینەوەی ئەلفبای کوردی.

٣ ـ جگـە لـەوەش لەهـەموو دنیـادا مەسەلەی زمان گەورەترین و ئاڵۆزترین

کێشەیە، بۆیە دەبێ هەڵس و کەوت لەگەڵ زمانەکەماندا لە روی سینتاکس و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیەوە لە روانگەی زانستێکی سەردەمەوە بێت، نەوەك هەر زۆر بێ و بۆربێ،، ئەگەر سەرجەم فۆنیمەکانی زمانانی هەموو جیهان ـ ٨٠ ـ هەشتا فۆنیم بێ، هیچ جێی رازی بوون و رالێبون نییە کە سەرجەم فۆنیمەکانی زمانی کوردی بگاتە ـ٤٣ ـ فۆنیم وەك مامۆستا نوسیویەتی.

ئەو پیتانەی کە ئێمە بەکاری دەبەین لە بنجدا هی عەرەبن، کەواتە ئەو دەنگانەی لەوێدانین و لای ئێمە هەن،، گۆڕانکاری بەسەر پیتەکان کە کراوە، وەك (ل، ڵ، ر، ڕ، ڤ، گ، ێ، ۆ)، بەلاّم لە رێکخستندا لەتەنیشت هاوەڵەکەی خۆی ئەبێ دابنرێت، هەر بۆنموونە (ژ) بۆ پێش (ز) بێ یان (ڕ) بۆپێش (ر) بێت، یان (ڤ) بۆ پێش (ف) بکەوێ.

هەروا دەبینین لە زۆرحاڵەتیشدا پیتی (د) دەکەوێتە دوای پیتی (ن) لەشێوەی سلێمانیدا، دالەکە وەك پیتی ـ گ ـ گۆدەکرێت، وەك (توند ئەبێ بە تونگ، مەند دەبێ بە مەنگ، دەربەند دەبێ بەدەربەنگ) ئەمەیان مایەی شێواندن و گۆڕینی دەنگە، نەك (نگ) پیت بێت،(بڕوانە ل١٢٨ ـ نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، دکتور ئەوڕەحمانی حاجی مارف).

لە هەندێ وشەدا (نگ) بنجیە، وەك لە وشەکانی (تەنگ، سەنگ، قەشەنگ، پرشنگ، تفەنگ، دەنگە، شەنگ).

٥ــ دووپاتکردنەوەی پیتێك لەناو وشەیەکدا نابێتە مایەی دروستکردنی پیتێکی تر، وەك ( لل ـ لڵ ) وەك مامۆستا پیشانی داوە لە نموونەکانی (کەللە، زللە، گوللە، بەڕەڵڵا، هەڵڵا)، ئەم پیتانە لەم جۆرە وشانەدا تەنها وێنەی (ل ـ ڵ) یان هەیە، بەلاّم دووبارە بونەتەوە لەبەر پێویستی دەربڕین، بۆیە(لل ـ لل) پیت نین، بەڵکو بەشێکن لە وشە. ل١٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چوارەم / سەرچاوەیەکی تر هەرە پڕ نرخ بۆ ئەلفبای کوردی، کتێبەکەی مامۆستا ـ تۆفیق وهبییە ـ بەناوی رێزمانی زمانی کوردی ــ قواعد اللغة الکردیة ـ کە لەسالی ١٩٥٦ ز

چاپکراوە، ئـەویش پیتـەکانی ئـەلفبای کـوردی بـۆ دوو گـروپ دابەشـکردووە، وەك لەلاپــــەڕە (١٥)ی کتێبەکـــــەدا دەریخـستوە کـە دەڵـێ : ــ پیتـەکانی دەنــگ ـ کەمەبەسـتی ـ پیتــە نەبزوێنەکانـە یـان پیتـە بێدەنگـەکان، (ئـەو پیتـە دانراوانـەن کـە هێمانـە بـۆ دەنگەکان) ئەمانەن :ـ

(( ء ، أ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، ە، و، ھ، ی))

لـــە لاپـــەڕە (١٢) ئـــەڵێ : وەك زانیمـان پیتـەکان هێمـان ـ وێنـەن ـ دانــراون بــۆ دەنگــەکان کــە وشــە پێکدێنن، وە ئەبێ بزانرێ کە لە زمانی کوردیـدا ـ دەنگـی لێکـدراو ـ کـە هەریەکـەی لـە دوو دەنـگ ـ مەبەسـتی دووپیتە ـ پێکدێ، بۆیـە لـە نووسـیندا پیتی لێکدراون، وەك (نژ ـ پەنژ، نـگ، دەنگ، ڵڵ ـ هەڵڵا) لەسـەر نووسـینەکە ئـەڕوا و دەڵـێ : ــ (ژ) شـوێنی (گ) دەگرێتــەوە، وەك (دەنــگ، دەنــژ)، (پــەنگ، پەنــژ) ل١٢ــقواعد اللغــە الكرديـە، لەبـەر ئـەوی ژمـارەی پیتـە بێدەنگـەکان (نەبزوێنـەکان) دەکاتـە سی و چوار پیت.

لێرەدا بەرلەوەی بکەوینـە سـەر باسـی گروپی دوهـەم، واتـە پیتـە بزوێنـەکان دەڵـــێین: ڕێکخـــستن و ڕێزکردنــــی پیتەکان لای مامۆستا تۆفیـق وەهبـی ڕێکولــەبارە، هـــەقی تـــەواوی خـــۆی داونەتی، بـەڵام ئـەویش هـاتووە پیتـی ( ﻋ ) بە تەنها نوسـیوەوە، لەسەرکورسـی دانەناوە، ئەمە لەنگی وکەم و کورتیـە، چونکە نوسنی (ك) بەم شێوەیە نەبێ، ئەوە هەڵەیەکـە لـە پـێش زمـان پەیـدا دەبێ،

جگە لەوەش دووپیتی (پ، ژ )بەرچـاو دەکەون ئـەو دوو دەنگـەش لـە زمـانی کــوردی بــە (س) و (ز) وێنـــەکراون، ئەگەر نووسەران و خوێندەوارانی کـۆن وا ڕاهاتبوون کـە وای بنووسـن، ئێـستا بــاوی ئــەم پیتانــە نــەماوەو زمــانی کوردی زۆر لەوەی تێپەڕاندو و دەمێکە ئـەو کۆسـپ و تەڵـسمانەی ڕامـاڵیوە و لەهەڵدێری ئاخنیون. هەروا نوسیویە و دەڵــێ : ـــ پیتـــەکانی (ح، ع، ق،) لــەزمانی کوردیــدا نەبووینــە، بــەڵکو لەزمانی عەرەبی وەرگیراون، لای کورد

سوکتر گوێیان پێدەکرێ، مامۆستا بۆ سەلماندنی قسەکانی بەڵگەیەکی زانستی یان مێژوویی نەداوە بەدەست، ئەگەر ئەم قسەیەی مامۆستا بەنیسبەت پیتی (ع) ڕاست بێ و کە ڕاستیشە، بەلاّم بەنیسبەت دەنگەکانی(ح، ق) ڕاست نییە، چونکە لە وشەکانی (قوڕ،قەقەز، قولەتێن، بەردەقانی، قۆل، قالۆر، قۆرت، قۆز، بەقەستی (ئەنقەست)، لۆقنتە، قوقە، قالۆ، قۆشمە، لۆق، بۆق، تەوقە، قاشۆ، قان، قاز، قوتی، قومری، قەند،،،هتد، هەروا لەوشەکانی - حوحانێ، حیندرحۆ، بڵح، حەوێزە، حەوێز، ڕەیحانە، وەحە، حەچە، حەککو، حەوا، حوشتر، حەوجە، حالۆر،هتد) چەندەها وشەی تر پیتەکانی (ح)و (ق) بەدیدەکرێت و کورد لەدێرزەمانەوە بەکاری بردوویە. دەتوانین بڵێین لەو کاتەوەی کورد دەستی داوەتە خوێندن و نووسین بە پیتی عەرەبی ئەم پیتانەی بەکار بردووە، چونکە دەنگەکان هەبووینە، وێنەکەشیان بۆ دانراوە لای عەرەب، ئەویش بەکاری هێناون لەزمانەکەیدا بەگوێرەی گونجاو و پێویست.

بەلاّم قسەکەی مامۆستا بۆ پیتی - ع - ڕاستە، چونکە کەم وشەی کوردی هەیە بەو دەنگە، مەگەر وشەکانی وەکو (عارف، عەرد، عەور، عاردانە، لە عۆدی مندا،) ئەو پیتە دەگمەن نەبێ لە هیچ وشەیەکی کوردییدا نییە، بەلاّم ئەو پیتە چونکە چەسپاوە لە هەندێ وشەی ناکوردی - لەناو ئەلفبایەکەی کوردی هەندێك دایدەڕێژن و دەیهێڵێنەوە بەمەبەستی باشیەکەی چاکترە لە خراپیەکەی، بەلاّم بە ڕای من چونکە دەنگێکی ڕەسەنی کوردی نییە، نابێ لەئەلفبای کوردی تۆمار بکرێت، ئەو ووشانەی کە لەتەوتی (ع) ئالاون پاماڵ بکرێن و لەفەرهەنگ دەربهێنرێن، ئەو دەوڵەمەندیەشمان ناوێ بەو هەموو گیرو گرفت و ئاڵۆزییەوە.

لەگروپی دوهەم / پیتە بزوێنەکان - مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەڵێ : -

ـــ ئەو پیتانەن کە یارمەتی پیتە بێدەنگەکان (نەبزوێنەکان) دەدەن، تا بەئاسانی لەزار بێنەدەر، کە ئەمانە:

( ە، ا،ی، ێ، و، وو، ۆ،و)(بـــــۆری درێـژکراوەی سـوك، بـۆری گوشـراوی سوك ) ل١٣ ـ قواعد اللغة الكردية.

ئــەوەی کــە بەرچـاوە لای مامۆســتا، چوار وێنە بۆ پیتی ـ و ـ بەدی دەکرێت (و، وو، و، و)

ـ بەهەرحاڵ تا کورد مابێ میننـەتبار و قـەرزداری ئـەو کەڵـە نوسـەرانەیە وەك مامۆســـتا تۆفیـــق وەهبـــی و ئـــەو رۆشنبیرانەی شەویان لەسەر رۆژداناوە بۆ خزمەتی زمانەکەیان، هـەوڵیان داوە تیـشکی رونـاکی و پێـشکەوتنی بـۆ برەخسێنن، هەر وا لە زۆنگاوی تـەڵخی خنکـان دەربازیـان کـردووەو جڵـەوی کاروانەکەشیان داوەتە دەست نـەوەی نـــوێ و داهـــات، تـــا مـــشتاغی خزمەتکردنەکـــە، گـــوزەر پێبکـــەن و بیماڵنـــەوە، شـــتی لاوەکـــی و زیـــادی لێدەربهاوێـژن، بەهەنـدێ دەسـکاری و شـــتی هاوچـــەرخ و ســـەردەم بـــرەوی پوختـــەکردنی بدەنـــەوە، چـــونکە ئەنجامدانی کارەکەی ئەوان بـۆ کـات و سەردەمی ئەوکات تا ئەوپەڕی گونجاو و لـــەباربووە، هەرچـــەند کـــە کـــەم و کورتیشیان هـەبێ، بـەلاَم وەك مرۆڤـی بەئەمــــەك و چــــیهرە شەوچــــارغ نەکوژاونەتـــەوەو کۆڵیـــان نـــەداوە لەمانەوەو بـەرگری زمانەکـەیان، بـەلاَم لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەرکی ســـەرەکی ئێمەش ئەوەیە کـە ئامـاژە بـە کەنـد و کۆسپانە بـدەین کـە لـە نووسـینەکانی ئەوانـــــدا قوتبونەتـــــەوەو ســـــەریان هەڵداوەتەوە و پێش بەزمانەکە ئەدەن و پێـشی لێـدەگرن لـەڕووی شـکانی کۆسپ و تەگەرەکان.

هەربۆیە بە پێویستی دەزانم کە هەندێ شــت هەیــە دەربــارەی ئەلفبایەکــەی مامۆستا دەریان ببڕم، لەوانە:

١ـ بەلای مامۆستاوە کۆی فۆنیمـەکانی زمانی کـوردی گەیشتۆتە (٤٣) فـۆنیم بە بزوتن و نەبزوێنەوە.

٢ـ هەندێ شتی لاوەکی لە ڕێکخستنی ئەلفبایەکەیـــدا بەرچـــاو دەکـــەوێ، بـــەگوێرەی زانـــستی زمـــان ئەمانـــە زیادەن، وەك پیتی (پ، ژ، ع، نژ، نگ، ڵڵ).

٣ ـ لەهــەڵس و کــەوتی زمانــەوانی کوردیـــــدا زۆردەمێکـــــە بەدەســـــت بـەکارهێنانی پیتـی ـو ـ دەنـاڵێنیێ ، کەچی مامۆستا کێشەکەی پـتر قـووڵ

کردۆتـەوە بـەهۆی دانـانی وێنـە بـۆ - بۆری درێژکراوەی سوك، هـەروا بـۆری گوشراوی سوك، وێنەی هەردوکیشیان بەمشێوەیە - و -).

لــەم دوایيــەدا کــۆری زانیــای کــورد ئـەمجۆرە هێمایـەیان لـە - و - کـردە دەســتورو بــەکاریان هێنــا بــۆ ئــەم وشانەی دیفتنگـی - وێ - یـان تێدایـە، وەك کـە دەیاننوسـی خـوێن - خـون، شــوێن، شــون، گوێــچکە - گوچــکە، خوێڕی، خوڕی، نوێن، نون، دەخەوێ، دەخــەو، سوێــسکە، سوسـکە، جـوێ، جون،، بەڵام لەدواییدا ئەمـەش سـەری نــەگرت و گەڕانــەوە ســەر نووســینە بنجیەکەی.

٤ - هەروا یەکەم پیتی ئەلفبای کـوردی کە بـە ( ء ) دەسـت پێـدەکات، دەبـێ لەهــەموو حاڵــەتێکا لەســەر کورســی دابنرێـت، تەنانـەت لـە وشـەی - نـەو - یشدا .

٥- مامۆستاش وەك هەنـدێ نووسـەری تــر وا تێگەیــشتوون کــە زمــان چــەند پیتی زۆر تر بێ باشە، بەڵام لەڕاستیدا وانیــــە، فۆنیمــــەکانی هــــەر زمانــــێ بەگوێرەی دەنگەکانیەتی، واتا ژمارەی ئــەلف و بێــی هــەر زمانێــك ژمــارەی فۆنیمەکانیەتی، (بڕوانـە لاپـەڕە - ٢٠ - الاملاء فی اللغة الکردیة، د، وریـا عمـر أمین ساڵی - ١٩٨٧ ز.

# مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا

## لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکییە لەبارەی زمانی شیعریی سەباح ڕەنجدەر

نەجات حەمید ئەحمەد

بەشی دووەم

### بەزاراوەکردنی دەربڕینی شیعریی و ڕستەی شیعریی

شاعیر لەسەرجەمی ئەم سێ شیعرەدا گرانایییەکی گەورە و کێشێکی گەورەی دەلالەت بەناو و ئاوەڵناوەکان دەبەخشێت و ناو و ئاوەڵناو دەبنە بناغە و ڕەگەزێکی پتەو و سەرەکی دەربڕینی شیعری لەلای شاعیر، بەزاراوەکردنی تاکەکانی ڕستە و تەنانەت زۆرجاریش بەکارهێنانی ڕستەی زۆر کورت، ئەو شێوازی نووسینە لەلای شاعیر درست دەکات کەسەرجەمی چەند ڕستەیەك لەم ڕستانەدا شوێنی وێنە شیعریەکان دەگرنەوە و تێکەڵییەکی ڕۆحی لەگەڵ ڕستە و شێوازدا دروست دەکەن، ئەو تێکەڵییەی لەگۆڕینی شوێنی ئاسایی وشەکان و گۆڕینی دەوری ئاسایی وشەکانەوە دێتەکایەوە، ئاوڵناو تەنها نابێتە وەسف کردنی ناوەکان، بەڵکو دەبێتە تەواوکەری ناوەکان و توانەوە لەخودی ناوەکاندا. بەپێچەوانەوەش ناوەکانیش بەدەوری خۆیان لە جەستەی ئاوەڵناوەکاندا دەتوێنەوە و

ئـەم خاسـیەتەی نـاو و ئاوەڵناوەکـان لـە دووتـوێی بـەزاراوەکردنی دەربڕینـەوە هاتۆتەکایەوە، بەڕادەیەك وا هەست دەکەین لە زۆر شوێندا بەدوای یەکدا هـاتنی ئـەم جـۆرە رسـتە کورتانـە نـەك تـەنها وێنـەی بچووك و یـەك نـەگرتوو دروسـت دەکەن، بەڵکو زۆر جاریش توانەوەی رستە لە رستەی تردا و لـەجێ لـەق کردنـی شوێنی یەکترەوە پەیوەستێکی تر لە نێوانی خۆیانـدا دروسـت دەکـەن گرینگیـی ئەم شێوازەی دەربڕین هەر لە دوو توێی بەرچاوخـستن و ناسـاندن و خەملاندنی پرسیار و گومان و جێ نەگیر کردن و نەهێشتنی حەسانەوەی زەینی خوێنەرە لە رستەیەك، یان دوو رستە لە وێنەیەکی شیعریدا، بەڵکو لەخوێندنەوەی ئەو بـەدوا یەکادا هاتنەی رستە بەزاراوەکراوەکانەوە. پرسیارەکان و گومان و لێکدانەوەکان لای خوێنەردا دەورووژێنن. مەبەست لەم کاریگەرکردنـە سـەرە ناڕاسـتەوخۆیەش شـڵەژاندنی بـیر و دروسـت کردنـی ئیحایـە لای خوێنـەر نـەك کاریگـەری کردنـە سـەرێکی سـۆزاوی ئـەم شـێوازەش لەبناغـەوە شـێوازی کاریگـەربوون نییـە بـەو دەربڕیینە شـیعرییە حـازر بەدەسـتانەی کـەتاڕادەی تەجرید بـەناخی خوێنـەردا شۆڕدەبنەوە . بەڵکو و دروست کـردن و دۆزینـەوەی رێگـەی نوێیـە لـە کاریگـەر کردنە سەر خوێنەر، یان چاکتر وایە بڵێین لەدروست کردنـی حاڵـەتێکی دەروونـی جێگیر لای خوێنەر ئەمەش هەروەك هەوڵێکە بۆ بەبـەش کردنـی نـاخی خوێنـەر. هەندێك جاریش بۆ ئـەوەی خوێنـەر لـەباری یـەقین و راسـتەوخۆی هـەزم کردنـی واتاکانـەوە دەرکـات و لەناخیـدا شـوێنێك لـەم بـەش بـەش بوونـەی روانینـەکانی بکاتـەوە. ئـەم جـۆرە بەکارهێنانـەی شـێوە و شـێوازی زمـانیش دەرچـوونە لـەو شێواز و رێکخستنانەی شێوە، کە خاسیەتێکی دیارو ناسیاویان هەیە لای زۆربەی شاعیرەکان ئەو رێکخستنانەی شێوەکە تەنها لەهەوڵی ئەوەدان کاریگەری بکەنـە سەر خوێنەر لەسەر حسێبی تەکنیك و شێوازی شیعری پتەودا.

ئەگەر چی شاعیر لەم کارانەیدا بەتەواوەتی نەگەیشتۆتە ئەوەی ئاستێکی تەواوی شـێوازێکی نـوێ لـە شـێوەی ئەزموونێکدا بخاتـە بەردەسـتی خوێنـەران، بـەڵام

لەهەمان کاتدا بە پەرەپێدان و قووڵ بوونەوەیەکی زیاتر لەم شێوازە شیعرییەدا دەتوانێت لەماوەیەکی دیاری کراودا بە بەردەوام بوون و بەگەڕانی بەردەوامی لەم شێوازەدا ئەزموونێکی پتەو بێنێتەکایەوە، بۆ نموونە:

**مانگ زەرتکیەتی**

**ئاوی تاریك**

**چاوی چەپی تریفە**

**گوێی سپێدە**

تێکدانی سیفاتی ئۆرگانی و سروشتی شتەکانە، تێکشکاندنی دەوری ئاوەڵناوەکانە لە پێناسەکردنی شتەکاندا و لەهەمانکاتیشدا بنیادنانەوە و بەخشینی دەورێکی نوێ و دینامیکیەتێکی نوێیە بە ئاوەڵناوەکان، هەروەك ڕەنگدانەوە و دروستبوونی گەڕەلاوژەیەکی دەروونی قووڵ و بەرجەستەکردنی ئەم دەورانە لە دووتۆیی بە نائاسایی کردنی ناسینەوەی خوێنەر و وردبوونەوەی لە شتەکاندا. هەروەك دەزانین لە فەرهەنگی ئەدەبی و شیعری کوردیدا ئەو سیفەتانەی بەمانگ دەبەخشرێ لەسەرجەمدا دەربڕین لە (زەردی و تەنیایی و غەریبی و خەم خواردن) دەکەن، بەڵام ئەم بەکارهێنانەی شاعیر لە تێکشکاندنی دەوری ئاوەڵناوەکەوە دەوری تازە و وەسفی تازە دروست دەبێ هەروەك و چۆن دەزانین مرۆڤ تووشی زەرتك دەبێ:

← مانگ ← نەخۆشی ← زەرتك

← مرۆڤ ← نەخۆشی ← زەرتك

← مرۆڤ // مانگ ← نەخۆشی زەرتك

ئەم واتا و ئاماژەی سەرەوە دروست بوون و هاتنە ئاراوەی واتای نوێیە لە تێك شکاندنی باری ئاسایی دەوری واتاکانی وشە و ئاوەڵناوەکانی لەو کاتەی پەیوەندیی و پەیوەستی نوێ لەنێوان وشەکاندا دروست دەبێت و ڕستەکان

بەرەو بە زاراوەکردن دەچن و ناوەکانیشی دەوری ئاسایی خۆیان لەدەست دەدەن، هەروەك چۆن وشەی مانگیش بەشێوەیەکی ناخەکی لە تێکشکاندێکی دەوری خۆیدا سیفەتی مرۆڤ هەڵدەگرێ، ئەم ڕستەیەش هەروەك و سەرجەمی ڕستەکانی تر داماڵراوە لەکاریگەرکردنە سەری ڕاستەوخۆ وەك دەرچوونێك وایە لەبازنەی لێکدانەوەیەکی ئاسایی و ڕاستەخۆیی شتەکان، بەهامان شێوەش:

**بلوێری زەماوەندی کیژی کپی**

کیژی کپی دەربڕین کردن و وەسف کردنی کیژنییە بە کیژێکی کپ و بێ دەنگ و لاڵ، بەڵکو شاعیر لەم سیفەتە رووکەشەوە سیفەتی شاراوەی تر و ئیحای واتای تر دروست دەکات، وشەی زەماوەند بۆ زۆر بۆنە و مەبەست بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ کیژی کپیدا ئیحای بووکێکی بێ دەنگ وشەرمن بەناوی (کیژ) دەبەخشێت، بەکارهێنانی وشەی (بلوێریش) دەلالەتێکی ناونانی ئاسایی و دەلالەتێکی زەمەنی وسیفەتێکی کوردەواریانە بەم زەماوەندە و بەناوی زەماوەند دەبەخشێت. ئەم واتایانەش ناخەکین و ناتەبان لەگەڵ دەلەلاتی (زوڕنادا) هەروەك چۆن زەماوەندیش ناتەبایە لەگەڵ دەلالەتی شایی هەروەك و چۆنیش زاراوەی کیژی کپی ناتەبابە لەگەڵ دەلەلاتی بووکێکی مات و بێ دەنگ:

**بلوێر # زوڕنا**

**زەماوەند # ئاهەنگ ، شایی**

**کیژ # بووك**

**کپی # شەرمن ، بێ دەنگ**

هەروەك دەبینین دەلالەتی وشە لە کاتێکدا تێك شکاندنی دەوری وشەیە لە ڕستەدا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دروست کردنی مانای ناخەکیی تر و مەودایەکی ترە، وشەکان هەروەك لە گەڕانێکی تردان بەدوای دۆزینەوەی دەلالەتی تر و واتای تر و پەیوەستی تر لە نێوان وشە و نواندندا، لەدووتوێی بەکارهێنانێکی مەجازیی قووڵدا. یان ڕستەی بەزاراوە کراوی:

**پەلك گوللە**

بۆی هەیە بەچەند لێکدانەوەی جودابکرێتەوە کەلەسەرجەمدا توانا و دەسەڵاتی وشە دەردەخەن لە رستەدا و ئەم ئەگەرەی بەزاراوە بوون پەیوەندی نێوان دوو وشە کە ئەو لێکدانەوانە دێننە ئاراوە بۆ نموونە:

١ ـ پەلك ← قەوان
گوللە ← فیشەك — قەوانی فیشەك

٢ ـ پەلك ← توێکڵ
گوللە ← خر — توێکڵی خر

٣ ـ پەلك ← گەڵا
گوللە ← بچووك — گەڵای بچووك

بەم شێوەیە لەزۆر ئەو ڕستانەی بەکاری دێنی. شاعیر هەناسەیەکی درێژی توانای زمانەوانی لە بەکارهێنانی و وشەکاندا دەتەقێنێتەوە، ئەو توانایەی تەنها یەك لێکدانەوەیەك واتای ڕستە تێپەڕ دەکات و تەنها بەزاراوە کردنی رستەکان ئەم ئیمکان بوونەی واتاکان دێننە ئاراوە و بەرەو قووڵایی و تێڕامان و فۆرمەلەکردنی واتای تر دەچێت. ئەم توانایەی زمانیش گەمەیەکی مەجازی و خواستن و شوبهاندن ئامێزە . هەروەکو چۆن تێك شکاندن و جێ گۆڕکێ پێ کردن و جێ نەگیر بوونی وشە و دەلالەتەکانە لە ڕستەدا. لە سەرجەمیشدا سیمای رووکەشی ئەم بەکارهێنانەی ناو و ئاوەڵناوەکان تەنها ئیحای وێنەی ترمان لەلادا دروست دەکەن و وێنەی ئاسایی باری شتەکان تێپەڕ دەکەن و ئەو وێنانەش لە زەینماندا دەکەنەوە. ئەمەش لە پەیوەندییەکی شاراوە و ناخەکیدا بەرجەستە دەبێت کە لەسەر ئاستی رستە و توانای بەزاراوە بوونیدا دروست دەبێت.

**بەهار گۆشتی خاك شلە**

**هاوین ئەنگوستیلەی تۆزە**

**زستان پردی بەفرە**

**پایز گەردەلوولی کەڕە**

ئەگەر بێتو لەم وێنە شیعرییە بەهێزەدا وشەکان لە یەکتر جودا بکەینـەوە و هـەر رستەیەك لەگەڵ رستەکەی دوای خۆت جووت کـەین. لـە ئەنجامـدا رێکخستنێکی زانستیانە وبنیاد نەرانەی زمانەوانیی سەیرمان لەلادا دروست دەبێت، گونجانێکی هاوبابـەتی و هاوشـێوەیی و لێکچووی یـەکگرتوومان لا دروسـت دەبێـت. بـەبێ ئـەوەی لـە توانـادا بێـت تـەنها پیتیکی لێ کـەم کەینـەوە، بێگومـان ئـەم بـەکار هێنانـەی رسـتەش ئێـستێتیکای بنیادگـەریی وێنـە و رسـتەیە هـەروەکو چـۆن دەرهاوێشتنی دەلالەتی نوێیە.

بەهار گۆشت ....ی ← خاك ← شل ← ە

هاوین ئەنگوستیلە ...ی ← تۆز ← ە

زستان پرد ... ی ← بەفر ← ە

پایز گەردەلوول ....ی ← کەڕ ← ە

لێرەدا هەردوو وشەی (گۆشت ـ خاك) هەردووکیان ناون، بەڵام لەهەمان کاتیـشدا کاتێـك ئاوەڵناوێکیـان بـەدوا دادەنێـت کـە ئـەویش (شـل)ەیـە. هەرسـێ وشـەی (گۆشـتی خـاك شـلە) ئاماژەکردنـە بـۆ خواسـتنی سـیفەتێکی مرویـی بـۆ خـاك، هـەروەك ئـەوەی نـاوی بـەهار تـەنها ئامـاژە بـۆ کردنێکـی زەمـەنی بـێ و بـەس. لەواتایەکی رووکەش و مەجازیدا (گۆشـتی خـاك شـلە) دەبێتـە ئامـاژە کـردن بـۆ نەرمی و ناسکی لاشە و شوبهاندن و لێك چوواندێکی سیفەتی مرۆڤ بە خاك:

خاك = گۆشت

بەهار= مرۆڤ

گۆشت / مرۆڤ ← خاك / بەهار

گۆشتی مرۆڤ ← خاکی بەهار

جگە لەمانەش سەرتاپای شیعرەکان پڕن لـە بـەکارهێنانی نـاو و ئاوەڵنـاوی لـەم بابەتە و دروست کردنـی واتـای تـری لـەم بابەتـە، بـۆ زیـاتر روون کردنـەوە ئـەم نموونانە دێنینەوە بەرچاو :

خوێنی خەوتوو ← ناو + ئاوەڵناو

یاریزانێکی مەنگۆلی ← ناو + ئاوەڵناو

گیای گومڕا ← ناو + ئاوەڵناو

زەوی باڵق بوو ← ناو + ئاوەڵناو

ددانی زەرد ← ناو + ئاوەڵناو

هەروەك چۆنیش دەتوانین لیستێکی تریش بەو ڕستە بە زاراوە کراوانە نیشانی خوێنەر بدەین کە بە پێچەوانەوە پێك دێن لە ئاوەڵناوێك ئینجا ناوێك.

چۆلایی ئاو ← ئاوەڵناو + ناو

ئاشقی ئاو ← ئاوەڵناو + ناو

هەروەك چۆنیش دەتوانین لیستەی تر بە (ناو + ناو) و (ئاوەڵناو + ئاوەڵناو) دروست بکەین و لەسەرجەمیشدا ئەم بەزاراوە کردنە هەمیشە پەیوەستە بە سروشتەوە، هەروەك ئەوەی شاعیر ویستبێتی بوونی شتەکان لە درێژبوونەوەی بوونی مرۆڤەوە بنوێنێت. وەك یەك گرتنێکی ڕوحی نێوان سروشت و مرۆڤ.

ئەم وردبوونەوەی لە خودی زمان و لە شێوەی ناو و ئاوەڵناوەکان و لێك چواندن و خواستن و شوبهاند و مەجازی مرۆڤ بە سروشتەوە و سروشت بە مرۆڤەوە. گەڕانەوەییەك نییە بۆ خودی سروشت وەك خۆدامالینێك لە کاریگەرە دەرەکییەکانی سەر مرۆڤ. بەڵکو توانەوەیەکی روحی و نزیکبوونەوەیەکی ڕوحی و فیزیکی بوونی مرۆڤە لەگەڵ بوونی سروشتدا، هەروەك لێکچوواندنی دوو سیفەتی بوونی دژ بەیەك لەپێناوی ئامادەکردنی خاسیەتی زیندوو. ئینجا بەخشی سروشت و روحی سروشت لە ئامادەبوونی روحی روانینی خۆی، هەروەك دەرهاوێشتنێکی سیمانتیکی نوێ وەك پێداچوونەوەیەکی تر بەشتەکاندا، بە مەبەستی یەك گرتنەوە و دروست کردنی ئیحاییەك گرتنەوە لە ناخی شتە دژبەیەکەکاندا، چونکە لە پشتەوەی بەدوای یەکدا هاتنی هەردوو خاسیەتی (سروشت و مرۆڤ) و ( مرۆڤ و سروشت) لە پێشەوەی دەرك پێ کردن و ناسینەوەی ئەو جیهانەی کە مرۆڤ بە هەموو بوون و هەست پێ کردنەکانیەوە

لەبوونی شتەکاندا ئامادەبوونێکی کامڵی خۆی بەرجەستە دەکات و خود لەبارەی کاتی روانینی کاتی دەردەکات. بەمەش سروشتی هەوێنی دروست بوونی هەست کردن بەخەم و گۆشەگیری و خەم رەوینی نییە، بەڵکو سروشت هەوێنی جووڵە و بزووتنەوەی ناخی مرۆڤە لە چوارچێوەی مانەوە و مردندا، دروستکردنی ئەم پردانەیە کە تەبایی و گونجان و یەکگرتنەوە لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات لە گەشتەکانیدا بەنێوگیانی شتەکانەوە. هەروەك لەدایك بوون و مردن سیفاتی زەمەنەکان لە ژیانی مرۆڤ و بەدوای یەکدا هاتنی وەرزەکاندا، جگە لە مانەش بەزاراوەکردنی ڕستە شیعرییەکان هەمیشە بنیادێکی بچووك کراوەی بابەتێکی گەورەی شیعرمان بۆ ئاشکرا دەکەن. لە هەندێك جاریشدا ئەم وێنانە بۆ یەکەی زۆر بچووکتریش دەگۆڕێن و بەبێ ئەوەی پەیوەستێکی راستەوخۆ و ئاشکرا لە نێوانی ئەم وێنە و ئەم بەزاراوەکردنانەی بابەت بانگێشە بۆ تاقە لێکدانەوەیەکی بابەتی شیعری بکەن و شیعر نەخشە داربکەن، چونکە وێنەکان وەك رەنگدانەوەی ناخێکی یەك نەگرتوو ئەمیان ئەوی تریان دادەماڵێ، ئاماژەیەك، ئاماژەیەکی تر لەناو دەبات. ڕستەیەك جێ بەڕستەیەکی تر لەق دەکات، وشەیەك وشەیەکی تر ئاوەژوو دەکات و لەبری ئەم داماڵین و جێ پێ لەق کردنانەش واتای تازە و یەك گرتنەوەی ئیحای تازە لەدایك دەبن، زۆرجاریش ئەم رستانە دەبنە پەراوێزی ئەو بابەتانەی شیعرەکانیان تەنیوە و جاریش هەیە هێز و دەسەڵاتێکی ناڕاستەوخۆ بەدەربڕین دەبەخشێ.

جگە لەم خاسیەتەی کە رێکخستنی ناو و ئاوەڵناوەکان دەیبەخشیتە دەسەڵاتی رستە لە دەربڕیندا، شاعیر بەشێوەیەکی جودا و جیاواز دەچێتەوە سەرخودی ناوەکان، هەر وەك وشەکانی (منداڵ ـ ئاو ـ خەون ـ ماسی ـ مردن ـ ژیان ... تاد) ناو لەزۆربەی بەکارهێنانەکانیدا ئاماژەی جودا و بەش بەش دەگرێتە خۆی.

میراتی ئاو ← ئاماژەکردن بۆ ← بەردەوامبوونی

گەشتی ئاو ← ئاماژەکردن بۆ ← حەسانەوەی دەروونی

چۆلایی ئاو ← ئاماژەکردن بۆ ← بزربوونی بێگەردی

ئاشقی ئاو ⟵ ئاماژەکردن بۆ ⟵ هەڵبژاردن

نەك هەر ئەم ئاماژە بۆ کردنانەش، بەڵکو وشەی (ناو) ئەگەر بەواتا ئاساییەکەی لێکی دەینەوە لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی پێش خۆیدا ئەوا هەمدیسان دەلالەت و ئاماژە بۆ کردنی جودای ترمان لەلادا دروست دەبێت.

ئەم ڕوانینە جوداو ئەم دەورە جودایانەی شاعیر بەناوی دەبەخشێت لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو لاستیکیەت و ئەو درێژبوونەوە گونجاوانەی وشەیە لەرستەدا، شاعیر زۆرجار لەم بەکارهێنانەدا رستەکان لەو فرمانانە دادەماڵێت کە بۆیان هەبێ جووڵە و بزووتنەوە و گۆڕان و تێك دان و بنیادنان بەرستەکان ببەخشن. بەڵکو هەندێك جار ناوەکان و هەندێك جاریش ئاوەڵناوەکان بەهۆی پاشگرێکەوە، یان بەهۆی پیتێکی بزوێنەوە ئەم دەورە دەبینین، ئەمەش هەر لە دوو توێی بەخشینی دەورێکی گەورە ترە بەدەسەڵاتی ناو و ئاوڵناوەکان و ئەگەر و توانای بەزاراوەبوونیان لە شێوەی رستەیەکی چڕکراوەدا، هەروەها لە پێناوی رێگە گرتن لە بەردەم رستەکاندا کەمانای چەسپاو و باو و ئاسایی بگرتە خۆیان، چونکە مەبەست لەم بەکارهێنانە، قووڵ بوونەوە و ناساندن و بەخشینی دەورێکی تازەیە بە وشە و جێنەگیر کردنی واتاکانە و بەرجەستە کردنی دۆزینەوەی جیهانی شاراوەی ترە لە وشەکاندا.

**ناونانی شتەکان، وروژاندنی شتەکان**

مەبەستی شاعیر لەکردنەوە و دەرخستنی سیمای نوێ و دەرهاوێشتنی نوێ لە خودی وشەدا و لەخودی شتەکانەوە ناونانی شتەکانە بە سیفەتی وروژاندن و شڵەقاندنی واتا جێگیرەکانی ئەو ناوانەی کە مرۆڤ بەدیاردە و بۆچوونەکانی لە جیهاندا بەکاریان دێنی. ئەو گەڕانە بەردەوامەی شاعیرە لەتوانای نواندن و دەسەڵاتی ئاڵۆگۆڕپێ کردن و دەوڵەمەندکردنی وشەکان، لەمەشەوە گەڕانەوەی کرانەوەی ئاماژە بۆ کردنی ناوەکان لە پێناوی دۆزینەوەی جیهانێکی شاراوەی ترە لە دەلالەتی وشەکانەوە. ئەویش بەورد بوونەوە و وستانی جودا جودا بەدیار

ناونانی شتەکانەوە وەسف کردنیان نەك ئاوەڵناو، بەڵکو ئەو ناوانەی زۆرجار سیفاتی وا دەگرنە خۆیان لە رستەدا کە زۆر لە ئاوەڵناوەوە نزیکن.
لەکاتێکدا شاعیر حاڵەتێکی نائاسایی وشەکانمان بەرچاو دەخات. دەیەوێت ئەو راستییانە دەرخات کە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵیاندا دەژیت و هەست بە بوونیان ناکات، وەك سارێژکردنێکی ناخەکی و بەدواداخستن و پاش خستنێکی وا کە حەسانەوە لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەکەن. بۆ نموونە ئێمە هەموومان دەزانین دەمرین، بەڵام قەت لەژیانماندا دان بەم حەقیقەتە نانێین وەك بیرێکی چەسپاو لە ژیانی رۆژانەماندا کە ئامادەبوونی کاریگەری خۆی هەبێت و هەر بۆیە ئەو ڕاستییانەی ئامادەبوونی بنەڕەتی و سیمای چارەنووسیان هەیە لەلای شاعیر بەشێوەیەکی ترسناك ئاگاداری هۆش و هەست و دەرك پێ کردنمان لەم بارەیەوە دەورووژێنێ. لەوکاتەی ئەو پێش وەختە باری شتەکان دەورووژێنێ بەناونانیان، لەبەر ئەمەش دووبارە بوونەوەی وشەی مردن و ژیان لە تەنها دوو وێنەی شیعری و لەقاوغ گرتنی ناساندنەکانی ئەم دوو وشەیەی کە چارەنووسی مرۆڤن (٢٦) جار لەدوو وێنەی شیعری جەخت کردن و بەرجەستە کردنێکی فەلسەفەیی ئەم دوو وشەیەن، کردنەوەی پرسیاری خەمە گەورەکان لەناخی خوددا هێنانەوە بیری بارە تراژیدی و درامییەکانە لە خوددا، ئەو راستیانەی کە بەناونانیان سیفەتی تاك و تەرایی و یەك روویان هەیە و لەبارەی کاریگەرکردنە سەریشیدا بوونیان جیهانێکی گەورە ڕاڤەدەکەن چ بە بەکارهاتنی ناوە هاودژکان و چ بە بەکارهاتنی سیفەتە تەباکانی پێناسەی ئەو ناوانە و بەکارخستنیان لە دەوری نوێ و شیکردنەوەی نوێدا. لە وشە و ناوەکانیش زۆر جار چەند دەلالەتیکی جودا دەدەنە دەستەوە. لە هەموو بەکار هێنانەکانی ناوناندا شاعیر پێناسەیەکیان پێ دەبەخشێت. وەك نزیك بوونەوەك و دەرك پێ کردنێك و دروست کردنەوەیەکی نوێ لە بنیادی دەلالەتی وشە و ناوەکاندا و زۆر جار دەبینین شاعیر کاری بەدیاردە کردنی ناوەکان ئەنجامدەدات، لە هەوڵدانێکدا بۆ گۆڕینی دەوری ناوەکان، هەروەك ئەو رستەیە:

**هەفتە پایتەختی ئاسنینی ساڵە**

لەم رستەیەدا، جگە لەوەی ناوی هەفتە دەلالـەتێکی زەمـەنی هەیـە، لـە هـەمان کاتیـشدا بـە پێناسـەکردنی هەفتـە ئاماژەیەکـە بـۆ بـە ناوەنـدی بـوون و بەیـەك گرتنەوەیـەکی زەمـەنی. هـەروەك ئـەوەی رۆژەکـان شـاری جـودابن و لـە رۆژی هەینیدا یەك دەگرنەوە. لە هەمان کاتیشدا هەفتە وەسفێکی زەمەنی بـەردەوام و لەناو نەچووی رۆژێك لە رۆژەکانە.

یان شاعیر کارێك ئەنجامدەدات، بە پێناسەکردنی رۆژەکـانی هەفتـە لـە دووتـوێی کێشەیەکدا، کە سیماکانی زۆرجودان و بارەکانی ئەم کێشەیەش جودان:

شەممە بیرناکەینەوە

یەك شەممە ← دەرگا داخراون

دووشەممە ← بەڵەخانەیەکی ناسکە

سێ شەممە ← پیرەمێردێکی ئاشقە

چوارشەممە ← بایەکی شێدارە

پێنج شەممە ← یەك پارچەگڕە

هەینی ← نامەیەکی ترسناکە

لێرەشدا ئەو وەسفانەی کە شاعیر بـە رۆژەکـانی هەفتـەی دەبەخـشێت هـەروەك ئەودەلالەتە و ئەو وردبوونەوە ئەفسانەییە کۆنانەی کە کاریگەری زەمـەن لەسـەر چارەنووسی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن وایە. ئەگەر رۆژەکان وەك دەلالەتێکی کاریگـەر وەرگرین لە دووتوێی ئەگەر و توانای بەکێشەکردنی مرۆڤ و لـە دووتـوێی ناونـانی بەکێشە کردنی ژیانی مرۆڤ ئەم ئاماژانەمان لادا دروست دەبێت.

١ ـ شەممە ← ئاماژە کردنە بۆ ← حەسانەوە لە کێشەکەوە

٢ ـ یەك شەممە ← ئاماژە کردنە بۆ ← سەرەتای چوونە ناوکێشەکەوە

٣ ـ دووشەممە ← ئاماژە کردنە بۆ ← گومڕایی بوون لە کێشەکە

٤ ـ سێ شەممە ← ئاماژە کردنە بۆ ← گرفتاری بوون لە کێشەکە

٥ ـ چوارشەممە ← ئاماژە کردنە بۆ ← نزیك بوونەوەی کێشەکەیە

٦ ـ پێنج شەممە ⟵ ئاماژە کردنە بۆ ⟵ چوونە ناخی کێشەکەیە
٧ ـ هەینی ⟵ ئاماژە کردنە ⟵ بۆ ئاگاداری کردنەوەیە لە کێشەکە

هەروەك سەرنج دەدەین گونجانێکی شێوەیی سەیر لە سەرجەمی بەدوای یەکدا هاتنی کێشە و ڕۆژەکاندا هەیە بە پێی ئەو سیفەتانەی ئاماژە لە بەکێشەکردنی ڕۆژەکان دەکەن. هەروەك چۆن دوای شەممە یەك شەممەیە هەر ئاواش دوای حەسانەوە لە کێشەکان، دەچینە ناخی کێشەکانەوە و لەمەترسییەکانی ئەم کێشانەوە ئاگادار دەکرێینەوە. هەروەك چۆنیش دەتوانین واتای تریش جگە لەواتای زەمەن دروست بکەین هەروەك ئەو ئیحایانەی ڕۆژەکان لە مێشکماندا، لە بیرکردنەوەماندا دروستیان دەکەن لە گومڕایی و نزیك بوونەوە و ئاگاداری کردنەوەدا....تاد، ناوەکان لێرەدا چیتر لە قاوغی بەکار خستنی ئاسایی خۆیاندا نامێنێتەوە، بەردەوام دەبنە ناوەندی ڕاکێشان و چڕکردنەوە، شل کردن و فراوان بوونەوە، لەگەردوونی دەلالەتەکاندا جگە لەوەش شێوازی دروستکردنی وێنەی لەم بابەتە لەلای شاعیر هەروەك کەرەستەیەکی زیندوو وایە بۆ لەت لەت کردنی بابەتەکانی دەق، ئەمەش بەو ڕێگەیە دروست دەبن، کە لەشێوەدا نزیکە لە شێوەی بە فەرهەنگ کردنی دەربڕین و هەندێك قاڵبی زمانەوانی قورئانی پیرۆز هەروەك بەکارهێنانی وشەکانی (التین ، الزیتون ، النجم ، الکواکب ، الحیاە ..... الخ).

جگە لەمانەش سەرجەمی ئەم بۆچوونانە لە وردبوونەوە لە ناوەکاندا، خاسیەتێکی بابەتیمان بۆ دروست دەکەن، هەروەك چۆن ئەم وێنەیەی سەرە و بنیادی بابەتێکی شیعریی کاملمان لادا دروست دەکات. ئەم قاڵب و شێوازە زمانەوانیانە هەمیشە ئەو ڕێگە و ئەو تەکنیکیە زۆر گرنگانەمان بەرچاو دەخەن کە بۆ دۆزینەوەی دەربڕینی نوێ و بۆ فراوان کردنی ڕوانینی شیعریی نوێ و هەناسەی درێژدا بەکار هێنراون.

**وەسف و پێناسەی ڕاستەوخۆ**

ئەم قالبە بنیادە شیعرییانەی کە هەندێك لە ڕستەکانی شاعیر دەکرێتەوە. تەنها

ئـەو نـاو و ئاوەڵناوانـە دەگرێتـەوە کـە بـە (ی) ی پەیوەنـدی یەکـەم وشـەی رستەکەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی رستەکە بە پیتی (ە)ی بزوێن کۆتایی بـە ڕستەکە دێتن لـە خوێندنـەوەی ئـەم جۆرە رستانەشـدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەخۆ لەوە دەگەین کە مەبەست لەم قاڵبە زمانەوانییانە وەسف کـردن و پێناسـەکردنی ئەو ناو ئاوەڵناوانەیە کە رستەی دوای وشـە وەسـف کـراوە کـە وەك ڕاگەیانـدنی بارێکی وشە کە دەکەوێتە بەرچاو و یەکسەر ڕستەکە وەك پێناسـەیەکی وشـەی خواستراومان دێتە بەر چاو، لـە زۆربـەی ئـەم بـارەی رسـتەدا شـاعیر مەبەسـتی راسـتەوخۆی دروسـت کردنـی بـاری بابەتیانـەی وێنـەی شـیعرییە و لـە هەنـدێك حاڵەتی تریشدا هەوڵی داوە واتای ئاسایی وشەکان مەسخ کـات بـە تایبـەتی ئـەو ناو و ئاوەڵناوانەی وەسفیان دەکات.

خەیاڵ ———— دڕندەێك ——— ی ——— بە بەزەیی ——— ە

هەفتە ———— پایتەخت ——— ی ——— ئاسنینی ساڵ ——— ە

خەیاڵ ———— پرچ ——— ی ——— شەپقەیەکی ئەستوور ——— ە

هەروەك دەبینین ڕستەکان لەفرمان داماڵراون، تەنها نـاو و ئاوڵنـاو و بەیارمـەتیی (ی) ی پەیوەندی و پیتی (ە)ی بـزوێن ئەگـەر و توانـای دروسـت بـوونی واتاکـان دێننە ئاراوە، ئەگەر بێتو لەهەر ڕستەیەکی لـەم بابەتـەدا ئـەو دوو پیتـەی (ی – ە) دەرکەین دەبینین رستەکان لە ماناکانیان دادەماڵرێن، لێرەشدا نەك هەر تەنها ناو و ئاوەڵناوەکـان دەوری سـەرەکیان هەیـە لـە دروسـت کردنـی واتـادا، بـەڵکو پیتەکانیش دەبنە بناغەیەکی پتەو لە دروست کردنی واتاکان ئەمەش ئـەو دەورە گرینگەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە شـاعیر بـە پیتـەکانی دەبەخـشێت هـەر لـەم ڕستانەش چەندین ئیحای جۆراو جۆری شـێوە و واتامـان لادا دروسـت دەکـەن. هەروەك ئەو تابلۆ شێوەکارانەی کە جیهانێکی کامڵ لـە روانینـدا دەکەنـەوە، بـۆ نموونە: رستەی یەکەم ئیحای واتا، رستەی دووەم ئیحای واتـا و ڕسـتەی سـێیەم ئیحای شێوەمان لادا دروست دەکەن.

**وەسف و پێناسە ناڕاستەوخۆکان**

ئـەم جـۆرە بەکارهێنانـەی پێناسـە کردنـی نـاو و ئاوەڵناوەکـان، خاسـیەتێکی سـەربەخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان هەیـە، ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوانی نـاو و وسـف کردنـی ناوەکانـەوە، واتـە ئـەو ڕستەیەی دوای ناوەکـان دێـت لـە پەیوەسـتێکی ناڕاستەوخۆدا دەبن، لە شێوەی ناوهێنانی شتێك وەڵامی شتەکەدا دێتە کایـەوە. بێگومان فرمان لـەم ڕسـتانەدا بـزرە، هـەر تـەنها ئیحـای شـێوە و ئیحـای واتـا و ئاماژەکـان پەیوەسـتێك لـە نێـوان وشـەکان و رسـتەی دوای وشـەکاندا دروسـت دەکەن. ئـەگینا لـەم وەسفانەی ناوەکانـدا هـەموو پەیوەسـتێکی راسـتەو خـۆ و هەموو بەیەك گەیشتنەوەیەکی راستەوخۆ بزر دەبـن. لـە سەرجەمیـشدا وێنـەکان هـەروەك تابلۆیـەکی شـێوەکار دەکەونـە بەرچـاو کـە تـەنها ئیحـای شـتەکان پەیوەندی نێوانیان دروست دەکەن

سروود

درۆی پفدراو ــــــــــــ ئاماژە کردنە بۆ پڕوپاگەندەکردن

ئیحای واتا

پیاو

هاوینی دەریا ــــــــــــ ئاماژە کردنە بۆ سیفەت بەخشین

ئیحای واتا

دیوار

گەمارۆی جوانی ــــــــــــ ئاماژە کردنە بۆ شاردنەوە

ئیحای شێوە + واتا

باخچە

دیلی باڵندە ــــــــــــ ئاماژە کردنە بۆ بەند کردن + قەفەس

ئیحای شێوە + واتا

سنوور

لوولی مار ــــــــــــ ئاماژە کردنە بۆ پێچ خواردن

ئیحای شێوە

لەم نەخشەیەدا روونە ئەم بەكارهێنانەی وەسف و پێناسەی ناوەكان تەنها لە پەیوەستێكی شاراوەی ئیحائی و شێوەییدا و تەنها لە وەسفێكی مەجازیدا.

بنیادی نوێ لە جەستەی واتادا دەكەنەوە، ئاماژەكردن لە زماندا وەك ڕەگەزێكی بناغەیی بنیادی دەقەكان بۆی هەیە بە چەندین شێوەی نەزانراو و نابـاو دروست بێت. چونكە ئیحای ئاماژە بۆ كردنی شێوەكان و ئیحای ئاماژە بـۆ كردنمان لادا دروسـت دەكـات. سـنوور هـەروەك لەنەخـشەدا دەبینـرێ لـوول دەبـێ و پـێچ دەخواتەوە، ئەم سیفەتەی شێوەی سنوور دەچێتەوە سەر شـێوەی مـار كـە لـە لـوول خـواردنێكی بەردەوامدایـە، یـان گـەمارۆی جـوانی دروسـت بـوونی ئیحـای ئاماژەكردن دێنێتەكایەوە، هەر بەم شێوەیەش رستەكانی تر ئـەم توانایـەیان لـە ئەسـتۆنراوە. لـە هـەموو ئـەم پێناسـانەی وشـەكاندا، ڕسـتە وەسـف كـەرەكان هەروەك شێوازی ڕستەی بەزاراوە كراوە دەكەونە بەرچـاو، لـەم كارەشـدا شـاعیر توانایەكی گەورەی بـەكار هێنـا بـۆ كـورت كردنـەوەی ڕسـتەكان و چـڕكردنەوەی دەلالەتەكان و ئاماژە بۆ كردنەكان، تاڕادەی بە زاراوە بوون و بەئیـدیۆم بـوون و بە پەند كردن و حیكمەت كردنی ڕستە هەر ئەم سیفەتەش وای كـردووە زۆر جـار وێنە شیعرییەكان وەك تابلۆیەكی شێوەكاری هونەری خۆیـان دەرخـەن كـە فـرە شێوەن، هەر ئەم خاسیەتەش وردبوونەوەیەكی هەستی زۆر قـووڵ بـە ڕسـتەكان دەدبەخشێت، كاتێك دەبینین ئـەو ڕسـتانەی دەربـڕین لـەباریك، یـان لەزەمـەنێك دەكەن دەسەڵاتیان بەسەر بابەتەوە دەشـكێ و بابـەت شـیدەكەنەوە، هـەر ئـەم بەش بەش بوونەی بابەت و شێوازیش ئەوە ئاشكرا دەكـەن كـە شـاعیر بـە بـیری پێش وەختەی بابەتەوە بەرەو شیعر ناچێ و ئەم بـەش بـەش كردنـەی بابـەتیش زۆر جـار دەلالـەت و وتاكـانی بـوونی خۆیـان هەیـە لـە دەروون و بیركردنـەوە و بنیادی سایكۆلۆژی شاعیرەوە لـەكاتی نووسـیندا، جێنـەگیر بـوونی بابەتـەكان و بەش بەش كردنیـان و بـچووك كردنـەوە و شـیكردنەوەی شـێواز، وای پێدەچێت شـایەتێك بـن بـۆ بـاری كەسـایەتی شـاعیریش، نـەك بـە واتـای ژیـانی شـاعیر و

کاریگەری لەسەر دەق، بەڵکو دۆزینـەوەی بـاری کەسـایەتی لـە دەقـدا و بنیـادی دەقدا سەرجەمی ئەم ڕوانین وردبوونەوە بابەتی شێوازانەی شاعیر دەردەبڕین لە ژیانێکی بەش بەش و دابڕانێکی قـووڵ و دژ بەیـەك بـوونێکی قۆناغـەکانی ژیـانی شاعیر و جێنـەگیر بـوونی ڕوانینێکی گشتگیری شـاعیرن بـۆ جیهـانی دەرەوە و وسف کردنی جیهانی دەرەوە. ئەو دۆزینەوە و ئـەو بەیـەك گەیـشتنە مەعریفییـە نەچەسپاوانەی تاڕادەیەکی چاك زەینـی شـاعیر بـەش بـەش دەکـەن لـە دروسـت کردنی بنیادی واتایەك بۆ پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە، بەڵام ئەگەر بێت و ئەم کاریگەرە دەرەکییانەی سەر خودی شاعیر مـەرجێکی پـێش وەختـەبن لـە پرۆسەی نووسیندا، شاعیر بۆچی نەیتوانیوە شیعر و شێوازی شـیعر لەسەداسـەد بکاتە ئاوێنەی ژیانی خۆی بۆچی هەموو کاتێـك شـاعیر ئـەم ژیانـە ئەوەنـدە چـڕ دەکاتەوە؟ بۆچی دەربڕین ئەوەندە چڕ دەکاتەوە کە زۆر جار پەیوەستی بابەتی و شێوازێکی یەکگرتوو بزر دەبێت لە کاری شیعریدا؟

لەراسـتییدا ئـەم کاریگەرییانـەی دەرەوەی دەق لـەلای شـاعیردا هاوتـان لەگـەڵ شێوازێکدا لەگەڵ بابەتێکی شیعریدا کـە بـەردەوام بـوون و سـەقام گیرنـە بـوونی شاعیر ئاشکرا دەکەن لـە بنیادنـانی دەقـدا، هـەر ئـەم خاسـیەتەش وای کـردووە شـاعیر بـەرەو ئـەو بنیادانـە بـچێت کـە گـەورەترین یـەك گرتنـەوە و گـەورەترین تەبایی لەگەڵ ناخی خۆیدا و لەگەڵ شـیعردا بێنێتـە ئـاراوە، ئـەو بنیادنانـەی کـە لەپێناوی دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی دەربڕیندا بە دوایاندا دەگەڕێ، ئەو تـەبایی و سەقام گیرییەی کە لەتوانایدا بێت ئـەم ئامـادە بوونـە مەزنـەی شـیعر لـەناخی شاعیردا بدۆزێتەوە، گەشتەکانی شـاعیر لـە زمانـدا، لـە ڕەگـەزەکانی دەلالـەت و ئاماژە بۆ کردن و بنیادنانی ڕستە و دروسـت کردنـی واتـادا، گەشـتەکانی شـاعیر بەدوای شـێوازدا لەکـەف و کـوڵێکی بـەردەوام دایـە، لەشـێوە گـۆڕین و ئـاڵوگۆڕ پێکردنێکی بەردەوام دایە. ئەگـەر چـی ڕەگـەزەکانی ئـەم شـێوازەی کـە شـاعیر بەکاری دێنێ هەموویان لەشیعردا نوێ نین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەرجەمی ئەو ڕەگەزانەی بەکاریان دێنێ، ڕەنگدانەوەی سەرەتایەکن لە دۆزینەوەی شـێوازێکی

نوێدا. کە گرنگترین خاسیەتیش هەوڵدانی شاعیرە بۆ تێك دانی ئەو بەربەستانەی کە لەنێوان دەربڕین کردن و زمان و بیردا قیت دەبنەوە. ئەمەش پەیوەندی بە بەخشینی دەورێکی باڵانییە بە زمان، یان بابەت، چونکە دەقەکان دەربڕین لە هەردوو دەسەڵات دەکەن و هەریەکە و بەپێی بەکارخستنی دەسەڵاتی خۆی و توانای تایبەتی خۆی لە دەقدا، بەڵکو کارکردنی بەردەوامی شاعیرە لە بەخشینی دەورێکی گەورەتر و ئاستێکی گەورەترە بە دەسەڵاتەکانی زمان و واتا.

**بە پەند کردن و ئیدیۆم کردن و بەحیکمەت کردنی ڕستەی شیعریی**

هەر لەدووتوێی چڕکردنەوەی ڕستەی شیعریدا، شاعیر زۆرجار سنوور شێوازی ئەو دەربڕینانەی زمان وەردەگرێت کە لەپەند و ئیدیۆم و حیکمەتێکەوە دەلالەتێکی چڕ و واتایەکی چڕ دەبەخشن، شاعیر زۆر جار ڕستە دەکاتە شێوازی پەند و ئیدیۆم و حیکمەت، ئەم ڕستانەش لەو ساتانەدا بەکار دەهێنرێت کە هەروەك کرانەوەی واتای وێنەکان ڕوون کردنەوەیەکی قووڵی فەلسەفە بەرستە شیعری دەبەخشن، ئەگەر وردببینەوە لەم ڕستە شیعرییانەی شاعیر دەبینین تەنها ڕستەیەك ناکەوێتە بەر چاومان کە قووڵاییەکی سیمۆ لۆژیی تێدا نەبێت، شاعیر وەستانەکانی لە ڕستەدا هەروەك بەسەر کردنەوە وپێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی دەوری وشەکان لەبەخشی دەلالەت و ئاماژە و دروست کردنی ئیحادا. ئەم ڕستانەش کە سیمایەکی تری شێوازی شاعیر و خاسیەتێکی تری شێوازی زمانەوانیی شاعیرن زۆر نزیکن لەو دوو جۆرە رستانەی کەباسمان لێوەیان کرد وەسفی ناوێك، پێناسەی ناوێك دەنووسین و زۆر جاریش وەسف و پێناسەی ئاوەڵناویش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەڵناو لەجەوهەردا ناسینەوە و وەسف کردنی شتەکانە.

هیچ ڕوونەدان دلێرترین شاسواری سەرزەمینە ــــــــ پەند

ئاو لەباوەشی خاك نەبێ نازانێ بخەوێ ــــــــــــــ پەند

ماسی بەدبەخترین گیاندارە چێژ لە ئاو وەرناگرێ ــــــــــ حیکمەت

خەون هێزی ڕزگارکەرە لە ژیان ———— ئیدیۆم + حیکمەت

مردن دەتگەیەنێتە خەون ———— ئیدیۆم

ژیان چ مۆمێکە باران دایدەگیرسێنێ ———— حیکمەت

ژیان بریتییە لە ساکاری و ئاڵۆزی ———— پەند + ئیدیۆم

بیرکردنەوە بازرگانییەکی بەهاتە ———— حیکمەت

تیشك دزێکی ڕاهێندراوە ———— ئیدیۆم

باخچە ژنی ژێری ماڵە ———— ئیدیۆم

ئەگەر لەباری ئەمە ڕستانە وردبینەوە بە تایبەتی شوێنیان لە دەقدا دەبینین لە دووتۆیی چەند ڕستەیەکی تردا بەکار هێنراون، ئەو ڕستانەش هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرا لە نێوان ڕستەکە و ڕستەی دوای خۆیان و پێش خۆیانەوە دروست ناکەن، بەڵکو بنیادی وێنەی شیعری و مەرجی دەق و شێوازی دەق. ئەم پەیوەست بوونە و ئەم توانا بوونە توانای ئەم ڕستانە دێنێتە کایەوە. ئەگەر سەرنجێك بدەینە هەندێك لەم بەکارهێنانەی وشەکانی (ژیان ـ خەون) دەبینین خەون نەك بە مەبەستی ئاسایی خەون بینین بەکارهێنراوە، بەڵکو بەمەبەستی خۆداماڵین بەکار هێنراوە لەو بارانەی خود دەخەنە ژێر ڕکێفەی کاریگەر بوون و چەشتنی باری سەپێنراوی واتا ناخۆشەکانی ڕستە، لەهەمان کاتیشدا پەیوەست بوونی بە ژیانەوە دەبێتە ئەو هێزەی کە دەسەلات واتایەکی ئەزەلی بە واقیعی ژیانی خود دەبەخشن. تەنها هەر خەوێکی ئەدەبی دەتوانێت ئەم بەردەوامی و دووبارە بوونەوە و بەش بەش کردنەی ناخی مرۆڤ کپ بکات، لە پێناوی گەیاندنیان بە ئاستی داماڵین و لەناوچوون، ئەم دوو سیفەتەی داماڵین و لەناوچوون، حەسانەوەی خودە لەو واتایانەی دەلالەت لە دەست بەرداری بوون و کۆتایی پێ هێنانی کێشەکانی خود دەکەن، هەر بۆیە بەرامبەر بە ژیان لە ئاماژەکردن بۆ خەونەوە، ئاماژەکردنە بۆ (مەرگ) دێتە ئاراوە (مردن دەتگەیێنێتە خەون) هەربۆیەش ئەو پەیوەستانەی لە نێوان (مەرگ ـ خەون)دا دروست دەبن لە واتای جەوهەرییانەوە لە ئیحای دەلالەتەکانیانەوە نزیکی یەکن، ئەویش

خۆداماڵینە لە هەموو پێگیرییەكی زەینی و خۆسەپێنەر هەروەك:

**خەون هێزی رزگاركەرە لە ژیان**

**نەمردنی سەرەتایە**

**نە ژیانی كۆتایی**

لێرەدا (خەون ـ مەرگ) هاودەلالەتن لە دەربڕین كردن لە یەك حاڵەت

**خەون ـــــ مردن**

**ژیان**

**خەون # ژیان**

**خەون ـــــ مردن**

# گرنگی وکاریگەریا تیپا (ڕ) دناڤ دیالێکتا کرمانجیا ژووریدا

محەمەد ساڵح پێندرۆیی( جگەرسۆز)

هەڵبەت (ڕ) چ د وارێ پەیڤین وئاخفتنێدا، چ د وارێ نڤیسین وداڕێتنێدا، چ د بابەتێن ڕێزمانیدا، گرنگی وکارتێکرنا خۆ هەبوویە و هەیە، ژبەرکو د زۆر رەوش وسەروبەراندا هەکە نەهاتە بکارئینان یان ژی نەهاتە بلێڤکرن، دبیتە ئەگەرێ گۆڕینا رامان وتێگەهـ (مفهوم) ا پەیڤێ و، هەڤۆك (جملە) هەمی دهێتە شێواندن، لەوڕا زۆرا فەرە ئەڤ تیپە ل دەم و جهێ خۆ بهێتە بکارئینان و نەهێتە پشتگوهانڤە هاڤێتن، نەمازە ئەو پەیڤێن کو ب چ ئاوایەکی نابیت (ڕ) تێدا ببیتە(ر). راستە د هندەك رەوش وسەروبەراندا (ڕ) هەکە ببیتە(ر)چ ژ مەبەست و رامانا پەیڤێ یان هەڤۆکێ ناگۆڕیت، مینا وان پەیڤێن ب تیپا (ر) دەستپێدکەن،بۆ نموونە" رەنی..رەز.. رەڤەند..رازی...تاد). لێ د هندەك پەیڤ و هەڤۆکاندا هندقاسی یا گرنگ وکاریگەر،ب تڤاڤی رامانا وێ پەیڤێ یان هەڤۆکێ دگۆڕیت، بۆ نموونە (کەڕ) دێ بیتە(کەر)، ڤێجا ئەم دێ دناڤ میناکێن خارێدا تیپا (ڕ) دیار وعەیان کەین، پاشی دێ ژ(حەفتێ) شەلینین وکەینە(ر)ا سادە، دا د هەر دوو رەوشاندا ببینین کا چ کاریگەری هەیە و چەوا ( حەفت ) رامانا پەیڤێ و هەڤۆکێ ب تڤاڤی سەروبن دکەت:

١- دڕ:

- دڕ: هار، تیژ: سەیێ مە یێ (دڕ)ە(راستە). سەیێ مە یێ (در)ە (چەوتە)

– دڕ:خودان بها و قیمەت. کوردستان (دڕ) و مەرجانـە(راستە). کوردستان (در) ومەرجانـە( چـەوتە)چـونکی (دڕ) بوویە (در).

لێ هەکـە پـەیڤا – در– دروست بکاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانکو: (جـه، شـوین، مـەکان). ئـەڤ (در)ە چەندا خۆشە!

٢– پڕ:

–پڕ: تەژی، تـژی، مشت: کو جام (پڕ) بوو دێ ڕژییێت(پ)، (راستە). کو جام (پر) بوو دێ ڕژییێت(چەوتە)چونکی(پڕ) بوویە(پر).

–پڕ: زۆر، هـەژی، دەلال، جوان، بەرکـەفتی: کوردستان پڕ جوانـە(راستە). کوردستان پر جوانە(چەوتە).

لێ هەکـە پـەیڤا – پـر– دروست بکاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانکو: (پـرە، پـرد، کەلـەك، جـسر) : (پـر)ا دەلال یا ل بازێڕێ زاخۆکێ.

٣– گڕ:

– گڕ: ئـاگر، تـێهن، گـوڕی: ئـەو چ (گڕ)ە بەر بوویە تـە؟(راستە). ئـەو چ (گـر)ە بـەر بوویەتـە؟(چـەوتە)چـونکی(گـڕ) بوویە(گر).

– گڕ: بەروڤاژی حلوی: ئەڤە بـەرەکێ (گڕ)ە(راستە). ئەڤە بەرەکێ (گر) ە،( رامانا وێ دێ هێتـە گۆڕین و دێ بیتـە مەزن).

لێ هەکـە پـەیڤا – گـر– دروست بکاربینین، دوو رامان هەیە ئانکو:

١–مەزن: بەژنا ڤی زەلامی یا (گر)ە

٢– (گرك): ئەڤ (گر)ە چەندێ مەزنە.

٤– بڕین:

– بـڕین: قـەتکرن، پارچـەکرن: نابیت دارێن تەڕ بهێنە بـڕین(راستە). نابیت دارێن تەڕ بهێنە برین(چەوتە)، چونکی بڕین بوویە(برین).

– بـڕین: تێپـەڕین، گـاڤ هـاڤێتن: مـە بەرەف سـەرخۆبوونێ قویناغێن بـاش بـڕین(راستە). مـە بـەرەف سـەرخۆ بوونێ قویناغێن باش برین(چـەوتە)، چونکی بڕین بوویە(برین).

لێ هەکـە پـەیڤا – بـرین– دروست بکاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانکو: ( زام، جهـێ کـول، جهـێ برینـدار): چـێدبیتەڤە(بـرین) ا خەنجـەرا، چێنابیتەڤە (برین) ا خەبەرا.

٥- چڕا:

- چڕا: چما، بۆچی، ژبەرچی: چڕا ئەم هەڤناگرین ؟!(راستە).( چرا ئەم هەڤ ناگرین؟!(چەوتە)چونكی(چڕا بوویەچرا).

لێ هەكە پەیڤا - چرا- دروست بكاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانكو: لەمپە، بلوور:

-خویندن و زانین (چرا)یە.

٦- گەڕ:

- گەڕ: جار، هەڵ، نۆبەت: ڤێ (گەڕ) ێ هاتا كوردانە(راستە). ڤێ (گەر) ێ هاتا كوردانە (چەوتە)، چونكی گەڕ بوویە(گەر).

لێ هەكە پەیڤا - گەر- دروست بكاربینین، رامانا خۆ هەیە، ئانكو:( هەكە، ئەگەر، هەگەر): " گەر دێ هەبوویا مە ئیتیفاقەك

**ڤێكڕا بكرا مە ئینقیادەك**

**تەكمیل دكر مە دین ودەولەت**

**تەحسیل دكر مە عیلم وحیكمەت"(خانی).**

٧- كەڕ:

- كەڕ: گوه نەبیس، گوهگران، چ نەبیس، كەڕنویس: بلا بەس بیت (كەڕ)ی ولالی، هەتا كەنگی بڤی حالی؟!(راستە). بلا بەس بیت (كەر)ی ولالی، هەتا كەنگی بڤی حالی؟!(چەوتە) چونكی (كەڕ) بوویە (كەر)!!

لێ هەكە پەیڤا - كەر- دروست بكاربینین، دوو رامان هەنە ئانكو:( گوهدرێژ، نیڤەك).

١- گوهدرێژ: (كەر) ۆ نەمرە هەتا پیڤێر تێت(پ).

٢- (كەر)ەكی بخۆ نانەكێ بكە خێر.

٨- كڕیار:

- كڕیار: كڕندە، بكڕ: ئەز(كڕیار)ێ خانییێ عەلی مە(راستە). ئەز(كریار)ێ خانییێ عەلی مە(چەوتە)چونكی (كڕیار)بوویە(كریار).

لێ هەكە پەیڤا - كریار- دروست بكاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانكو( كردار، عەمەل): هزار گۆتن قوربانی (كریار)ەكێ بن(پ).

٩- نێڕین:

- نێڕین: مەیزەكرن، تماشاكرن، مێزدان، هەمەتەكرن، هێڤدان، سەحكرن، بەرێخودان: فەرە هویر ب(نێڕین)ە دیرۆكا گەلێ خۆ(راستە).

فـەرە هـویر ب(نێـرین)ە دیرۆکـا گـەلێ خـۆ(چـەوتە) چـونکی (نێـڕین) بوویـە (نێرین).
لێ هەکـە پـەیڤا – نێـرین– دروسـت بکـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە ئـانکو( ڕەگەزێ نێـر، بـەرۆڤاژی مـێ). هـژمارا مـرۆڤێن نێـرین ل وەلاتـێ مـە ژ یـا مرۆڤێن مێییە کێمترە.
١٠– زاڕی:
– زاڕی: زارۆك،بچووك، بچویك، منداڵ: مـن شـەش زاڕی هەنـە(راسـتە). مـن شـەش زاری هەنـە (چـەوتە)، چـونکی زاڕی بوویە زاری.
لێ هەکـە پـەیڤا – زاری– دروسـت بکـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە ئانکو(زارڤەکرن، لاسایی): نابیت مـرۆڤ زاری مامۆستایێ خۆ ڤەکەت؟
١١– بۆڕی:
– بۆڕی: لویلە: ئاڤا دناڤ(بـۆڕی)یانـدا، ژ ئاڤـا جۆکـا پاقـژترە(راسـتە). ئاڤـا دنـاڤ(بـۆری) یانـدا، ژ ئاڤـا جۆکـا پاقـژترە(چـەوتە)،چـونکی (بۆڕی)بوویە(بۆری). لێ هەکـە پـەیڤا – بـۆری– دروسـت بکـاربینین، دوو رامان هەنە:
١– ئـانکو(دەربـازبوو، تێپـەڕی). خەمێن (بۆری) ژ بیرکە.
٢– ئانکو(بەخشی، عـەفیکر). نـازێ ل گونەها ئازادی (بۆری).
١٢–گۆڕین:
– گـۆڕین: بـەدلکرن،گوهارتن: ب تەکنـەلۆژیایێ ڕێـڕەوا ژیانـا مـە هاتـە گـۆڕین (راسـتە). ب تەکنـەلۆژیایێ ڕێڕەوا ژیانا مـە هاتـە گـۆری(چـەوتە)، چونکی(گۆڕین بوویە گۆرین).
لێ هەکـە پـەیڤا – گـۆرین– دروسـت بکـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە ئـانکو( بـۆری، دەربـاز بـووی): فـەرە مینـا مێرخاسێن (گۆرین)ێ ئەم خۆ قوربانی وەلاتی بکەین.
١٣– کویڕ:
– کویڕ: چەمیای، خوار: کو مرۆڤ پـیر بوو دێ (کویڕ)بیت،(راستە). کـو مـرۆڤ پـیر بـوو دێ (کـویر)بیـت،(چـەوتە)، چونکی کویڕ بوویە کویر.
لێ هەکـە پـەیڤا – کـویر– دروسـت بکـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە ئـانکو( کوور، قوڵ):دوژمنی بیرەکا (کویر) بـۆ مە کۆلی، لێ ب خۆ کەفتە تێدا.
١٤–بەڕك:

– بەڕك: بەڕە، جۆرە رائێخەكە:
(بەڕك)ا خۆ ل دیف پی یێ بابێ خۆ
درێژ بكە(پ )، (راستە). (بەرك)ا خۆ
ل دیف پی یێ بابێ خۆ درێژ
بكە(چەوتە)، چونكی بەڕك بوویە
بەرك.

لێ هەكە پەیڤا – بەرك– دروست
بكاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانكو:(
بەرێ كچكە) :فەرە زەڤی یا چاندنێ ژ
(بەرك)ا بهێتە بژارەكرن.

١٥– گڕك:

–گڕك: جۆرەكێ هرمی یێ یە:
(گڕك)ێن كوردستانێ ل پائیزێ
چێدبن(راستە). (گرك)ێن كوردستانێ
ل پائیزێ چێدبن(چەوتە)، چونكی
گڕك بوویە گرك.

لێ هەكە پەیڤا – گرك– دروست
بكاربینین، رامانا خۆ هەیە ئانكو:(
زینیك، گرێ بچویك). عەردێ
كوردستانێ زۆر گرك لێهەنە.

١٦– ستڕین:

–ستڕین: زڕینا كەری: (ستڕین) ا
كەری یا نەخۆشە(راستە)، (سترین) ا
كەری یا نەخۆشە(چەوتە) چونكی
ستڕین بوویە سترین.

لێ هەكە پەیڤا – سترین– دروست
بكاربینین، دوو رامان هەیە ئانكو:
سترین:شێلان : هەڤیرێ باش نەهێتە
سترین نابیتە نان.
سترین: ستران چڕین، ستران گۆتن:
ئەمێ بۆ ئازادیا كرودستانێ ب سترین.

١٧–كەڕك:

– كەڕك: هژیرا نەچێبووی، هژیرا
نەگەهشتی: (كەڕك) ا هژیرێ یا
نەخۆش و بێ تامە(راستە). (كەرك) ا
هژیرێ یا نەخۆش و بێ تامە(چەوتە)،
چونكی كەڕك بوویە كەرك.

لێ هەكە پەیڤا –كەرك– دروست
بكاربینین، رامانا خۆ هەیە، ئانكو(
پارچەیەك، كەرەك، لەتەك): مرۆڤێ
كرمانج ب خۆت (كەرك)ێن نانی،
باشترە ژ پەلاڤا ئاغای.

١٨ – هەڕی:

– هەڕی: تەقن، كوڕ، ئاخا تەڕبووی:
هەكە بۆ باران دێ بیتە
هەڕی(پ)،(راستە)، هەكە بۆ باران دێ
بیتە هەری،(چەوتە)، چونكی هەڕی
بوویە هەری.

–لێ هەكە پەیڤا –هەری– دروست
بكاربینین، رامانا خۆ هەیە، ئانكو:(

هـەر و هـەر، هـەرە) خانـدن كـارەكێ هەری باشە.

١٩-تێڕاكرن:

تێڕاكـرن: نـاڤڕاكرن، برنەتێـدا: مـە مـشارێن بـاغی خـۆ ئێـك ئێكـە شـتل تێڕاكرن،(راستە). مـە مـشارێن بـاغی خـــۆ ئێــــك ئێكــــە شــــتل تێراكرن،(چـەوتە).چـونكی (تێڕاكـرن) بوویە (تێڕاكرن).

لێ هەكـە پـەیڤا -تێراكـرن- دروسـت بكـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە، ئـانكو:( بەسـكرن، بەشـكرن، تێراهـاتن): ئـەو شتلێن مە بۆ باغی ئینای تێراكرن.

٢٠ – تۆڕە:

– تـۆڕە: عـاجز، سـل، زیـز، كـز: (تـۆڕە)بـوون پـشێمانییە،(راسـتە)، (تـۆرە)بـوون پـشێمانییە،(چـەوتە)، چـونكی (تـۆڕە) بـوون بوویـە (تـۆرە) بوون.

لێ هەكـە پـەیڤا -تـۆرە- دروسـت بكـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە، ئـانكو:( ئـــەدەب، وێـــژە: تـــۆرێ كـــوردی ب هەڵبەستێ یێ دەوڵەمەندە.

٢١ – تویڕە:

– تـویڕە: تـۆڕە، سـل، زیـز، كـز: مـــرۆڤ نابیـــت زوی ب زوی تـــویڕە ببیـت،(راسـتە). مـرۆڤ نابیـت زوی ب زوی تـویرە ببیـت،(چـەوتە)، چـونكی تویڕە بوویە تویرە.

لێ هەكـە پـەیڤا -تـویرە- دروسـت بكـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە، ئـانكو:( شڤك، تـایێن زراڤـێن دارێ): (تـویرە) یێن تەڕ دكەنە تریانك.

٢٢- گۆڕ:

– گـۆڕ: تـرب، قـەبر، زیـارەت: (گـــۆڕ)ێ ســـەلاحەدین ئـــەیووبی ل دیمەشـــقێ یـــە،(رســـتە). (گـــۆر)ێ ســـەلاحەدین ئـــەیووبی ل دیمەشـــقێ یە،(چەوتە)، چونكی گۆڕ بوویە گۆر.

لێ هەكـە پـەیڤا -گـۆر- دروسـت بكـاربینین، رامانـا خـۆ هەیـە، ئـانكو:( پـەی، دیـف) (گـۆر)ەكـی گـروڤێن دیرۆكێ ئەم گەلەكێ خۆڕاگرین.

# مۆرفیمی /– ە/ لەڕێزمانی کوردیدا

د.ئـومێد بـەرزان برزۆ
کۆلیژی پەروەردەی خانەقین

پێشەکی:

مـۆرفیمی /– ە/ لـەزمانی کوردیـدا ڕۆڵێکـی دیـار و بەرچـاوی هەیـە، بۆیـە زۆربەی ڕێزماننوسـان لـەمۆرفیمی /– ە/ دواون‌و گرنگیـان پێـداوەو هەریەکـەیان ئەرکێك یان زیاتری لەئاستی وشەسازی یان لەئاستی ڕستەسـازی یـان لەهـەردوو ئاستەکەدا خستۆتەڕو، ئەم بابەتەش هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوە و قسەکردن لەسـەر ڕۆڵـی مـۆرفیمی /– ە/ لەهــەردوو ئاسـتی وشەسـازی و ڕستەسـازی لــەزمانی کوردیدا، چونکە ئەم مۆرفیمە لە وشەسـازیدا ڕۆڵێکـی دیـاری لەداڕشـتنی وشـەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، هەروەها لەڕستەسـازیدا چالاکانە کاردەکات، بەتایبەتی لـەڕووی چـۆنێتی کـارکردن‌و تایبـەتێتی لێکـدان‌و بەستنی بەشەکانی ڕستەدا.

بەشی یەکەم// مۆرفیمی /– ە/ لەئاستی وشەسازیدا:

مۆرفیمی /– ە/ لەوشەسازیدا دو ئەرکی سـەرەکی دەبـینێ لـە داڕشـتنی وشـەی نوێدا، ئەمانەن:

ا– دەبێتە پاشگر (Suffixes) بـۆ داڕشـتنی وشـەی داڕێـژراو، بـەم یاسـایانەی خوارەوە:

١– ناوی سادە + پاشگری /– ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

شـەوە، دەسـتە، ئـاگرە، پـشتە، خـشتە، گـورزە، مـشتە، خـەڵوزە، هـەنارە، پـشتێنە، خەرمانـە، بەنـدە، تـەنورە، برینـە، ئـاوازە، کۆمەڵـە، بـەرە، ئاسمانـە،

بازنە، بەرگە، جەرگە، باغە، لەرە، خڵتە، هەریسە، واژە، ژاڵە، ئاوێزە، مەرگە، سماقە، گەوە، ...تاد.

٢- ئاوەڵناوی سادە + پاشگری /- ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

خراپە، چاکە، ڕاستە، سەوزە، چەوتە، ناسکە، خۆشە، تەختە، جوانە، گەشە، چەپە، درۆزنە، پوختە، ...تاد.

٣- ڕەگی کردار + پاشگری /- ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

تاسە، کۆکە، پژمە، ڕێژە، جوڵە، پرسە، تەقە، لەرزە، لەرە، دزە، گیرە، بێژە، بەستە، پێچە، خوازە، ...تاد.

٤- ژمارە + پاشگری /- ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

سەدە، چلە، حەوتە، هەزارە، پەنجە، ...تاد.

٥- چاوگی سادە + پاشگری /- ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

دانە، لەرزانە، وێرانە، هێلانە، پێوانە، ...تاد.

٦- ناوی سادە + پاشگری /- ە/ = ئاوەڵناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

هاوینە، زستانە، پاییزە، بەهارە، سەرە، ...تاد.

٧- قەدی کردار + پاشگری /- ە/ = ئاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

گوتە، گەستە، سپاردە، پەستاوتە، خواردە، پەستە، بواردە، قەلاشتە، دیتە، بووە، کردە، بردە، کوشتە، بژاردە، ...تاد.

٨- ناوی سادە + پاشگری /- ە/ = ناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

بنە، بەرە، ژێرە، سەرە، ...تاد.

٩- ئاوەڵناوی سادە + پاشگری /- ە/ = ئاوەڵناوی داڕێژراو، بۆ نموونە:

پیسە، خڕە، ڕەقە، ...تاد.

ب- دەبێتە ناوبەند (Interfixes) بۆ داڕشتنی وشەی لێکدراو، بەم یاسایانەی خوارەوە:

١- ناوی سادە + ناوبەندی /- ە/ + ناوی سادە = ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:

بەردەنوێـژ، گوڵەگـەنم، مانگەشـەو، چـەرمەگا، گوڵـەباخ، دەڵـەورچ، گـەردەمل، دەمــەداس، گۆڕەپــان، هەورەتریـشقە، گیـسکەنێر، بوکەشوشــە، دەمەشــێر، چەپکەگوڵ، کلکەبێڵ، شەرەپشیلە، چەرمەگا، کورەئاغا، بێچوەورچ، شـەرەژن، توتکەسەگ، جاشەکەر، نێرەکەر، نێرەکەو، نێرەورچ، دەڵەسەگ، ...تاد.

٢- دوپاتکردنەوەی ناوێکی سروشتی بەیاریـدەی ناوبەنـدی /- ە/ بـۆ دارشـتنی ناوێکی لێکدراو، بۆ نموونە:

قرچــەقرچ، گڤــەگڤ، جیڕەجــیڕ، ملــچەملچ، چەقەچــەق، بۆڕەبــۆڕ، لورەلــور، گرمەگرم، لەرزەلەرز، تەقەتەق، جوڵەجوڵ، دەنگەدەنگ، قاسپەقاسپ، ناڵـەناڵ، هاژەهاژ، قیژەقیژ، منجەمنج، منگەمنگ، ...تاد.

٣- نـاوی سـادە + ناوبەنـدی /- ە/ + ئاوەڵنـاوی سـادە = نـاوی لێکـدراو، بـۆ نموونە:

مێرگەســور، کێلەســپی، ماڵەهــەژار، مــەڕەکێوی، بــەردەڕەش، ســەرەڕەش، پردەسور، ...تاد.

٤- ئاوەڵنـاوی سـادە + ناوبەنـدی /- ە/ + نـاوی سـادە = نـاوی لێکـدراو، بـۆ نموونە:

ڕەشــەبا، تــەڕەپیاز، گەنـدەمو، شـۆڕەبی، سـەوزەگیا، مزرەسـێو، تاریکەشـەو، جوانەمەرگ، زەردەمار، شەنگەسوار، شەکرەسێو، سورەگوڵ، ...تاد.

٥- ناوی سادە + ناوبەندی /- ە/ + ناوی سادە = ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:

پشتەسەر، پاشەقەلە، پاشەڕۆژ، بنەماڵ، ...تاد.

٦- ناوی سادە + ناوبەندی /- ە/ + ڕەگی کردار = ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:

دەستەسڕ، بەردەنوس، گورگەزێ، ...تاد.

٧- نـاوی سـادە + ناوبەنـدی /- ە/ + ئاوەڵنـاوی سـادە + پاشـگری /- ە/ = ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:

ئاگرەسورە، مێوژەڕەشە، هەنارەتورشە، مامەخەمە، جاجکەتاڵە، ...تاد.

٨- ناوی سادە + ناوبەنـدی /- ە/ + ئاوەڵنـاوی دارێـژراو + پاشـگری /- ە/ =

ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:
شێرەبەفرینە، شێرەدارینە، ...تاد.
٩- ناوی سادە + ناوبەندی /- ە/ + ڕەگی کردار + پاشگری /- ەر/ = ناوی لێکدراو، بۆ نموونە:
شیرەخۆر، سەرەخۆر، ...تاد.
١٠- ناوی سادە + ناوبەندی /- ە/ + ناوی سادە = ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نموونە:
ئەسپەژن، پایزەبرا، ...تاد.
١١- ئاوەڵناوی سادە + /- ە/ + قەدی کردار = ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نموونە:
کۆنەپەرست، ...تاد.
١٢- ئاوەڵناوی سادە + /- ە/ + ناوی سادە = ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نموونە:
شۆڕەژن، بۆرەپیاو، شەنگەگیا، کورتەباڵا، پیرەمێرد، بۆرەدەوڵەمەند، گێلەپیاو، ...تاد.

بەشی دووەم// مۆرفیمی /- ە/ لەئاستی ڕستەسازیدا:

هەروەها مۆرفیمی /- ە/ لەڕستەدا کۆمەڵێ ئەرکی سینتاکسی دەبینێ، ئەمانەن:

١- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی ناسراوی:

ئەم مۆرفیمە /- ە/ وەك مۆرفیمی /- ەکە/ ڕۆڵی ناسراوکردنی ناوەکە دەبینێ، بەلاّم کەمتر چالاکە کە لەئاخاوتندا بەکاردەهێنرێ، بۆ نموونە:
ژنە نانی بۆ ئامادەکردووین.
باوکی کچە بەپەلە خۆی کرد بە ژووردا.
تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆرفیمە:
سنوری بەکارهێنانی مۆرفیمی /- ە/ی ناسراوی بەرفراوان نییە، بەڵکو لەدەڤەرێك یان پتر بەکاردێ.
تاکێتی ناوەکە دیاریدەکات.

ئاساییە، کە دوادەنگی ناوەکە نەبزوێن یان بزوێن بێ(١)، بۆ نموونە:
کوڕە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچو
جووە کۆڵەکەکەی دانا
دێیە خاپورکرا
ئەم مۆرفیمە وەك مۆرفیمی /- ەکە/ هەمیشە دەچێتە کۆتایی فرێزەوە، بۆ نموونە:
کچە وازمان لێناهێنێ
دایکی کچە وازمان لێناهێنێ

٢- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی بانگکردن (بانگهێشتن):
بانگهێشتن کە حاڵەتێکی تایبەتی دەربڕینی ناوە لەهەندێ زماندا، وەك حاڵەتێکی جیاکەرەوەی مۆرفۆلۆژییانە بەدی دەکرێ‌و چۆنێتی دەبڕینێك دەستنیشان دەکات، ئەم مۆرفیمەش لەگەڵ ناوی تاك‌و کۆی نێرو مێ بەکاردێت، بۆ نموونە:
کچە وریا بە.
کچینە وریا بن.
کوڕە وەرە ماڵەوە.
کوڕینە وەرنە ماڵەوە.
تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆرفیمە:
کاتێ مۆرفیمی /- ە/ دەچێتە سەر ناوێکی گشتی کۆو بەمەبەستی بانگکردن بەکاردێت، ئەو کاتە نیشانەی کۆ (ان) دەبێتە (ین)، بۆ نموونە:
کوڕان وەرن ⟵ کوڕینە وەرن.
کچان وەرن ⟵ کچینە وەرن.
کوڕینە/کچینە کوردستان ئاوەدان بکەنەوە.
ئەو ناوانەی بەمۆرفیمی /- ە/ی بانگکردن کۆتاییان هاتوە، گەر دەرخەر

بەدوایاندا بێت، ئەوا مۆرفیمی /- ە/ ئەرکی دەگۆڕێت بۆ مۆرفیمی /- ە/ یان /- ی/ی خستنەسەر(٢)، بۆ نموونە:

مامە     مامە جەمال، مامی دڵسۆز، مامی باوکم ....

خاڵە     خاڵە هیوا، خاڵی دایکم، خاڵی ئازیز ...

خوشکە     خوشکە نەسرین، خوشکی باوکم ...

کردەی بانگکردن هەمو ناوێکی تایبەتی مرۆڤو هەندێ ناوی گشتی تایبەت بەمرۆڤ دەگرێتەوە، بانگکردنی مرۆڤ بەناوی تایبەتی خۆی ئاوازی دەربڕین دەینوێنێ و دیاریدەکات، بەڵام هەندێ لەو ناوە گشتیانەی ڕەگەزی مرۆڤ (نێرومێ) لەسیما واتاییەکانیاندایە، وەك لەزمانی کوردی - زاری سلێمانیدا چەند مۆرفیمێکی بانگهێشتن دەچنە کۆتاییانەوە لەگەڵ ئاوازی دەربڕیندا چەمکی ئەم کردەیە دەنوێنن، بەڵام لەبچوککردنەوەی ناوی تایبەتیدا، ناوەکە لە بڕگەیەك یان زیاتر لەگەڵ مۆرفیمی بانگکردنی /- ە/ بۆ نێرو مێ پێکدێ، بۆ نموونە:

بلە، حەمە، قالە، عەزە، سمە، پشتە، فاتە، پەرە، کەژە، ....تاد.

مۆرفیمی /- ە/ گەر لەکۆندا بۆ تاکی نێر بوبێت، ئەوا ئێستا لەگەڵ هەندێ ناوکی تاکی مێدا بەکاردێت، بۆ نموونە: دایکە، کچە، خوشکە، نەنکە، ....تاد.

٣- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی کاتی ئێستا(٣):

ا- مۆرفیمی /- ە/ بەشداری لەداڕشتنی کرداری ناتەواوی (بوون) دەکات، ئەمەش لە سێ جۆر بەکارهێنانی جیاوازدا دەبینرێت، ئەمانەن:

١- بونی بونایەتی (کینونە).

٢- بونی هەبون (تملك).

٣- بونی هەیی (وجود).

هەریەکە لەم جۆرانەش بۆ سێ کاتی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لێرەدا تەنها کاتی ئێستای ئەو کردارانە دەستنیشان دەکەین، کە ئەم مۆرفیمە بەشداری لەداڕشتنی کردارەکانیاندا دەکات.

کرداری بوونی بوونایەتی بۆ ئێستا: لەم شێوەیەی کرداردا تەواوکەرو ڕەگی ڕانەبردووی کرداری (بوون)و مۆرفیمی کاتی ئێستا و جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم (دەستەی ڕێککەوتن) بەشداری لەداڕشتنی کردارەکەدا دەکەن، بۆ نموونە:

**لێکۆڵینەوە**

| ڕستە | بکەر | تەواوکەر | ڕەگی کردار | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| من زیرەکم | من | زیرەك | Ø | Ø | م |
| تۆ زیرەکی | تۆ | زیرەك | Ø | Ø | ی |
| ئەو زیرەکە | ئەو | زیرەك | Ø | ە | Ø |
| ئێمە زیرەکین | ئێمە | زیرەك | Ø | Ø | ین |
| ئێوە زیرەکن | ئێوە | زیرەك | Ø | Ø | ن |
| ئەوان زیرەکن | ئەوان | زیرەك | Ø | Ø | ن |

٢- کرداری بونی هەبوون بۆ ئێستا: لەم شێوەیەدا تەواوکەرو مۆرفیمی خاوەنداریو ڕەگی ڕانەبردوی کرداری (بوون)و مۆرفیمی کاتی ئێستاو جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەشداری لە داڕشتنی کردارەکەدا دەکەن، بۆ نموونە:

| ڕستە | بکەر | تەواوکەر | جێناوی لکاو | م.خاوەندار | ڕەگی کار | ناوبڕ | م. ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من پارەم هەیە | من | پارە | م | هە | Ø | یـ | ە |
| تۆ پارەت هەیە | تۆ | پارە | ت | هە | Ø | یـ | ە |
| ئەو پارەی هەیە | ئەو | پارە | ی | هە | Ø | یـ | ە |
| ئێمە پارەمان هەیە | ئێمە | پارە | مان | هە | Ø | یـ | ە |
| ئێوە پارەتان هەیە | ئێوە | پارە | تان | هە | Ø | یـ | ە |
| ئەوان پارەیان هەیە | ئەوان | پارە | یان | هە | Ø | یـ | ە |

کـاتێ تەواوکـەر (پـارە) لەڕسـتەکە لادەدرێ، جێنـاوە لکاوەکـان دەچـنە نـاو کردارەکەوە، بەم شێوەیە:

| ڕستە | بکەر | م.خاوەندار | ڕەگی کردار | جێناوی لکاو | م. ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| من هەمە | من | هە | Ø | م | ە |
| تۆ هەتە | تۆ | هە | Ø | ت | ە |
| ئێمە هەمانە | ئێمە | هە | Ø | مان | ە |
| ئێوە هەتانە | ئێوە | هە | Ø | تان | ە |
| ئەوان هەیانە | ئەوان | هە | Ø | یان | ە |

بەڵام لەکەسی سێیەمی تاکدا دەبێتە:

| ڕستە | بکەر | م.خاوەندار | ڕەگی کردار | ناوبڕ | م. ئێستا | ناوبڕ | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو هەیەتی. | ئەو | هە | Ø | یـ | ە | تـ | ی |

٣- کرداری بونی هەیی بۆ ئێستا: ئــەم کـردارە بـەهۆی مـۆرفیمی خاوەنـداریو ڕەگـی ڕانـەبردوی کـرداری (بـون)و مـۆرفیمی کـاتی ئێـستاو جێنـاوە لکاوەکـانی دەستەی دووەم دادەڕێژرێ، بۆ نموونە:

| ڕستە | بکەر | م.خاوەندار | ڕەگی کردار | ناوبڕ | م. ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من هەم | من | هە | Ø | ... | Ø | م |
| تۆ هەی | تۆ | هە | Ø | ... | Ø | ی |
| ئەو هەیە | ئەو | هە | Ø | یـ | ە | Ø |
| ئێمە هەین | ئێمە | هە | Ø | ... | Ø | ین |
| ئێوە هەن | ئێوە | هە | Ø | ... | Ø | ن |
| ئەوان هەن | ئەوان | هە | Ø | ... | Ø | ن |

ب– ئـەم مۆرفیمـە لەگـەڵ نیـشانەی کـرداری ڕابـردوی تـەواوی هەواڵیـدا (و) دەردەکەوێ، بۆ نموونە:

| ڕستە | ڕەگی کردار | نیشانەی کات | نیشانەی ڕابردوی تەواو | جێناوی لکاو | م. ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| هێناومە | هێن | ا | و | م | ە |
| هێناوتە | هێن | ا | و | ت | ە |
| هێناویە | هێن | ا | و | ی | ە |
| هێناومانە | هێن | ا | و | مان | ە |
| هێناوتانە | هێن | ا | و | تان | ە |
| هێناویانە | هێن | ا | و | یان | ە |

٤– مۆرفیمی /– ە/ دەبێتە جێناوی لکاو:

ئەم مۆرفیمە دەبێتـە جێنـاوی لکـاو بـۆ کەسـی دووەمـی تـاك لەڕێـژەی کـرداری فەرماندا، لەکاتێکدا:

ا– ئەگەر ڕەگی کردارەکە بەپیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبو، جێناوی لکـاوی /– ە/ دەردەکەوێ، بۆ نموونە:

نامەکە بنوسە

کتێبەکە بهێنە

ب– ئەگەر ڕەگی کردارەکە بەپیتی بزوێن کۆتایی هاتبو، جێنـاوی لکـاوی /– ە/ دەرناکەوێو دەبێتە سفر (Ø)، چـونکە دو بـزوێن بـەدوای یەکدا نایـەن لـەزمانی کوردیدا، بۆ نموونە:

نانەکە بخۆØ

دەرگاکە دابخەØ

پ– لەکردارە دارێژراوەکاندا کـە کۆتاییـان بەپاشـگری (ەوە)ی وەك (کردنـەوە، خواردنەوە، چونەوە،...) هاتوە، لەکرداری فەرمانی تاکدا کە دو بزوێن دەکەونـە پاڵ یەك، پیتی ناوبڕی (ر) لەنێوان دو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە:

دەرگاکە بکەرەوە
ئەم شیرە بخۆرەوە
نامەکە بخوێنەرەوە
کتێبەکەم بهێنەرەوە

٥- مۆرفیمی /- ە/ دەبێتە مۆرفیمی خستنەپاڵ (خستنەسەر):
خستنەپاڵ بریتییە لەڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ناوی سەرەکی یان دیارخراوی فرێزی ناوی‌و ناوەکانی تری فرێزەکەو بەدۆخێکی ڕێزمانی دادەنرێ، واتە خستنەپاڵ یان ئیزافە بریتییە لەکردەی فراوانکردنی فرێزی ناوی بەمەبەستی خستنەڕوی لایەنێك یان پتری ناوە دیارخراوەکە بەیەکێ یان پتر لەدیارخەرەکان، بۆ نموونە:
کوڕە زیرەکەکە هات
کوڕە زیرەکە دڵسۆزەکە هات
ئەو کوڕە زیرەکە هات
مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ە/ کاتێك دەردەکەوێ، کە:
ناوە دیارخراوەکە دەبێ ناسراو کرابێ، یان بەئامرازی نیشانە دیاریکراو بێ.
دیارخراو هەمیشە ناو دەبێ، جێناو نابێ.
دیارخەر دەبێ ئاوەڵناو یان ئاوەڵناوئاسا بێ.
مۆرفیمی ناسراوی /- ەکە/ بۆ کۆتایی دوا دیارخەری فرێز دەگوێزرێتەوە، تەنانەت گەر دیارخەرەکان بە (و) خرابنە پاڵ یەك، بۆ نموونە:
کوڕە زیرەکەکە هات
پیاوە بەتواناو دڵسۆزەکە وازیهێنا
مۆرفیمی /- ە/ کاتێك بەکاردێ، کە مەبەست لەدەربڕین‌و خستنەڕوی تایبەتێتیەکی دیارخراو بێ.
مۆرفیمی /- ە/ی خستنەپاڵ لەگەڵ دوادەنگی ناوە دیارخراوەکە یان

دیارخەرەکە کە پیتی بزوێنی (ا ، ە) بێت، تێدەچێت، چونکەلەزمانی کوردیدا دو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، بۆ نموونە:

پەنجەرە گەورەکە شکا

پیاوە بەتوانا دڵسۆزەکە ڕۆیشت

بەڵام دوادەنگی ناوە دیارخراوەکە یان دیارخەرەکـە پیتـی بزوێنـی (ی ، ێ ، و ، ۆ) بێت، ئەو کاتە پیتی ناوبڕی (ی) یان (و)ی نەبزوێن لەنێوانیاندا دەردەکـەوێ، بۆ نموونە:

دێیە خۆشەکەم بینی

کچە سپییە جوانەکە هات

دۆیە ترشەکە ڕژا

دەزووە شکاوەکە فڕێدرا

# هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

## بەشی دووەم و کۆتایی

ئامادەکردنی
قادر حەسەن وسو
بەسەرپەرشتی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

**ناوی تاك و ناوی کۆ**

ئەم بابەتە پەیوەستە بە ناوەوە لەوانەی چوارەمدا دانراوە و لاپەڕە (٣٢-٣٩)ی گرتووە.

ئەم بابەتە باس لەو ناوانە دەکات کە هەندێکیان واتای یەك دەبەخشن، هەندێکیشیان بەو واتایە دێن کە لە یەك زیاترن واتە کۆن.

لە دەستپێکی بابەتەکە بە پارچە نوسینێك کە لە (١٥) دێڕ پێکهاتووە دەست پێدەکات کەباس لە خزمەتکردنی وڵات دەکات بە خوێندەواری و.....هتد.

کە لەناو ئەو پارچە نوسینە کۆمەڵێك ناوی تێدایە کە ئەگەر لێیان ورد بینەوە واتاکەیان لە یەك زیاترە، وەك (کوڕان، کچان، ژنان، پیاوان) ئەمانە ناون بە نیشانەی کۆی (ان) کراون بە ناوی کۆ کە نیشانەی سەرەکی کۆ بریتیە لە (ان) کە بەپێی کۆتایی ناوەکە گۆڕانکاری لە نێوان ناوەکە و نیشانەی کۆیەکەدا ڕوو دەدات، ئەو ناوانەی کۆتاییان بەپیتی بزوێنی (ا،ێ،ی،ۆ) هاتبێت ئەوا پیتێکی نەبزوێنی (ی) لەنێوان ناوەکە و نیشانە زیاد دەکرێت، وەك: (چیا، چیایان) ·چەقۆ ، چەقۆیان)، هەندێ حاڵەتی تریش ڕوو دەدەن کاتێك ناوەکە کۆتاییان بە بزوێنی (وو،ە) لەم حاڵەتانەشدا ناوەکە کە کۆتایی بە پیتی بزوێنی (وو) هاتبوو ئەوا لەکاتی کۆ کردنەوەدا (وو) کەمێك کورتر دەگوترێت وەك:

(داربەڕوو، داربەرووان).
وەکاتێك کە ناوەکە کۆتایی بە پیتە بزوێنی (ە) هاتبوو ئەوا لە کاتی کۆکردنـەوە بە (ان) ئەو پیتە بزوێنە (ە) تێدەچێت، وەك: (پەنجەرە، پەنجەران).
هەر لـەناو ئـەم پارچـە نوسـینە چـەند ناوێکیـان هـەن کـە واتـای کـۆ دەگەیـەنن هەرچەندە بە (ان)یـش کۆنەکراونـەوە بـەڵکو بـە نیـشانەکانی (ات، هـات، جـات) کۆکراونەوە، وەك: (باخ، باخات)، (دێ، دێهـات)، (میـوە، میوەجـات)، هـەروەها (ەها)ش واتای کۆ دەگەیەنێت، وەك (جار، جارەها).
لەمەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە کۆمـەڵێك نیـشانەی کـۆ کردنـەوەمان هـەن کـە دەتوانین ناویان پـێ کۆبکەینـەوە ئەمانـە ئـەو نیـشانانە بـوون کـە لـە کرمـانجی ناوەڕاستدا بەکاردێن بۆ کۆکردنەوەی ناو، بەڵام هەندێ نیشانەی ترمان هەن کـە لە کرمانجی ژووروو ناویـان پـێ کۆدەکرێتـەوە وەك نیـشانەکانی (ێـن، ێـت، ێـد) (درا، دارێن)، (ماسی، ماسیێن)، (کوڕ، کوڕێد)
هەروەها هەر لە کرمانجی ناوەڕاستدا نیشانەی (گەل) کە واتـای کـۆ دەگەیـەنێت (کوڕ، کوڕگەل)، (گا، گاگەل).ئەم ناو نیشانانەی کە باسمان کردن هەموویان لـە نـــاو ئـــەو پارچـــە نوســـینەدا بـــوون دواتـــریش لەخـــستنەڕوودا خرابوونـــە ڕوو بەشێوەیەکی زانستی زۆر جوان کە خوێندکار بە ئاسانی لێیان تێدەگات.
لە (دەستوور)دا لە لاپەڕە (٣٦)دا پێناسەی بـۆ نـاوی کـۆ کـردووە و باسـی ئـەو نیشانانەشی کردووە کە دەچێتە سەر ناو و دەیکەن بەناوی کۆ بەمشێوەیە ناوی کۆی ناسـاندووە و دەڵێـت: ناوێکـە لـە کەسـێك یـان شـتێك زیـاتر پیـشان بـدات نیشانەی سەرەکی کۆ کردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا (ان)ە کە دەخرێتـە سـەر کۆتـایی ناوەکـە، بـەپیی پیتـی کۆتـایی گۆرانکـاری لـەنێو ناوەکـە و نیـشانەی کۆیەکـەدا رودەدات هـەروەك لـە خـستنەڕوودا خرابـووە ڕوو، بـەڵام باسـی تـاك نەکراوە کە ئەمە یەکێکە لەکەموکوڕیـەکان کـە دەبوایـە باسـی نـاوی تـاك کرابـا هەروەك( د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ) لەباسی ناوی تاکدا دەڵێـت "نـاوی تـاك ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسێك یان تەنیا شتێك نیشان دەدات" [1] .

دەربارەی نیشانەکانی ناوی تاکیش دەڵێت "ئەگەر بە دوای فۆڕمی تاکەوە (ەکە، ە)ی نیشانەی ناسیاوی و (ێك، ێ) ی نەناسیاوی بلکێن، یاخود جێناوی نیشاندانی (ئەم) ، (ئەو)، ژمارەی (یەك) لە پێشیەوە بێت، ئەو کاتە ناوەکە دڵنیایی لەسەر تاك دەکا و واتای تاك دەگەیەنێ" (٢) وەك:

هەزار دۆست کەمە، دوژمنێك زۆرە.

ئەم دێیە جێدێڵم.

یەك دڵۆپ ئاوی موقەتتەر.

دڵەی هەژار بۆت بۆتە بریانی.

دەربارەی نیشانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت "لە زمانی کوردیدا (–ان) نشانەی سەرەکی و ڕەسەنی کۆیە، نیشانەکانی (ات، ەها، گەل)یش لە پلەی دووەمدا کۆ ساز دەکەن"(٣)

ئەم ناونیشانانەی باسمان کردن کۆمەڵێك نیشانە بوون باسمان کردن یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو نیشانانە ئەوەیە کە بەدوای ناوەکەوە دەلکێت، بەڵام هەندێ حاڵەت هەیە کۆمەڵێك نیشانە و وشەمان هەیە بە ناویشەوە نالکێت، بەڵام واتای ناوی کۆش دەگەیەن لێرەدا دەتوانین ئەم نیشانانە لە چەند خاڵێکدا ئاماژە پێبکەین:

١– زۆرجار نە بە ناووەوە، نە بەکردارەوە نیشانەی کۆ نییە، واتە چ ناوەکە و چ کردارەکە بە تاك هاتوون،کەچی مەبەست مانای کۆ دەگەیەنێ، وەك: ئەرێ کارگ لە کوردستان شین دەبێ؟

٢– گەلێك جار کۆی ناو بە یاریدەی کردار یاخود ئاوەڵناو بەدەر دەکەوێت، واتە ناوەکە لە حاڵەتی تاکیدایە و کردارەکە یان ئاوەڵناوەکە وەك: سێوە گەیشتووەکان لە دارەکە کەوتنە خوارەوە.

٣– هەروەها ئەگەر لەپێش ناوەوە (ژمارە)ە یاخود وشەی وەك (هەندێك، هەندێ، کۆمەل، چەپك، دەسك، دەستە، پۆل، تاقم، ڕەوە، چەند، بڕ، هۆز،.....هتد) ئەم ناوانە بە تاك دێن، بەڵام لە بنەڕەتدا واتای کۆدێن. (٤)وەك:

سەد ساڵ بێگانە پەرستی، دوایی هەردێنێت نشوستی.
دەربارەی ڕاهێنانەکانیش پێنج ڕاهێنانی هێناوە بەمشێوەیە:
ڕاهێنانی یەکەم لە (٥) ڕستە پێکهاتووە داوا دەکرێت کە ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕێت بۆ کۆ، وەك:
١- ئەو کەوە باش دەخوێنێ.
٢- ددانت جوان بشۆ.
لەگەڵ چەند ڕستەیەکی تریش.
لە ڕاهێنانی دووەمدا ناوەکانی (هرچ، دەرزی، دۆتمام، پەڕۆ.....هتد) داوا دەکات ئەم ناوانە بکرێن بە کۆ.
لەڕاهێنانی سێیەمشدا (٦) ڕستەی هێناوە داوا دەکات کە ناوە کۆیەکان دەربهێنێ و ناوە تاکەکانیش بەرانبەریان بنوسین وەك:
١- میوەجات لە هاویناندا زۆرە
٢- داوەتا میرا، گڕ لە فەقیرا
چەند ڕستەیەکی تریش لە ڕاهێنانی چوارەمدا بە (سێ) چوارینەی شاعیران دەست پێدەکاتو داوا دەکات کە هەر ناوێکی کۆ هەبێت دەریان بهێنێت و چۆنیەتی کۆ کردنەوەشیان بنوسێت.
لە ڕاهێنانی پێنجەمدا داوا دەکات ناوەکانی (چاڤ، ڕووبار، دار، چیا، کچ) ئەم ناوانە لە دۆخی خستنە سەردا بەهۆی نیشانەکانی (یت، ێن، ێد) کۆ بکاتەوە.
دەتوانین بڵێین هەموو ڕاهێنانەکان بەشێوەی زانستی زۆر جوان هاتوون.

**ناوی بچوك کراوە**

ئەم بابەتە لەوانەی پێنجەمدا دانراوە، لاپەڕە (٤٠-٤٢)ی گرتووە، ئەم بابەتەش پەیوەستە بە ناوەوە باس لەهەندێك ناو دەکات کە بەهۆی هەندێ پاشگرەوە بچووککراوەتەوە لە دەستپێکدا لاپەڕە(٤٠)دا چەند وشەیەکی هێناوە کە ئەم وشانە ناون بەهۆی کۆمەلچێك پاشگرەوە واتای بچوك دەگەیەنن، وەك:

| ناو | پاشگر | ناوی بچوککراوە |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| کەپر، بزن | ۆکە | کەپرۆکە، بزنۆکە |
| گۆزە، دیزە | ڵە | گۆزەڵە، دیزەڵە |
| کیژ، چنگ | ۆڵە | کیژۆڵە، چنگۆکە |
| کار | یلە | کاریلە |
| مێش، دان | وولە | مێشوولە، دانوولە |
| ڕێ، پێ | چکە | ڕێچکە، پێچکە |
| منداڵ | ۆچکە | منداڵۆچکە |
| گرد | ۆلکە | گردۆلکە |
| جام | یلکە | جامیلکە |

ئەم ناوانە زۆرجار لە ئاخاوتن و نوسینیشدا بە بچوککراوەیی بەکاریان دەهێنین ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار لەمانە:

١- یان خۆیان ناوی بچووکتر

٢- یان لەبەر ناز و خۆشەویستی.

٣- یان لەبەر شکاندن و کەمکردنەوەی نرخیان.

٤- یان بۆ جیاکردنەوەیان لە گەورەکان.

زمانەوانان لەبارەی ناوی بچووککراوە بەمشێوەیە لەو ناو و پاشگرانە دەدوێن و دەڵێن "پاشگری (ڵە، یلە، ولە، ۆڵە، چکە، ۆکە، لە، ولکە، ۆچکە، چە، ۆۆڵ، ۆك، ۆوك، ەل، یلکە، ۆل) بۆ بچووککردنەوەیان گەیاندنی مانای نازداری بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەندێکیان جگە لە واتای بچووککردنەوە مەبەستی کەش دەگەیەنن"[٥]

---

ئەمانە ئەو کۆمەڵە پاشگرانەن کە ناو بچووك دەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها ناو بچووك ناکرێتەوە، بەڵکو ئاوڵناویش بچووك دەکرێتەوە وەك(د. ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێت "هەندێك پاشگرمان هەن کە دەچنە سەر ئاوەڵناو و بچووکیشی دەکەنەوە، وەك: ۆکە - پیسۆکە، ەڵە - نەرمەڵە، یلکە - سپیلکە، خشتیلکە، ۆڵکە - بەرزۆڵکە، تەختۆلکە....هتد" [٦] . ئەمانە

کۆمـەڵێك ئاوەڵنـاو و پاشـگر بـوون کـە ئاوەڵناویـان بـچووك دەکـردەوە کـە لـە پرۆگرامی خوێندندا باسنەکراوە، کە دەبێت وری ناوی ببـە، چـونکە یەکێکـە لـە کەموکورپیەکان.

لە (دەستوور)دا ناوی نـاوی بـچووکراوی پێناسـە کـردووە و دەڵێـت: ناوێکـە کـە بچووکی وردیی شتێك ڕادەگەیەنێت وەك:

١- ناوی گشتی بەهۆی ئەم پاشـگرانە بـچووك دەکرێنـەوە (ۆکـە، ڵـە، ۆڵـە، ۆل، یلە، ۆڵە، وولە، چکە....هتد)، هەروەها دەڵێت ناوی گشتی مەرج نییە هەموویان بچووك بکرێنەوە.

٢- بۆ ناوی تایبەتی هیچ دەستوور و بنەمایەکی جێگیری نییـە کـە پێـی بـچووك بکرێتەوە ئەم بچووك کردنەوەیەش بەپێی ناوچە و شێوەزار دەگۆرێت.

دەتـوانین بڵـێین زۆر بەشـێوەیەکی زانـستیانە لـەناوی بـچووککراوە دواون و لـە خستنەڕوو لە دەستووریشدا بە جوانی باسکراوە.

دەربارەی ڕاهێنانەکانیش دوو ڕاهێنانی زۆر جوانی هێناوە بەمشێوەیە:

لە ڕاهێنانی یەکەمدا سێ خاڵی داوا کردووە وەك:

١- مەبەست لە بچووك کردنەوە چییە؟

٢- ئایا بۆ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی هیچ یاساو بنەمایەك هەیە؟

٣- سێ ناوی گشتی بهێنەرەوە و بەیەکێ لە پاشگرەکان بچووکی بکەوە.

ڕاهێنـانی دووەمـیش چـەند پاشـگرێکی هێنـاوە و دەڵێـت ئـەم پاشـگرانە بـۆ بچووککردنەوەی نـاوی گـشتی بـەکاردێن، بـۆ هـەر یەکەشـیان دوو نـاوی گـشتی بهێنەرەوە و پێیانی بچووك بکەوە.

ڕاهێنانەکان زۆر باشن و لەهەمان کاتیشدا توانای خوێندکار بەهێز دەکەن، بـەڵام دەبوایە لە کۆتایی بابەتەکە لێکدانەوەی بۆ هەندێك وشە بکردایە.

**جێناوی کەسی لکاو**

ئەم بابەتە لەوانەی (شەشەم) دانراوە کە لاپەڕەکانی (٤٣- ٥٧)ی گرتووە، باس لە جێناو دەکات لە جێناویش جێنـاوی کەسـی (جێنـاوی کەسـی لکـاو) دەدوێـت

لەهەر دوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو، کراوە بە سێ کۆمەڵە، (کۆمەڵەی ئەلف) بەمشێوەیە:

لە دەستپێکدا لەلاپەڕە (٤٣) بەکۆمەڵێك شیعری شاعیران دەست پێدەکات کە ئێمە دوو شیعری وەردەگرین، وەك:

١- عەزیزم بۆچی تۆرای لە خۆڕا ؟

چ قەوماوە دڵی تۆ بۆچی گۆڕا ؟

ئەتۆ وا زوو لە بیرت کردم ئەمما

فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا.

٢- قەت وا تێنەگەن چاومان شکاوە

کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە

لەناو دۆشەکا کەی هەق سەنراوە؟

دواتر لە خستنەڕووودا لە لاپەڕە (٤٤-٤٥) ئەو جێناوە لکاوانەی کە لە ناو ئەم شیعرانەدا هاتوون ڕوونی کردوونەوە و دەڵێت: ئەم جێناوە کەسیە لکاوانە لە جیاتی جێناوە کەسیە سەربەخۆکان بەکارهاتوون بەمشێوەیە:

م- بۆ کەسی یەکەمی تاك لە جیاتی (من) بەکارهاتووە.

مان - بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە جیاتی (ئێمە) بەکارهاتووە.

ت- بۆ کەسی دووەمی تاك لە جیاتی (تۆ) بەکارهاتووە.

تان- بۆ کەسی دووەمی کۆ لە جیاتی (ئێوە) بەکارهاتووە.

ی- بۆ کەسی سێیەمی تاك لە جیاتی (ئەو) بەکارهاتووە.

یان- بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە جیاتی (ئەوان) بەکارهاتووە.

ئەوانە ئەو کۆمەڵە جێناوە کەسیە لکاوانە بوون کە لە جیاتی جێناوە کەسیە سەربەخۆکان بەکارهاتوون کە ئەم کۆمەڵە جێناوە کەسیە لکاوانە بە کۆمەڵەی یەکەم دادەنرێن.

لە (دەستوور)دا پێناسەی بۆ جێناوە لکاوەکان کردووە و دواتر لە ڕووی چالاکی و هێزیشەوە دابەشی کردوون بۆ دوو کۆمەڵە بەمشێوەیە (جێناوە لکاوەکان

ئەوانەن کە شوێن و جێی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە لە ئاخافتن و نوسیندا، ئەو جێناوانەش بە تەنیا هیچ مەبەستێك نە لە ئاخافتن نە لە نوسیندا نادەن بەدەستەوە، بەڵام کە لکان بە وشەکانی پێش خۆیانەوە ئەوا مەبەست دەپێکن، لە ڕووی چالاکی و هێزیشەوە دەکرێن بە دوو جۆر:

أ– جێناوە کەسیە لکاوە بەهێزەکان، وەك: (م، مان، ت، تان، ی، یان)

ب– جێناوە کەسیە لکاوە بێهێزەکان، ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین کۆمەڵێك کەمووکوڕی تێدایە یەکێك لەوانە جێناوە کەسیە لکاوەکان هەر بە کۆتایی وشەوە نالکێت، بەڵکو بەدوای بەشی یەکەمی وشەی داڕژاو و لێکدراویشەوە دەلکێن، وەك: دەمان خوارد.، یەکێکیتر لە کەمووکوڕیەکان کە جێناوە کەسیە لکاوە بێهێزەکانی باس نەکردووە کە بڕیتین لە (م، ین، یت، ن، ێت، یٚ/ ات(أ)، ن).

هەر دەربارەی جێناوی کەسی لکاو (صادق بهادین ئامێدی) بەمشێوەیە باسی دەکات "جهناڤێ پێڤەنوسیای (جێناوی لکاو– متصل)، ئەو جهناڤە (ئەو جێناوە) یی کو (کە) سەر ب خو ناهێنە گۆتن هەتا ب بێژەکێ ڤە (بە وشەیەکیترەوە) نەنویسێن (نەلکێنرێن) و د سەرێ ئاخافتنێ دا ناهێنە دانان (وەناکرێ لە پێش ئاخاوتن دەست پێبکری) وەك: دەسماڵەکەم لە ماڵەوە بەجێهێشت" (٧)

م/ جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك

---

هەر دەربارەی جێناوە کەسیە لکاوەکان لە کرمانجی ناوەڕاستدا( د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەربارەی جێناوە کەسیە لکاوەکانی (م، مان، ت، تان، ی، یان) دەڵێت "جێناوە کەسیە لکاوەکانی (م، مان، ت، تان، ی، یان) لە ڕووی چالاکیەوە جۆری بەهێزن کە لەڕابردووی تێپەردا بەکاردێن"(٨)، وەك: خواردم، خواردمان، خواردت، خواردتان، خواردی، خواردیان.لە باسی جێناوە کەسیە لکاوەکانی بەشی (ب) کە ئەم جێناوە کەسیە لکاوانە بە جێناوی کۆمەڵەی دووەم (بێهێز) ناودەبرێن کە بریتین لە (م– ین، یت، ن، ێت (یٚ)،

ات(ا)، ن).لەدەستپێکدا لە لاپەڕە (٤٧) بە دەقێکی (٩) دێڕی دەست پێدەکات کە داوا لە خوێندکار دەکات ئەم دەقە بخوێنێتەوە و سەیری بکەن جێناوە لکاوە کەسیەکانی کۆمەڵەی دووەمی تێدا بەدی دەکەن.ئەو دەقە باس لەوە دەکات کە کۆمەڵێك هاوڕێ بەیەکەوە دەچن بۆ ڕاوە ماسی، کە جۆرە وەرزشێکی سودبەخشە و پێویستە بەپێی توانا بایەخی پێبدرێ و شێوازی ئەنجامدانی ڕێك بخرێ.لەناو ئەم دەقەدا کۆمەڵێك ڕستە بەدی دەکرێن، کە لەناو ئەو ڕستانەدا جێناوە کەسیە لکاوەکان بەدی دەکرێن، وەك لەڕستەی (ژمارە هەڤال و دۆستێك چووین بۆ ڕاوە ماسی).

لەم ڕستەیەدا جێناوی کەسی لکاوی(ین) لەگەڵ کاری (چوو) هاتووە کە لەجێی جێناوی سەربەخۆی (ئێمە) بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکارهاتووە.

لە ڕستەی (من یەکەم جارم بوو دەچووم بۆ ڕاوە ماسی).

لەم ڕستەیەشدا جێناوی کەسی لکاوی (م) لەگەڵ کاری (دەچوو) بەکارهاتووە لە جێی جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکارهاتووە.

هەر لەم دەقەدا جێناوە کەسیە لکاوەکانی (یت–ی) کە لەجێی جێناوی کەسی سەربەخۆی (تۆ) بەکارهاتووە (دەزانیت)، جێناوی کەسی لکاوی (ێت–ێ) لەجێی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکارهاتووە، وەك: (دەزانێت)،

هەروەها جێناوی کەسی لکاوی (ن) کە بۆ کەسی دووەمی کۆ و سێیەمی کۆ بەکاردێت لەجێی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئێوە، ئەوان) بەکارهاتووە.

لە (دەستوور)دا لە لاپەڕە (٥٠)دا ئەم دەستەی جێناوەی ناساندووە بەمشێوەیە: دەستەی بێهێزی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەك: دەستەی یەکەم چالاك نین، بەڵام بەشێکی گرنگی ڕستە پێك دەهێنن دەچنە سەر زۆر بەشی ئاخاوتن وەك (ناو، هاوەڵناو، جێناوەکان، هاوەڵکار، کار) کە بە زۆری دەچنە سەر کار و بە دوایەوە دەلکێن.

هەر دەربارەی ئەم کۆمەڵە جێناوە کە بەدەستەی بێهێز ناودەبرێت،( د.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت "ئەو جێناوە کەسیە لکاوانەن کە لە ڕابردووی تێنەپەڕ دەردەکەون و بەدوای ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێن" [٩] وەك:

ڕابردووی تێنەپەر: ( نوستم، نوستیت، نوست، نوستین، نوستن، نوستن)

ڕانەبردووی تێپەر: (دەنێرم، دەنێرێت، دەنێرێت، دەنێرین، دەنێرن، دەنێرن)

ڕانەبردووی تێنەپەڕ (دەنووم، دەنوویت، دەنووێت، دەنووین، دەنوون، دەنوون)

هەموو ئەوانەی باسمان کردنجێناوە کەسیە لکاوەکان بوون لە کرمانجی ناوەڕاستدا کە کرابوون بە دوو جۆر، جۆری (بەهێز و بێهێز)، بەڵام لە باسی جێناوە کەسیە لکاوەکان لە زاری کرمانجی ژوورووکە لە کتێبەکە لە بەشی سێیەمی (پ) جێناوی کەسی لکاو هاتووە لە لاپەرە (٥١) بە دوو کۆمەڵە ڕستە دەست پێدەکات بەشێوەی (أ،ب)

| (أ) | (ب) |
|---|---|
| ئەز شەڤێ دی لسەر بانی نڤستم. | تە ئەز دیتم. |
| ئەم هاڤینێ لسەربان (د نڤین). | من تو دیتی. |
| تو ڕێزمانا کوردی دخوینی. | ئەوی ئەو دیت. |
| هوین ڕابوون و کەلا زرداریێ هەرفاند. | تە ئەم دیتن. |
| ئەو گەلەك نامان بۆ هەڤالێن خۆ د نڤیسی (نڤیسە). | من هوین دیتن. |
| ئەو دوهی هاتنە ڤێرێ. | ئەوی ئەو دیتن . |

ئەم ڕستانە لە خستنە ڕوودا لە لاپەرە(٥٢-٥٣) خراونە ڕوو بەوشێوەیە کە لە کۆمەڵە ڕستەکانی بەشی (ا) جێناوە کەسیە یسەربەخۆکانی (ئەز، ئەم، تو، هوین، ئەو، ئەوان) لە دۆخی بکەریدان کەواتە ئەو جێناوە لکاوانەی کە هێڵمان بەژێردا هێناون ئەوانیش لە دۆخی بکەریدان، وەك: لە ڕستەی یەکەمدا جێناوی کەسی لکاوی (م) کە بەکاری ڕابردووی تێنەپەڕی (نڤست)ەوە نوساوە شوێنی (ئەز)ی بکەری لە ڕستەدا گرتووە کە کەسی یەکەمی تاکە، جێناوە کەسیە لکاوەکانی تریش بە هەمان شێوە هاتوون.

له کۆمەڵە ڕستەی (ب)دا دوو جێناوی کەسی سەربەخۆ دەبینرێن کە کۆمەڵی یەکەم (تە، من، ئەوی، تە، من، ئەوی) لە دۆخی بکەردان، کۆمەڵەی دووەم (ئەز، تو، ئەو، ئەم، هوین، ئەو) لە دۆخی بەرکاریدان، جێناوە کەسیە لکاوەکەش لە دۆخی بەرکاریدان کە بریتین لە (م، ی، Ø، ن، ن، ن).

له دەستووردا دەڵێت جێناوە کەسیە لکاوەکان لە زاری کرمانجی ژووروو هەمان کۆمەڵە جێناوی دووەمە لە شێوەزاری زاری کرمانجی خوارو، بەڵام کەمێك جیاوازن لە فۆڕمی هەندێکیان، بەڵام جێناوە کەسیە لکاوەکان لەم شێوەزارەدا لە دوو دۆخدا بەکاردێن، بەم شێوەیە:

١- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبرووی تێپەڕ و تێنەپەڕ کە لە دۆخی بکەریدان.

٢- لەگەڵ کاری ڕابڕدووی تێپەڕ لە دۆخی بەرکاریدان.

دەتوانین بڵێین ئەم بابەتی جێناوی کەسی لکاوە بەشێوەیەکی زانستی باس کراوە، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە کە بەگەلێك بەشە ئاخاوتنەوە دەلکێن، وەك:

١- بە ناوەوە دەلکێن/ نمونە: ئەز مەمم.

٢- بە ئاوەڵناوەوە دەلکێن/ نمونە: ساقی! مەیگر کو ئەز ب دەستم مەحمورم مەینە خوارێ مەستم.

٣- لەگەڵ زۆربەی جێناوەکاندا دێن/ نمونە: ئەز ب دەستی خوە مە....هتد (١٠)

یەکێکیتر لە کەموکوڕیەکان ئەوەیەکە شوێنی جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەگۆڕێت لە ڕستەدا بە گوێرەی بوونی کەرەستەکان لە ڕستەدا، هەروەك(پ. وریا عومەر ئەمین ) لەم بارەیەوە دەڵێت "کۆمەڵی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکان بەیەکێ لەم بەشانەی ڕستەوە ئەلکێ

١- بەرکاری ڕاستەوخۆ.

٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٣- پێشە بەند.

٤- پێشگری یەکەم.

٥- ڕەگی فرمان.کۆمەڵی دووەم هەمیشە بە ڕەگی فرمانەوە

ئەلكێن"(١١)

یەكێكیتر لە كەموكوڕییەكان ئەوەیە كە جێناوە لكاوەكان كۆمەڵێك ئەركی هەیە، كە( نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو) لە باسی جێناوە لكاوەكاندا بەمشێوەیەی خوارەوە لە ئەركەكانی جێناو دواوە و دەڵێت "بەشە ئاخاوتنی جێناو دەتوانی لە ڕستەدا ئەرك ببینێ، واتە ببێتە (بكەر، بەركاری ڕاستەوخۆ، بەركاری ناڕاستەوخۆ، نیهاد، گوزارە، تەواوكەری ناو، تەواوكەری كار، تەواوكەری كاری ناتەواو" (١٢).

ئەمانەی سەرەوە كە باسمان كردن كۆمەڵێك كەموكوڕی بوون كە لە باسی كۆمەڵە جێناوی یەكەم و دووەمدا باس نەكرابوون لە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاسدا.

دەربارەی ڕاهێنانەكانیش شەش ڕاهێنانی هێناوە بەم شێوەیە:

لە ڕاهێنانی یەكەمدا دوو كاری هێناوە، وەك (هات، گرت) دەڵێت: ئەم كارانە لەگەڵ جێناوە كەسیە لكاوەكانی كۆمەڵەی (ج) بەكاربهێنرێت، بەلاّم (ج) باس نەكراوە لە جیاتی (ج) (پ) هاتووە.

لە ڕاهێنانی دووەمدا (٥) ڕستەی هێناوە داوا دەكات كە جێناوە كەسیە سەربەخۆكانی ئەم ڕستانە بگۆڕێت بۆ جێناوە كەسیە لكاوەكان، وەك:

١- تۆ (هاتن) بۆ قوتابخانە. ٢- من (چوون) بۆ دهۆك. چەند ڕستەیەكی تریش.

لە ڕاهێنانی سێیەمیشدا سێ چوارینەی شیعری هاتووە داوا دەكرێت كە جێناوە كەسیە لكاوەكان دەربهێنێت و كەسیەكانیشیان دیاری بكات.

لە ڕاهێنانی چوارەمیشدا ڕستەیەكی هێناوە داوا دەكات كە جێناوە كەسیە لكاوەكان بگۆڕێت بۆ كەسەكان بە تایبەت، كەسی یەكەمی كۆ، دووەمی تاك، سێیەمی كۆ، دووەمی كۆ.

ڕستەكەش ئەمەیە (من زۆر بە خێرایی باری ژیانم دەگۆڕم).

یەکێکیتر لە کەموکورپییەکان ئەوەیە کە جێناوە لکاوەکان کۆمەڵێك ئەرکی هەیە، کە( نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو) لە باسی جێناوە لکاوەکاندا بەمشێوەیەی خوارەوە لە ئەرکەکانی جێناو دواوە و دەڵێت "بەشە ئاخاوتنی جێناو دەتوانی لە ڕستەدا ئەرك ببینێ، واتە ببێتە (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیهاد، گوزارە، تەواوکەری ناو، تەواوکەری کار، تەواوکەری کاری ناتەواو" (١٢).

ئەمانەی سەرەوە کە باسمان کردن کۆمەڵێك کەموکوڕی بوون کە لە باسی کۆمەڵە جێناوی یەکەم و دووەمدا باس نەکرابوون لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاسدا.

دەربارەی ڕاهێنانەکانیش شەش ڕاهێنانی هێناوە بەم شێوەیە:

لە ڕاهێنانی یەکەمدا دوو کاری هێناوە، وەك (هات، گرت) دەڵێت: ئەم کارانە لەگەڵ جێناوە کەسیە لکاوەکانی کۆمەڵەی (ج) بەکاربهێنرێت، بەڵام (ج) باس نەکراوە لە جیاتی (ج) (پ) هاتووە.

لە ڕاهێنانی دووەمدا (٥) ڕستەی هێناوە داوا دەکات کە جێناوە کەسیە سەربەخۆکانی ئەم ڕستانە بگۆڕێت بۆ جێناوە کەسیە لکاوەکان، وەك:

١- تۆ (هاتن) بۆ قوتابخانە. ٢- من (چوون) بۆ دهۆك. چەند ڕستەیەکی تریش.

لە ڕاهێنانی سێیەمیشدا سێ چوارینەی شیعری هاتووە داوا دەکرێت کە جێناوە کەسیە لکاوەکان دەربهێنێت و کەسیەکانیشیان دیاری بکات.

لە ڕاهێنانی چوارەمیشدا ڕستەیەکی هێناوە داوا دەکات کە جێناوە کەسیە لکاوەکان بگۆڕێت بۆ کەسەکان بە تایبەت، کەسی یەکەمی کۆ، دووەمی تاك، سێیەمی کۆ، دووەمی کۆ.

ڕستەکەش ئەمەیە (من زۆر بە خێرایی باری ژیانم دەگۆڕم).

ڕاهێنانی پێنجەمیش چوار ڕستەی هێناوە بەمشێوەیە:

١- ئەو دەیەوێت عێراق لە ڕووی پێشەسازییەوە پێش بخات (ئێمە).

٢- تۆ گەلێك شتی سەیر و بەكەڵكت داهێناوە. (ئێوە).
٣- زۆرم پێخۆشە بێیت بۆ لام (ئەوان).
٤- دوێنێ چاوم بە هاورێكەم كەوت (تۆ).
داوا دەكات كە ڕستەكان بۆ جێناوەكانی بەرانبەری بگۆڕێت.
لە ڕاهێنانی شەشەمیشدا داوا دەكات كە ئەم سی ڕستەیە شی بكاتەوە:
١- ئەوان سێو دەخۆن.
٢- من دەستی وی گرت.
٣- دوێنێ براكەتم دیت.
لە هەڵەی ڕێنوسیشدا لە لاپەڕە (٥٧) دێڕی یەكەم وتراوە (بەرامبەر) هەڵەیە دەبێ بوترێت (بەرانبەر)، چونكە ناوبەندمان نییە بە شێوەی (ام).

## ئاوەڵناو

بابەتی ئاوەڵناو لە ( وانەی حەوتەمەوە بۆ وانەی یازدەیەم) دەگرێتەوە، باسی چەند بابەتێك دەكات كە پەیوەستن بە ئاوەڵناوەوە، كە لاپەڕەكانی (٥٨-٨٠)یان گرتووە و باس لەم بابەتانە دەكات (هاوەڵناو، هاوەڵناوی چۆنیەتی، جۆرەكانی هاوەڵناوی چۆنیەتی(لە ڕووی دروستكردنەوە)، پلەكانی هاوەڵناوی چۆنیەتی، هاوەڵناوی نیشانە).
لە وانەی حەوتەمدا باسی (هاوەڵناو) كراوە كە لاپەڕە (٥٨-٥٩)ی گرتووە، ئێمە دەتوانین چەند زاراوەیەكیتریش بەكاربێنین كە هەمان چەمك و واتای هاوەڵناو دەگەیەنن، وەك: ئاوەڵناو، هاڤڵناڤ، هاوەڵناڤ، سیفە....) لە دەستپێكدا و لە لاپەڕە (٥٨) چەند ڕستەیەكی زۆر جوانی هێناوە، بە زاری كرمانجی ناوەڕاست نوسراون و هیچ كەموكوڕیەكیان تێدا نییە، ڕستەكان ئەمانەی خوارەوەن:
١- كۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە.
٢- كوردستان بە ئێوەی تێكۆشەر سەردەكەوێت.
٣- سەیرانەكەمان خۆش بوو.

٤- ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێت.
لە خستنەroودا باسی چەند وشەیەك دەكات، كە دەڵێت ئەمانە ئاوەڵناون، بەهۆی ئامرازێكەوە بە ناوەكە یان جێناوەكە بەستراوەتەوە.
لە خستنە رووداوا بەمشێوەیە باس لە ئاوەڵناوی ناو ڕستەكان دەكات:
لە ڕستەی یەكەمدا وشەی (سپی) ئاوەڵناوە، بەهۆی ئامرازی خستنە سەری (ی) خراوەتە پاڵ ناوی (كۆتر) و وەسفی ناوی (كۆتر)ی كردووە و بووەتە دیارخەری ناوەكە.
لە ڕستەی دووەمیشدا بە هەمان شێوە وشەی (تێكۆشەر) ئاوەڵناوە، بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (ی) خراوەتە پاڵ جێناوی (ئێوە) و وەسفی جێناوەكەی كردووە و بووەتە دیارخەری جێناوەكە.
لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (خۆش) ئاوەڵناوە، بە بێ یاریدەی ئامرازی خستنەسەر وەسفی ناوی (سەیران)ی كردووە و بووەتە تەواوكەری كاری ناتەواوی (بوو).
لە ڕستەی چوارەمدا وشەی (چاك) ئاوەڵناوە، بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (ی) خراوەتە پاڵ ناوی (ئەسپ) وەسفی كردووە و بووەتە دیارخەری ناوەكەش.
دەتوانین بڵێین لیژنە زۆر زانستیانە ئەم رستانەی هێناوە و لە خستنە رووداوا روونی كردوونەوە و ئاوەڵناوەكانی بە جوانی دەرهێناوە، باسی ئەو ئامرازەشی كردووە كە ئاوەڵناوەكانی ناوەكەوە لكاندوە و ئەركەكەشی دیاریكردووە.لە (دەستووردا) پێناسەیەكی بۆ هاوەڵناو هێناوە كە دەڵێت (هاوەڵناو وشەیەكە بۆ وەسفی ناوێك یان جێناوێك بەكاردێت و دەبێتە دیارخەری ناوەكە یان جێناوەكە، هەروەها دەبێتە تەواوكەری كاری ناتەواو)لە هەڵسەنگاندنی ئەم پێناسەیەدا دەڵێین ئەم پێناسەیە بە جوانی ئاوەڵناوی ناساندووە، بەڵام بەدەر نییە لە كەموكوڕی ئەویش ئەوەیە ئاوەڵناو دەبێتە تەواوكەری ئاوەڵناوێكیتریش، واتە دەشێ زیاتر لە ئاوەڵناوێك لە ڕستەدا بێت و ببنە تەواوكەری یەكتر، هەروەكو لە خوارەوە روونی دەكەینەوە.

(کچێکی بالا بەرزی قژ زەرد هات).(قژ زەرد) ئاوەڵناوە، بووەتە تەواوکەری ئاوەڵناوی (بالا بەرز) کە بە هەردووکیان بوونەتە دیارخەری ناوی (کچەکە) هەروەك (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو) لە بارەی ئاوەڵناوەوە پێناسەیەکی بۆ کردووە و دەڵێت "ئاوەڵناویش بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە وەسفی ناوێك یاخود جێناوێك دەکات، بەهۆیەوە دەبێتە تەواوکەری ناوێك یان جێناوێك یان ئاوەڵناوێکیتریان تەواوکەری کارێکی ناتەواو" (١٣)

ئێمە لە هەڵسەنگاندنی ئەم وانەیەدا چەند کەموکوڕیەکمان بۆ دەرکەوت، یەکێك لەو کەموکوڕیانە ئەوەیە کە دەبوایە چەند ڕاهێنانێك هاتبایە و چەند ئاوەڵناوێکی تێدا بوایە، بە هۆیەوە داوا لە خوێندکار کرابا کە ئەو ئاوەڵناوانە دەربهێنێ و ئەرکەکەشی دیاری بکەن، واتە دەشێ ڕاهێنانەکە بەمشێوەیە بێت:

ڕاهێنانی ( )

لەم رستانەی خوارەوەدا، ئاوەڵناوەکان دەربهێنن، دواتر ئەرکەکانیان دەست نیشان بکەن:

١- خەنجەرێکی دەسك زێڕم کڕی.

٢- ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون.

٣- کچە جوانەکە هات.

٤- ژوورەکە پاکە.

یەکێکیتر لە کەموکوڕیەکان ئەوەیە لێکدانەوەی وشەکان نەکراوە کە پێویستە لە کۆتایی وانەکەدا بکرێت، چونکە خوێندکار واتای هەندێك وشەی لە لا روون نابێت وەك وشەی (ئاوزەنگ) کە لە ڕستەی چوارەمدا هاتووە. لە درێژەی هەڵسەنگاندنەکەماندا هەندێ هەڵەی ڕێنوسیشمان بەرچاو کەوت، وەك:لە لاپەڕە (٥٩) لە دێڕی یەکەمدا نوسراوە (یاریدەری) ئەمە هەڵەیە دەبوایە بنوسرێت (یاریدەدەری).

---

## هاوەڵناوی چۆنیەتی

لە وانەی هەشتەمدا ئەم بابەتە دانراوە، لاپەڕەی (٦٠-٦٤)ی گرتووە، ئەم بابەتە پەیوەستە بە جۆری ئاوەڵناو لە رووی واتاوە، چونکە لە دەستپێکدا لیژنە بە چەند ڕستەیەك دەست پێدەکات، کە بە هەر دوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و ژوروو نوسراون، ئێمە هەندێك ڕستە لەو چەند ڕستەیە دەخەینە روو:

مرۆڤی باش سەردەکەوێت.

ترێی رەش بکڕە.

شیرین کچەکا نازدارە.

ئێوەی زیرەك بە ئامانج دەگەن.

لە خستنە روودا باسی ئەو وشانە کراوە کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە و دەڵێت ئەمانە ئاوەڵناون کە وەسفی ناو یان جێناویان کردووە و تیایدا دەڵێت وشەکانی (باش، رەش، نازدار، زیرەك) ئاوەڵناوی چۆنیەتین، چونکە هەریەکەیان وەسفی ناوێك یاخود جێناوێکیان کردووە، واتە بوونی بە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، یاخود بوون بە تەواوکەری کاری ناتەواو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کە وتراوە ئەم وشانە ئاوەڵناوی چۆنیەتین، وەسفی ناو یان جێناویان کردووە، بەلاّم دەبێ بوترێت ئەم وشانە ئاوەڵناون چۆنیەتی ناوەکە یان جێناوەکە دیاریدەکەن، هەروەها لە ئەرکەکانی ئاوەڵناویشدا نەوتراوە کە ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەبێتە تەواوکەری ئاوەڵناوێکیتریش، وەك لە وانەی حەوتەمدا روونمان کردەوەکە ئاوەڵناو لە رووی واتاوە دابەش دەبێ بەسەر (ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نیشانە، ئاوەڵناوی نادیار، ئاوەڵناوی نسبی).

لە (دەستوور)دا لە لاپەڕە (٦٢) پێناسەی ئاوەڵناوی چۆنیەتی کراوە کە دەڵێت "ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، یاخود دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو"

ئەگەر لە بارەی ئەو پێناسەیە بدوێین، دەبینین ئەم پێناسەیە هەمان ئەو

پێناسـەیەی کـە بـۆ (هاوەڵنـاو) لـە وانـەی حەوتەمـدا کرابـوو، واتـە ئێمـە بـە پێناسەیەکی شیاوی نازانین، چونکە بەهۆی ئەم پێناسەوە ئاوەڵنـاوی چـۆنیەتی ناناسرێت، زمانەوانان تێڕوانینێکی دیکەیان بـۆ ئاوەڵنـاوی چـۆنیەتی هەیـە، وەك (د. ئەوڕەحمان حاجی مارف) دەڵێت "ئاوەڵناوی چۆنیەتی ئەو ئاوەڵناوەیە، کـە راستەوخۆ واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە رادەگەیـەنێت، واتـای لێکسیکی هەمـەجۆرە: رەنـگ نیـشان دەدات (سـپی، سـور، سـەوز، ئـاڵ، رەش.....)، خاسیەت رادەگەیەنێت(ترش، سوێر، گەرم، قورس، پتەو....).
جـۆری سـیفەت دەردەبـڕن (رەزیـل،رووخۆش....)، شـێوەی مـرۆڤ و گیانلەبـەر دەخەنە پێش چاو (خڕ، قەڵەو، لاواز، رووت....)، چـەمکی دەوروبـەر دەردەبـڕن (راست، چەپ، پان.....) و هەندێکی دی" (١٤)
ئەو پێناسەیەی باسمان کرد بە جوانی ئاوەڵناوی چۆنیەتی روون کردۆتەوە، هەر (لە دەستووردا) باسی ئەو ئامرازانە دەکات کە ئاوەڵناوە چـۆنیەتیەکان دەخەنـە پـاڵ ناوەکـە یـان جێناوەکـە کـە وتـراوە ئـامرازی خـستنە سـەر لـە کرمـانجی ناوەڕاسـت بـۆ هـەر دوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ (ی)یـە، بـەڵام لـە کرمـانجی ژووروو جیاوازی ڕەگەز بەدی دەکرێت، وەك بـۆ ڕەگـەزی نێـری تـاك (ێ) و بـۆ ڕەگـەزی مێی تاك(ا) بەکاردێت، بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆ بوو، ئەوا جیاوازی ڕەگەز نئەمینێ و (ێت، ێد، ێن) دەخرێتە نێوان ناوەکە و ئاوەڵناوەکە.
هەر لە بارەی ئامرازی دانە پاڵ لە زاری کرمـانجی ناوەڕاسـت (نـەریمان عەبـدوڵڵا خۆشناو) بەمشێوەیە باس دەکات "لە بابەتی ئاوەڵناودا بـە گشتی و ئاوەڵنـاوی چۆنیەتی بە تایبەتی، ئامرازی دانەپاڵی (ی) و هەندێ جار ئامرازی دانـەپاڵی (ە) رۆڵێکی دیاردەبینن لە خستنە پاڵی ناوێك یا جێناوێك لەگەڵ ئاوەڵناوێك" (١٥)
لەمەوە پێمان دەڵێت کە کرمانجی ناوەڕاستدا بە تەنیا ئامرازی دانە پاڵ بریتییـە لە (ی)، بەڵکو (ە) بەکاردێت. وەکو:
کوڕێکی زیرەك هات.
کوڕە زیرەکەکە هات.

ئەگەر بڕوانینە ڕاهێنانەکان ئەوا دەبینین لە لاپەڕە (٦٣،٦٤)دا چوار ڕاهێنان باسکراوە، کە بە هەر دوو زاری کرمانجی (ناوەڕاست و ژوروو) نووسراون.

لە ڕاهێنانی یەکەمدا (٩) ڕستەی هێناوە، کە بە هەر دوو زارەکە نووسراون، داوا لە خوێندکاران دەکرێت کە هاوەڵناوە چۆنیەتیەکان دەربهێنن و ئەرکی ئاوەڵناوەکانیش دیاری بکەن. دەتوانین بڵێین ئەم ڕاهێنانە زۆر روون و بە جوانی هاتووە.

لە ڕاهێنانی دووەمدا داوا لە خوێندکاران دەکرێت کە شەش ڕستە بهێننەوە کە هاوەڵناوی چۆنیەتیان تێدا بێت، بە مەرجێك ئەم ئاوەڵناوە چۆنیەتیانە لە سێ ڕستەدا دیارخەری ناو بن، دووانیان دیارخەری جێناو بن، یەکێکیان تەواوکەری کاری ناتەواو بێ، ئەگەر بڕوانینە ئەم داواکاریانە کەموکوڕیەکی–

تێدایە، دەبوو بوترێت یەکێکیان ببێتە تەواوکەری ئاوەڵناو، بەڵام بە داخەوە لە دەستووریشدا لیژنە بە لای ئەم مەسەلەیە نەچووە.

لە ڕاهێنانی سێیەم چوار نیوە دێر لە شیعری شاعیرانی هێناوە یەکێکیان لەو شیعرانە دێرە شیعری بە زاری کرمانجی ژوروو هاتووە داوا دەکات کە هەر چ ئاوەڵناوێکی چۆنیەتی هەیە لەم ڕستانە دەری بێنێت، بەڵام ئەم ڕاهێنانە زیادەیە هەمان دووبارەی ڕاهێنانی یەکەمە.

لە ڕاهێنانی چوارەمیشدا سێ ڕستە هاتووە داوا لە خوێندکار دەکرێت کە ئەم ڕستانە شی بکاتەوە، ئەمەش لێکدان و شێواندنی زمانەکەمانە.

لەو کەموکوڕیانەی زۆر دیارە لە جیاتی (کرمانجی خواروو) دەبێ بووترێت (کرمانجی ناوەڕاست).

## پەراوێزەکان

١- ئەورەحمانی حاجی مارف ،(ڕێزمانی کوردی) ،بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) ،بەشی یەکەم، ناو، ل ١٤٠.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٤١) .

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٥٣).

٤ ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بغداد، ١٩٧٩ ل ١٥٣-١٥٤ .

٥ - ا/ ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغداد ساڵی ١٩٧٧ ل (٥٦-٥٧).

ب/ د. نەسرین فەخری، د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین ،ساڵی ١٩٨٢، ل(١٧-٢٠).

٦ - ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیر کورد- بغداد، ساڵ ١٩٧٧، ل (٧٠-٧١).

٧ - صادق بهاوالدین ئامێدی، ڕیزمانی کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژیری یا هەڤبەرکری، چاپی یەکەم، ل (٢٢٦)

٨- د. ئەورەحمانی حاجی مارف (ڕێزمانی کوردی)، بەرگی یەکەم، (وشەسازی) ،بەشی دووەم (جێناو) ساڵی ١٩٨٧، ل(١٠٤).

٩- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو) ،ساڵی ١٩٨٧، ل(١٠٦)

١٠- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو)، ١٩٨٧ ،ل ١٧٤-١٧٥ .

١١- وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، ل١٢-١٣.

١٢- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە- هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ ،ل ٣٧.
١٣نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ ،ل ٥٠
١٤د.ئەوڕەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێیەم (ئاوەڵناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیارە عێراق-دەستەی کورد، ساڵی ١٩٩٢، ل ٦٣.
١٥نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی (بەشەکانی ئاخاوتن) ل ٥٠ .

لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەی ئەمریکای باکوور لەبارەی زمانی کوردییەوە

# چەند- ستانددەریی و گەڕانەوە بۆ هەژموونی عەقڵیەتی میری مۆدێرن

سەلام ناوخۆش

**دەروازە:**

هەندێ توێژەری کورد، بەتایبەتی د. ئەمیری حەسەن پوور ، حەسەنی قازی... هتد، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سروشتی زمانی کوردی وارێکەوتووە کە جووتستاندەربێ! ئەوەی شارەزایەکی زمانەوانیی کەمی هەبێ دەزانێ مەسەلەی تاك ستاندەری و جوتستاندەری و چەند ستاندەری پەیوەندی بەسروشتی زمانەکەوە نییە، چونکە خودی پرسی ستاندەر، مەسەلەیەکی مرۆڤکردەیەوە پەیوەندی بەسروشتی زمانەکەوە نییە! ئەوجۆرە توێژەرانە، وەك لەقسەکانیان دەردەکەوێ هێشتا جیاوازی لەنێوان چەمکی (زمان) و چەمکی (زار) ناکەن، زار و زمانیەك نین و هەریەکەی مەدلولی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی خۆی هەیە! هەروەها پرسی جوتستاندەری یان فرەستاندەرکردنی زمانێك یان چەند زارێکی زمانێك پرۆژەی گەلێکە هێشتا قۆناغەکانی نەتەوەبوونی نەبڕی بێ یان هەولێکی داگیرکارانە بۆ پارچە پارچەکردنی نەتەوەیەك لە ڕێگای زمانەکەیەوە!

لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەین، قسە لەسەر قسەکانی د. ئەمیری حەسەن پوور و جەعفەری شێخ لئیسیلام و چەند بەشداربوویەکیدی یەکەم کۆنفرانسی ئەمریکا باکوور لەبارەی زمانی کوردی ـ یەوە بکەین.

## * حیزب و نەتەوە

کە باس لە (زمان) دەکرێ، باس لەنەتەوەو ناسیۆنالیزم و ستراتیژیەتی ناسیۆنالیزم دەکرێ، ستراتیژیەتی هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستی بریتییە لەدەوڵەتی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی، یەك نەتەوە، یەك زمان، ئامانجی ستراتیژی هەر ناسیۆنالیزمێکی ناو قەوارەی یەك نەتەوەیە، ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمێکی دروست و سروشتییە، چونکە نەتەوە و زمان کۆڵەگەی قەوارەکەن هەروەها ناسنامەی قەوارەکەش پێکدێنن.

یەکێ لە کێشە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەیە هێشتا خۆی تەواو بەو ڕوئیا و جیهانبینی و میتۆدەوە فۆرمەڵە نەبووە، بۆیە مەسەلەی (نەتەوە)ش لەلای ئەو،ئەو چوارچێوە سیاسییە نییە کە هەر بزاڤێکی ناسۆنالیزمی کاری لەسەر دەکات! وەبزانم فۆرمەڵە نەبوونی ئەو (ڕوئیا) و (پەیامە) زیاتر پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، دروست بوونی حیزبی کوردی لەعێراق و باشوری کورستانەوە هەر زوو بە ئایدیۆلۆژیایەکی (ئۆمەمی)یەوە گرێدرا، ئەو ئایدیۆلۆژی ئومەمییە، پەتایەکی سیاسی لەهەناوی کوردستانەوە چاند. هەمیشە ئەلتەرناتیڤی پاشکۆبوون بە دەوڵەتی داگیرکاری کردە یەکێ لە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی!! نەتەوە لەناو ئەو ستراتیژیەتەوە نەك هەر کاڵ بۆوە، بەڵکو لە ئاکامی ململانێی سیاسیی و ناوخۆوە تەواو چەمکی خۆی لەدەست داو بووە مەسەلەیەکی جوگرافی نەك ئەتنیکی!!

ئەو بزاڤە ئایدیۆلۆژیە، هەروەك بەدیلی پاشکۆبوونی قەبوڵ کرد و کاری بۆ کرد، جگە لە پاشاگەردانی نەتەوەیی هیچی تری بۆ نەتەوە نەکرد!!

ئەزموونی حوکمڕانی کوردیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتەمەنترین ئەزموونی دەسەڵاتی حیزبی کوردییە! ئەو حکومەتە، پەرلەمان و دەستور و ئاڵای خۆی هەیە، بەڵام بەڕەسمی جورئەتی ئەوەی نەکردووە (زمانی فەرمیی) و

(زمانی ستانده‌ری) خۆی ڕابگه‌یه‌نێ! ئه‌مه‌ش ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ستره‌کچه‌ری پێکهاته‌ی سیاسه‌تی حیزبی کوردییه - به‌واتایه‌کی تر، هه‌لاتنه له قۆناغی په‌ڕینه‌وه له (میرنشینی) بۆ (نه‌ته‌وه‌نشینی) به‌هه‌موو دام و ده‌زگاکانییه‌وه، ئه‌گه‌رنا، ئه‌گه‌ر حکومه‌ت و په‌رله‌مان، دیارده‌ی دامه‌زراوه‌یی و ده‌وڵه‌تیی ده‌گه‌یه‌نن چ حکومه‌ت و په‌رله‌مانێك هه‌یه زمانی فه‌رمیی و زمانی ستانده‌ری خوێندنی نه‌بێ؟!

له‌و لاوه‌ش به‌شێ له بزاڤی سیکیولاریزمی کوردی بارگه‌کراو به ئایدیۆلۆژیای ئومه‌مییه‌وه کار بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌وڵه نه‌ته‌وه‌ییه‌ش ده‌کات که ده‌یه‌وێ له ڕێگای زمانه‌وه تاکه‌کانی نه‌ته‌وه به یه‌ك ئاشت بکاته‌وه، کاره‌ساته‌که‌ش له‌وه‌دایه سه‌رانی ئه‌و بزاڤه دژه–نه‌ته‌وه‌ییه زۆربه‌یان شه‌هاده‌داری زانکۆکانی رۆژئاوان!!

* تاکستانده‌ری... تاکنه‌ته‌وه‌یی:

هه‌ر بزاڤێکی ناسیۆنالیستی ده‌بێ کار بۆ دۆزینه‌وه‌ی فاکته‌ره‌کانی کۆکه‌ره‌وه‌ی نه‌ته‌وه بکات! ده‌سه‌لاتی ناسیۆنالیستی کوردی له باشور به‌ڕه‌سمی کار بۆ قه‌بوڵکردنی تاکستانده‌ریی ناکات، ئه‌مه‌ش خۆی له‌خۆیدا هه‌لاتنه له‌ژیانی دامه‌زراوه‌یی و ده‌وڵه‌تی مۆدێرندا، چونکه له‌هیچ ده‌سه‌لاتێکی نه‌ته‌وه‌ییدا، مه‌سه‌له‌ی زمانی نه‌ته‌وه ئه‌وها فه‌رامۆش ناکرێ... هه‌روه‌ها له‌په‌نا ئه‌و (بێ ده‌نگییه حکومییه)دا خه‌ریکه به‌ره‌به‌ره له کۆله‌گه‌کانی نه‌ته‌وه ده‌درێ و تایفه نا مۆسلمانه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌ناوی خۆیان ئێزیدی، کاکه‌یی، شه‌به‌ك له‌جه‌سته‌ی نه‌ته‌وه جیا ده‌کرێنه‌وه، له‌قۆناغی تر، پێناسه‌ی حکومه‌تی به‌غدا بۆ کورد ته‌نها عه‌شیره‌ته‌کانی باکووری عیراق ده‌بێ!!

د. ئه‌میری حه‌سه‌ن پوور، ئه‌و تاکستانده‌رییه‌ی زمانی کوردی پێ قه‌بوڵ نییه‌و له نا –کوردێك به‌گوڕتر کار له‌سه‌ر کوشتنی یه‌ك زمانی کورد ده‌کات! د. ئه‌میر له‌زۆر شوێن ئه‌مه‌ی درکاندووه و تاکستانده‌ری کوردی به "شۆڤینیزمی سۆرانی" داناوه،ئه‌و

بیرۆکەیە هی سەردەمی ململانێی میرانی کوردە هەروەها سەدام حسێن زۆر پێش ئەمیری حەسەن پوور بە بەرنامەیەکی ستراتیژی کاری لە سەر لاوازکردنی هەژموونی زمانی کوردی لە باشوری کوردستان کردووە و هەوڵی داوە ناسنامەی " زمانی" لێبسێنێتەوە و وەك زارێك بەرانبەر بنزاری بادینی بیناسێنیٚ!! هەروەها ڕژێمی ئێرانیش لە ڕێگای رادیۆ کوردیەکەیەوە هەوڵی تیرۆرکردنی "زمانی کوردی" دەدا بەوەی بەرنامەی بە "زۆر زار و بنزار" پێشکەش دەکرد بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە ناو زارەکانی بزر ببیٚ!!

سەیرەکە لەوەدایە ئەو توێژەرەی کورد بەزمانی ئینگلیزی ئەو بیرۆکە جووتستاندەرییەی لەیەکەم کۆنفرانسی ئەمەریکای باکور لەبارەی زمانی کوردییەوە دوپاتکردۆتەوە!!

لەو کۆنفرانسە، د. ئەمیر ڕەخنە لەدامەزراندنی حکومەتی کوردی دەگریٚ، چونکە ئەو دەسەڵاتە لەڕووی زمانەوە هەندیٚ ناکۆکی خولقاندووە، د. ئەمیر لەبارەی سیٚ خاڵەوە لەو کۆنفرانسەوە ڕەخنە لە تاکستاندەری دەگریٚ و پەسەندی جووتساندەری دەکات:

١– گەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی ئێستا لەکوردستانی عیراق دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە بۆ چوونێکی نا دیموکراتیکی وەبەرگرتووە لەمەڕ کێشەی زمانی ڕەسمی، لەهجەی ستاندارد و نکووڵی دەکا لە تەبیعەتی جووتساندارد و فرە لەهجەیەتی زمانی کوردی.

٢ـ سیاسەتێکی تیژبەری پەتیگەری لەگۆڕیٚ دایە کە کۆڵەی زمانی کوردی کوتاوە. بەدڵنیاییەوە ئەوە سیاسەتێکی ڕەسمی دەوڵەت نییە ئەگەرچی لەهەموو ئاستە ڕەسمییەکان دا بەڕێوەدەچیٚ و جێی ئاماژەیە ئەو پەتیگەرییە بەر لەدامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەساڵانی ١٩٢٠ کانەوە دەستی پێکردووە.

٣ـ حەول دان بۆ پلان داڕشتنی زمانی چڵ و شێوە چڵ و بیٚ کەڵکن.

ئەگەر بەمیتۆدی هەڵوەشانگەرایی کار لەسەر ئەو قسانەی د. ئەمیر حەسەن

پوور بکەین ئەوەندە کەلێنی تێدایە بۆ تـــەواو هەڵوەشـــاندنەوەی تـــەواوی تێکـــستەکە! هـــەروەها ئەگـــەر لەڕوانگەیـــەکی نەتەوەییـــەوە لـــە قسەکانی بکۆڵینەوە ،ئەوە ئاخێوەری قـــسەکان هـــەموو ناســـنامەیەکی نەتـــەوەیی ون دەکـــەن و وێنـــەی توێژەرێکی "شۆڤینی" دژ بە کوردمان لە ئەندێشەدا دروست دەبێتەوە!

ئەگـــــەر لـــــەڕووی دینیـــــەوەش لەمەسەلەکە وردبینـەوە، ئـەوە پـوور، مافی نەتەوەبوون، کە خودا بە کوردی و زمــــــانی کـــــــوردی داوە دەســـێنێنەوە! ئەمـــەش ئەفـــسانەی ئەلموسـلی —مـان وەبیردێنێتـەوە کـە دەیـــووت لـــە کـــاتی دابەشـــکردنی زمانـەکان بـە سـەر نەتـەوەکان ،کـورد درەنگ هاتن بۆیە هیچ زمانێ بۆ ئـەوان نـــەمابوو هەربۆیـــەش کـــورد زمـــانی نەتەوەییان نییە!!

بەپێویـستی دەزانم قـسە لەسـەر دێـر بـەدێری (قـسەکانی) د. ئـەمیر بکـەم. دەربارەی خـاڵی یەکـەم. لـەم بەشـەدا چـــەند مەســـەلەیەك پێویـــستیان بەهەڵوەستە لەسەرکردنە:

- بۆچوونی نادیموکراتیکی

ئەگـەر کـارکردن لەسـەر دۆزینـەوەی ئەگـــەرەکانی یەکخـــستنی نەتـــەوەو زمـــــانی نەتـــــەوەو ڕزگـــــاربوون لەبیرکردنەوەو هەژموونی عەشـیرەت و هـۆزو و مـیر و میرنـشینی بۆچـوونێکی نادیموکراتیك بێ، خۆم شانازی دەکەم کە بابایەکی نادیموکراتیك بم! وەبـزانم مەســەلەی دیموکراســی و نەتـــەوە و زمـان زێـتر پەیوەسـتن بـە دەوڵـەت و بیرکردنەوەی تاکـەکانی نـاو دەوڵـەت، بەواتایـەکی ئاسـانتر دیموکراسـیەت و نەتەوەو زمان ناسنامەن بۆ قۆنـاغێکی مێـژوویی، چـونکە ئـەو (سـێ) یـە لەقەڵەمرەوی میرنـشین فۆرمەلـە نـابن تـــەنها لـــەناو دەوڵەتـــدا و عەقڵیـــەتی دامەزراوەیی بەرجەستە دەبن! لـە نـاو دەوڵـەتی تاکنەتـەوش قـسە لـە سـەر تاکزمـــــانی دەکـــــرێ نـــــەك جووتستاندەری!

ــ بۆچـوونی نـادیموکراتی دەسـەڵاتی کوردی

لەمـــەڕ کێـــشەی زمـــانی ڕەسمـــی،

لەهجەی ستاندارد. تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی دوو پڕۆژە دەستووری دەرکردووە: لەبەندی هەشتەمی پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانی عیراق داهاتووە زمانی کوردی زمانی فەرمی یە لەهەرێمی کوردستاندا، کەچی لە پڕۆژە دەستووری دووەمدا کە لە ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە لەبڕگەیەکی ماددەی چواردەدا هاتووە:

"کوردی و عەرەبی دووزمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن".

لەم دوو بەندەدا پەرلەمان و حکومەت ناسنامەی زمانی فەرمیی و زمانی ستاندەری کوردیان دیارنەکردووە بەپێچەوانەوە، بۆچوونی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان لەمەڕ زمانی فەرمی و ستاندەر نا دیموکراتییە، چونکە بە شەفافی ناسنامەی زمانەکە دیاری ناکەن. ئەوەتە لە پەرلەمان و حکومەتی عیراقی دا سەرۆك کۆمار و نوێنەرانی کورد بەکوردی قسە ناکەن، چونکە شەرم لە (زمانەکەیان) دەکەن ئەگەرنا دەستوری عیراقی و هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی پێداون بەزمانی خۆیان قسە بکەن و لێدوان بدەن!

* لەهجەی ستاندارد و زمانی ستاندەر زمان و لەهجە زۆر لەیەك جودان هەر کە لەهجە بەرەو زمان دەچێ، چی تر بە لەهجە نامێنێتەوە! لەهجەی لەندەن و لەهجەی پاریس، کە بوونە زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرەنسی، ئێستا ئەو دووە لەهجە نین، زمانن! لەهجە، زمانی ئاخاوتنە، زمانی نەتەوە نییە، هەروەها زیاتر زمانی دایکە، زمانی دایکیش زمانی ستاندەر نییە، ئەو زمانی نووسینەی کە چەند قۆناغێکی بڕی وەك زمانی کوردی مەلایی ، زمانی ئەدەبیی، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، زمانی شێوەستاندەر، ئێستا ئەگەر هێشتا تەواو بەپێوەری پلانی زمان و سیاسەتی زمان وەك زمانێکی ستاندەر شەکڵی نەگرتبێ، نە بنزاری سۆرانی یە نە بنزاری سلێمانی؟!

سەیرەکە لەوەدایە، د. ئەمیر پوور دەیەوێ حکومەتی کوردی تووشی

"خیانەتێکی زمانەوانیی" بکات بەوەی (زمانێك!) بەرە و(لەهجە) بگەڕێنێتەوە!! هەموو حکومەتەکانی عیراق، بەوپەڕی شۆڤێنیانەوە، لە د. ئەمیر دیموکراسی تر، سینە فراوانترن بەرانبەر زمانی کوردی ئەوان لە دەستوورەکانیان (لەپاشان لەنووسینێکی تر بەدرێژی باس لەو دەستورانە و زمانی کوردی دەکەم) ناسنامەی (زمان) بۆ زمانی کوردی بەکاردێنن کەچی کاك دکتۆر حکومەتی کوردی بە نادیموکراتیك و ئەوانەی باوەڕیان وایە کورد زمانێکی ستاندەری هەیە، کە لەسەر زاری کرمانجی ناوەڕاست شەکڵی گرتووە، بە "شۆڤێنزمی سۆرانی" ناوزەدیان دەکات!!

* تەبیعەتی جووتستاندەری و فرە لەهجەیەتی زمانی کوردی

لێرەدا د.ئەمیر کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە! ستاندەربوون یانی بەتۆبزی بەستاندەرکردن پەیوەستە بەسیاسەتەوە نەك سروشتی زمانەوە. هیچ زمانێکی نەتەوەیەك نییە خۆی قەبوڵی جووتستاندەر بکات، بەڵام دەکرێ زمانی نەتەوەیەك بە (زەبر) نەك بەرەو دوو ستاندەری ، بەڵکو چەند ستاندەری ببردرێ!!

بەڵام گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین، بەو پرۆسەیە زمانە نەتەوەییەکە دەکوژین، چونکە زمانی ستاندەر لەگەڵ منداڵەکانمان گەورە دەبێ، ئەو زمانی پەروەردەیە، زمانی کتێبە بەشێك لە کەسێتی کەلتوری تاکەکان پێکدێنێ... لەهەر شوێنێك کار لەسەر ئەو دووستاندەرییە کرابێ نەتەوەکان بەرەو پەرتەوازەیی چوون.

زۆرجار فاکتەری مەزهەبی، ئاینی و سیاسی دەبنەهۆی دروستبوونی دووستاندەر، لەناو کوردا کێشەی مەزهەبی و ئاینی نییەو ئاین هۆکارە بۆ تاك زمانی نەك دووبەرەکی چونکە بەڕاستی جووتستاندەری هەم دووزمانی و هەم دوو بەرەکی لێدەکەوێتەوە هەروەك ئێستا لە ئەو کێشەیە زۆر بەزەقی لەلای کروات و سربیەکانی ناو بۆگسلافیای کۆن ڕەنگی داوەتەوە!

فرە لەهجەیەتی زمانی کوردی هیچ پەیوەندی بە جووتستاندەرییەوە

نییە. ئەگەر مەسەلەی فرە لەهجەیی هۆکاربووایە ئەوە هەرگیز عەرەب و ئینگلیز و فەرەنسی زمانی تاکستاندەریان لەناو خاکی نەتەوە پێ دروست نەدەکرا!!

دیاردەی فرە لەهجەیی هیچ ئاریشەیەك بۆ زمانی ستاندەر دروست ناکات بەپێچەوانەوە هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، حکومەتی هەرێم نەك هیچ بۆچوونێکی نا دیموکراتیکی لەبارەی فرە لەهجەی کوردی نەنواندووە بەڵکو، لەبەندی دووەمی ماددەی چواردەی دەستوری پەسەنکراوی هەرێمدا زمانی تورکمانی و سریانی وەك دوو زمانی ڕەسمی لەتەك زمانی کوردی و عەرەبی ناساندووە! هەروەها لەژێر فشاری دەڤەری بادینان، ئەوە خەریکە بەڕەسمی و بەفەرمانێکی وەزاری دان بەهەژمونی شێوەزاری بادینی و ناو کرمانجی سەروو لەقۆناغەکانی خوێندنی ناوەندیش دابنێ!!

لەخاڵی دووەمدا، ڕەخنە لەو توێژەرانە دەگرێ کە باوەڕیان بە تاکستاندەری کوردی هەیە و دەڵێ: "سیاسەتێکی تیژپەڕی پەتیگەری لەگۆڕێ دایە کە کۆڵەی زمانی کوردی کوتاوە" لەنەزەر کاك د. حەسەن پوورەوە ئەو بزاڤە زمانەوانییەی لەسەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموودەوە کار لەسەر فەراهەم هێنانی زمانی کوردی دەکات و دەیەوێ کورد لەهەژمونی دەسەڵاتی زارەکان ڕزگاری ببێ و بونیاتی نەتەوە و یەکێتی نەتەوەیی لەڕێگای یەك زمانییەوە بەرپا بێ، ئەو، ئەو ئەزموون و بزاڤەی پێ هەرس ناکرێ، بەڵکو بە هەڕەشە بۆ سەر زمانی کوردی ناودەبات!! نازانم مەبەست لەزمانی کوردی لای د. پوور چییە؟! خۆ بەگوێرەی تیۆرەکەی پوور بێ کورد زمانی نییە، بەڵکو چەند "لەهجە"یەکی هەیە!! زۆرێك لە کوردناسەکان و توێژەرە فارسەکان قسەیان لەو مەسەلەوە کردووە! جیاوازی د.حەسەن پوور لە گەڵ ئەوانە ئەوەیە:ئەوان یان لە بێئاگایی و بێزانیاری ئەکادیمی یان دوژمنکاریانە بووە ، بەڵام نازانم ئەوەی حەسەن پوور لە چ ڕووانگەیەکەیەوەیە؟؟!!

د. حەسەن پوور تەنها لەوە ڕاست

دەكات كە ئەو بزاڤەی كار بۆ فەراهەم هێنانی زمانێكی ستاندەرو فەرمیی بۆ كورد دەكات لەدەرەوەی ستراتیژیەتی و پلان و سیاسەتی حكومەتی هەرێم كاردەكات! ! بەدڵنیاییەوە ئەوە سیاسەتێكی ڕەسمی "دەوڵەت" نییە ! منیش دەڵێم تەواو دڵنیابە كاك دكتۆر، هیچ دام و دەزگایەكی دەسەڵاتی حوكمڕانی كوردی كار بۆ زمانی ستاندەری كوردی ناكات، بەڵكو وەزارەتی پەروەردە وەك (تۆ) بیر دەكاتەوە و پرۆگرام دادەنێ بۆ دابەشكردنی نەوەی نوێ ی كورد بۆ دوو نەوەی تەواو لەیەك جوودا...

ئەوە جاران، ڕۆشنبیری هەردوو دەڤەر دەیانتوانی لەڕێگای شێوەی "سۆرمانجی"یەوە لەیەك بگەن یان عەرەبی دەبووە لینگوا فرانكایەك، بەڵام ئەم نەوەی نوێیە جگە لەزانینی دیالێكتەكەی خۆی هیچی تر نازانێ! ! بەمەش هیچ ناوەندێكی لەیەكگەیشتن لە نێوان ئەو دوو نەوەیە نامێنێ، چونكە لە ناو ئەو پرۆسەیەوە بەرەو دوو نەتەوە دەچن! !

هەندێ نووسەر، باوەڕیان وایە، با هەردوو لەهجە بەرەو (دوو ـ زمان) بچن، ئێمە خۆمان بە كورد دەزانین، ئەوانیش ئازادن خۆیان بەكورد دەزانن یان نەء؟!

بەدڵنیاییەوە دەڵێم سەدام بیزانیبا ئەو جۆرە توێژەرانە لەناو كورددا هەن، هەرگیز شەڕی چەكداری لەگەڵ كورد نەدەكرد، بەڵكو هەروەك چۆن بەهەندێ نووسەری خۆی (ئاسۆ) و (بزاڤ)ی دروست كرد ئەوە لە بەشەكانی كوردستانیش بڕیاری خوێندن بە زمانی دایك : مندالّی هەر عەشیرەت و هۆزێكی كوردی بە زار و بنزاری خۆی بخوێنێ –دەسەپاند و هەروەها چەند دەزگایەكی دادەنا بۆ تاواندنەوەی زمانی كوردی بۆ چەند زمانێكی تر! !

دەسەڵاتدارانی ئێستای بەغدا، هەر كە عیراق بەرەو (مەركەزیەت) و (دكتاتۆریەت) بچێتەوە شەڕی زمان لەگەڵ كورد دەكەن! ! ئەمەش بە كارێكی دیموكراتی دەزانن ،چونكە بەشێ لە توێژەری كورد باوەڕی وایە كە ڕێگرتن لە زارۆكی بادینی لە

خوێنـدن بـه زمـانی دایكـی (بنـزاری بـادینی)، پرۆسـەیەكە لـە كوشـتنی زمان_linguicide!! جا بۆ ئـەوەی ئەمـە ڕوونـەدات ، ئـەوە حكومـەتی عیراقی بۆ هەر دەڤەرێكی كوردی زار و بنـزارە كوردییـەكان دەكاتـە زمـانی پێخوێندن!!

لەكۆنفرانـسەكە چـەند وتـارێكی تـر خوێندرانەوە، وەك:

١ـ زمـانی كـوردی و سیاسـەتی زمـانی لەنێوان جەعفەری شێخ لئیسلام.

٢ـ تركییـە، سیاسـەتی زمـانی میـدیاو زمانی كوردی كریستیان سینكلێر.

٣ـ بارودۆخی زمانی كوردی لەتوركییە: ئۆپنگین، ئەرگین.

٤ـ بـەكارهێنانی زمـان لەڕۆمانـە كوردییەكانـدا: د. هـاشمی ئەحمـەد زادە.

٥ـ كاردانـەوەی زمـانی كـوردی لەسـەر زمانی ئارامیی نوێ: پۆنا سابار.

٦ـ خـەونی مـن لەمـەڕ سیـستمی پەروەردەی كوردی: مقایل ل شایەت.

جەعفەری شێخ لئیسلامی یش یەكێكە لەو توێژەرانەی وەك ئـەمیری حەسـەن پوور باوەڕی بە جووتستاندەری هەیە، لـەو وتـارەی بـەبێ ئاگـایی ئاماژە بـە هەڕەشـەی فـرە زمـانی لەسـەر یەكپارچەیی خاك و یەكێتی نەتـەوەیی دەكـات. لێـرەدا لـە شـێخ لئیـسلام دەپرسـم ئەگـەر لـە وڵاتێكـی فـرە نەتـەوەیی وەك ئێرانـدا فـرە زمـانی هەڕەشـەبێ ئـەی چـۆن لـەناو یـەك نەتەوەدا دیاردەی فرە زمانی بونیـادی نەتـەوە هەڵناوەشـێنێتەوە؟!ئەمـە چ ئارگیومێنتێكـە، كـە داگیركـارانی كوردستان لـە پێنـاو پاراسـتنی زمـانی خۆیان ئەوە قەبووڵی هیچ زمانێكی تـر ناكەن لە وڵات ، ئەدی لە سەر چ بنەما و شەنگـستێ هـەوێ یـێ بـۆ زمـانی كوردی جاڕ دەدەن؟!بۆ چی لـە نـاو دامودەزگـای حكومـەتی كوردیـدا فرەزمانی كوردی هەبێ؟!

ئـۆپنگین ئـەرگینی زانكـۆی سـێ ی پـاریش لـەكۆتایی لێكۆڵینەوەكـەی بانگەشـەی بـۆ دوو زمـانی دەكـات و دەڵێ:

هەڵ و مەرجی زمانی كوردی لەتركییـە وێدەچـێ نموونەیـەك بـێ لـە "دوو زمانێتی بەبێ دوو زارێتی". د. هاشمی ئەحمـەد زادەش لەوتارەكـەی دەگاتـە ئـەو ڕایـەی كـە بڵێـت: "ژانـری

ڕۆماننوسی کوردی هاوشانی یەکتری بە (سێ) دیالێکتی کوردی بەرەو پێش دەچێ!!

میکایل ل. شایەت یش لەکتێبخانەی کۆنگرەی ئەمریکا بەناوی خەونی من لەمەڕ سیستمی پەروەردەی کوردی دەڵێ: لەو سیستەمە کوردییەدا هەم کورمانجی و هەم سۆرانی هەردووکیان فێرە منداڵە مەدرەسەیی کورد بکرێ " مکایل، لەکۆتایی دەڵێ: ئەوانە بۆچوونی منن نەك کتێبخانەی کۆنگرەی ئەمەریکا!!.

نازانم بۆ لەقوتابخانە منداڵە کورد فێر کوردمانجی و "سۆرانی" بکرێ؟ چما قوتابخانە عەشیرەتخانەیە؟! یان پاوانی ئاقاریماڵی دوو ئاغایە مێگەلی هەردوولای تێ بکرێ؟!

لەقوتابخانە منداڵی کورد دەبێ فێری "زمان"ی کوردی ببێ، نەك زارو بنزاری و کۆڵان و گەرەکی کوردی!! ئەو زارو بنزارانە، زمانی دەرەوەی قوتابخانەن! با زمانی ڕاگەیاندنی حیزب و ئەدەبی ناوچەش بێ ، بەلام نەك قوتابخانە! ئەرێ عەرەبە میسرییەکان زاری میسیری دەخوێنن یان زمانی عەرەبی؟!

ئەرێ دەکرێ بەزمانی لاوك و حەیران ماتماتیك و فیزیاو کیمیاو سیاسەت و کارگێڕی بووترێتەوە؟!

ئەوانە چۆن بیردەکەنەوە؟! ئەرێ ئەو کۆنفرانسە بۆ یەکێتی زمانی کوردی بوو یان بۆ دوو لەتی زمانی کوردی؟!

پوختە:

خۆم باوەڕناکەم هیچ توێژەرێکی ڕەسەتی نەتەوەیەك هەبێ بانگەشە بۆ دوور زمانی بۆ نەتەوەکەی بکات!! لەوانەیە، ئەو کوردانەی لەدەرەوەی وڵات کار بۆ دوو ستاندەری و سێ ستاندەری دەکەن، بڵێین ئێمە مەبەستمان دروستکردنی دوو زمان و سێ زمان نییە، بەڵکو تەنها مەبەستمان زمانی خوێندن و فێرکردنە!! بەڕاستی ئەگەر وابێ، کورد واتەنی، بیانووەکەیان خراپترە عوزرەکەیان قەباحترە، چونکە ئەوان لەدەرەوە، دەبێ ئەوەندە لەزمانی ستاندەری نەتەوەیی گەیشت بن کە زمانی خوێندن بونیادی نەتەوە دروست دەکات، ئەوجا کە دووسێ ستاندەر لەخوێندن پەیڕەوکرا ئەوە دووسێ نەتەوە لەکورد دروست دەبن و تاکەکانی هەر هیچ لەیەك ناگەن،

هەرکاتێکیش تاکەکانی دوو زمان لەیەك نەگەیشتن، ئەوە زمانی ئەو دوو تاکە، زمانی جودان نەك دوو دیالێکتی یەك زمان!!

خاڵێکی تر، هێندە "گەورە" کردنی زارێك هەر زارێك جگە لەگەڕانەوەی بۆ سەردەمی میراتی، ئاغایەتی و دەرەبەگایەتی هیچی تر ناگەیەنێ، چونکە مەودای دیالێکت لەمەودای هۆزو عەشیرەت تێناپەڕێ!!

لەسەردەمی عەولەمەدا، ئەوە خەریکە زمانە هەژمونـدارەکان زمانە نەتەوەییەکان لەماڵەوە تێرۆر بکەن، کەچی هەندێ توێژەری ئێمە دەهۆڵ بۆ سەروەری دیالێکت لێدەدەن!!

بەداخەوە، خەڵکی عەوام هیچ کێشەیەکی زمانی نییە سۆرانی بادینی، گەرمیانی هەورامی لە "ئاخاوتن" و "مامەڵەکردن" لەیەك دەگەن، کەچی شەهادە دارەکان سیاسەتێکی ئەوها بۆ نەوەی داهاتوو دادەڕێژن بۆ ئەوەی هەریەك لەو زارو بنزارانە ببن بەزمانی سەربەخۆ و لەپاشان نەتەوەی سەربەخۆ...

سەیرەکە لەوەدایە، زۆربەی کۆنفرانسەکانی کوردیش بۆ زیاتر چەند (لەت) کردنی زمان و ڕێنووس و بیرکردنەوە و هزری کوردییە!

لەکۆتایی هێندە دەڵێین، گرنگە کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر یەك (زمان)ی هەبێ جا کامە (زار) و (بنزاری کوردی) دەتوانێ لە (زار) ڕزگاری ببێ و ببێ بە (زمان)ی نەتەوەو ستاندەر و فەرمیی وڵات، لام گرنگ نییە، چونکە ئەو (زمان) ە، دەبێتە (باوکی) هەموو زارەکان و یەك ماڵباتی کوردی پتەو پێکدێنێ و هەموویان لە یەکتر و داگیرکاران دەپارێزێ!!

# واتای وشه

**بەشی دووەم و کۆتایی** **شوکر گەلالی**

– پەیوەندی ئاسۆیی / سینتاگماتیکی

بریتییە لەپەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەتن و پلەی لەگەڵ یەك هاتنیان لەناو رستەدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی . واتە وشەکان تا چەند هاورێیەتییان لەگەڵ یەك هەیە .تاوەکو بەیەکەوە بێن (سەلام ناوخۆش ٣١:٢٠٠٥)، بۆ نموونە (کۆتر)هاورێیەتی لەگەڵ (گریان) نییە یان (منداڵ) لەگەڵ (فڕین) هاورێیەتییان نییە وناگونجێ،بەڵام (کۆتر) لەگەڵ (فڕین) هاورێیەتی هەیەو دەگونجێن بەیەکەوە هەروەها (منداڵ و گریان)یش بەهەمان شێوە

کۆترەکە گریا *


مناڵەکە فری *

کۆترەکە گریا

مناڵەکە گریا

دەکرێت ئەم پەیوەندییەی باسکرا لەم هێلکارییە روونی بکەینەوە .

هێلکاری پەیوەنی کەرەسەیی ڕستە




شێوەکانی پەیوەندی ئاسۆیی
کۆتی هەڵبژاردن
کۆتی بەیەکەوە هاتن
نیشانکراو نیشان نەکراو(عبدالواحید مشیر:٢٠٠٩:؟) .

١- کۆتی هەڵبژاردن / یەکێکە لەپەیوندی ئاسۆی کەرەسەکانی رستە ، کەرەسەکان خۆیان ئەو کەرەسەی هەڵدەبژیرێ لەگەڵیدا ریك دەکەوێ ، چونکە لەهەڵبژاردن پلە هەیە بەوەی چی لەگەڵ دێت(هەمان سەرچاوەی پێشوو:؟) ، بۆنموونە

............ رۆژنامەکەی خوێندەوە (برنج ، تۆپ ، بەرد ، قوتابی )
بێگومان رستەکە (قوتابی) هەڵدەبژێێ بۆ بۆ دروستکردنی رستەیەکی ریزمانی مانابەخش
٢- کۆتی بەیەکەوە هاتن /مەبەست هاورێیەتی کردنی وشەکە لەگەل وشەکانی کەلەگڵیدا دێت (بریتیە لەپەیوەندی ئاسایی وشەیەك بەهەندێ وشەی ترەوە لەناو رستەیەکدا،هەندێ دەستور و یاسا دەگرێتەوە کەلەسەری رێککەوتووین

لەبەکارهێنانی وشەکاندا)(بروانە عبدالواحید مشیر:٢٠٠٩:٧٤). ئەمەش یەکێکە لەپەیوەندی ئاسۆیی کەرەسەکانی ڕستە دەبینین لێرەدا بەیەکەوە هاتنی کەرەسەکان دەور دەبینێ ، بۆنموونە :

– ئازاد نان دەخوات
– ئازاد غەم دەخوات
– ئازاد سوێند دەخوات

ئازاد توانای خواردنی هەیە لەسەر هەمووبەرکارەکانی(نان و غەم و سوێند)، وەهەروەها بەرکارەکانیش کارەکەیان بەسەردەسەپێنریت کەخواردنە لەلایەن ئازادەوە ، واتە لەئەنجامی بەیەکەوە هاتنی کەرەسەکان هاوڕێیەتیەك دروست بووە(ئالیەتی کاری خواردن)ە، بەلاّ لەرستەی (ئازاد بەردی خوارد) پێویستە دەورو بەری بۆ بهێنیتەوە (لەوانە بەردی دامەبێت ).

٣– نیشانکراو نیشان نەکراو/ نیشانکراو و نیشان نەکراو لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم وشانەی لەژیانی رۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین،هەندێکیان تایبەتمەندی وەردەگرن لەبەکارهێنانیاندا،ئەمەش بەپێی زەمەن دەگۆڕێت (ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە ،کەئاماژە بۆکەس و کات و شوێن و پلەو پایە هاوبەشەکان دەکەن و خالێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیك بەوەی سیمانتیك گرنگی بەنیشانکار نادات چونکە چەمکی گشتی لامەبەستە گوێ بەهاوبەشەکانی کات و شوێن و قسەکردن نادات، چونکە لەرستەی

– بە پێغەمبەر بۆت دێنم .

وشەی (پغێەمبەر) بۆکامە پێغەمبەر دەگەرێتەوە ،بەلاّم لە پراگماتیك پێویستە ،کە کەسی قسەکەرو گوێگر هاوبەشەکان کێن و کات و شوێنی قسەکردن چیە؟چونکە ئەگەر زانرا ،کە کەسی قسەکەر (کریستیانە) ئەو کات دەزانین رستەی سەرەوە باس لەکامە پێغەمبەر دەکات(عبدالواحید مشیر:٢٠٠٩:٣٤)،واتە بەیەکەوە هاتنی مەبەستەکانە .هەندێك ناوهەیە نیشانکراوە وەکو (چێشت لێنان)بۆ ئافرەتان و (شوفێری تاکسی)بۆ پیاوان ،

نیشان نەکراویش وەکو(قوتابی ، مامۆستا).

نیشانکاەکان دوو جۆرن هەیانە ئاماژە بۆکراو هەشە گەڕانەوەیی (هەمان سرچاوەی پێشوو:٣٤).بۆنموونە هەردوو وشەی(کەنداوی عەرەبی– کەنداوی فارس)ئاماژەنە بۆ یەك شت بەلاَم لەرووی گرانەوەیان بۆ کەسەکان جیاوازە عەرەب دەلێت کەنداوی عەرەب و فارسەکانیش دەلێن کەنداوی فارس.

بەشی دووەم / جۆرەکانی واتای وشەو گۆڕان و هۆکارەکانی کۆڕانی واتا

تەوەری یەکەم : جۆرەکانی واتا /

واتا زۆرجۆری هەیە لیچ سیٚ جۆر لەواتا دیاریی دەکات کەدووەمیان دابەشی سەر لقی جۆراو جۆر دەبێت :

واتای هۆشەکی

واتای بارکراو (لاوەکی )

ا–راگەیاندن

ب–شێوازی

ج–دەروونی (کاریگەر)

د– رەنگدانەوەیی

ه– هاوڕێیەتی

٣– واتای بابەتی : LEECH :1974:10

١– واتای هۆشەکی

ئەمجۆرە واتایە هۆی سەرەکی لەیەکتر گەیشتنە و بەشێکە لەواتای فەرهەنگی وشەکە (گرنگی بەدیهاتنی ئەجۆرە واتایە ئەوەیە دەبێت بەکارهێنەرەکانی لەسەر ئەم واتایە ڕێك بکەون بۆ وشەکە)(عبدالله عزیز محمد : ٥١:١٩٩٠ )ئەمجۆرە واتایە لەهەموویان گرنگترە بۆ زمان و دەورێکی گرنگ دەبینیٚ بۆ پەیوەندیکردن ، لەشێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنیٚ .

پیاو = +مرۆڤ +هەراش+نێر

٢– واتای بارکراو (لاوەکی )/ئەو واتا زیادانە دەگرێتەوە کەدەخرێتە سەر

واتافەرهەنگییەکەی واتایەکی بگۆڕەو پلەو پێوانی کەم وزیادی هەیە(عبدالواحیدمشیر:٢٠٠٩:٨٧)،ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

ا- واتای راگەیاندن : ئەو واتایە زیادەیە دەگرێتەوە کە دەخرێتە سەر واتا هۆشەکیەکە ، لەگۆڕاندایە بەپێی کۆمەلگاو سەردەم ،بەمەش لەفەرهەنگدا تۆمارناکرێ چونگە گۆراوە و کۆتایی نیە و سیمای جیاکەروەی نیە ، هەندێ جار تێکەڵ دەبێت لەگەڵ واتا هۆشەکیکە .لەگۆڕانی بەردەوام دایە کۆتاییەکەی کراوەیە پلەی لەنێواندا هەیە(ڕیژنە اسماعیل :٢٠٠٨:٤٨) .

جولەکە = +تەماح + ترسنۆکی+ دەوڵەمەندی

ب-واتای شێوازی : هەموو ئەو وانایە دەگرێتەوە ،کەزانیاریمان دەربارەی قسەکەر دەداتێ ئەم زانیارییە بریتییە لەدیاریکردنی پلەی خوێندەواری و ئیش و کاری و جۆری زارەکەی و پلەی پێشکەوتوویی زارەکە زاری بازاڕییە یان نوسینە ،ئەدەبە ،هەندێ جار واتاکە لەوسەکان و گۆکردنیان بەدی دەکرێت(محمد معروف فتاح :١٩٩٠:١٥٩).


| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرف | بەفر | گور | گوڵ |
| لاوەکی شێوەزاری بۆتان | هۆشەکی | لاوەکی خۆشناوەتی | هۆشەکی |

ج- واتاتی کاریگەری دەروونی / ئەم جۆرە واتایە(لەسەر بنچینەی هەست و سۆز بنیاد دەنرێت هەست و هەڵوێستی کەس دەردەخات بەرامبەر بەکەس شت روداو...هتدبەپێی کەس و کۆمەڵگا دەگۆرێت)(عبدالواحید مشیر:٢٠٠٥:٧٢)، هەڵوێست و هەستەکانیش لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆرێت .هەرکەسەو بۆچوونی خۆی بەجۆرێك دەردەبڕێ جیاواز لەکەسێکی تر (واتای کاریگەری ئەتاونێت بەهۆی واتای هۆشەکی یان لاوەکییەوە یان شێوازییەوە هەستی قسەکەر دەربڕێت بەرانبەر ئەو بابەتەی کەلێی ئەدوێت .(بێخاڵ عبدالله ١٩٨٩:١٨)وەکو:


جوان ← ئاوەڵناو / نرخاندان

یـان بـۆدەربڕینی نـاڕەزایی کەبەکەسـێك دەگوترێـت (تـۆمرۆڤێکی خـراپ وبـێ کەڵکی)(محمد معروف فتاح ١٩٩٠:١٦٧).

د- واتای ڕەنگدانەوە/ئەم جۆرە واتایـە جگـە لـەوزەی وشـەیەك تایبـەتێتی یـان ڕوداوێك یـان شـتێکی دیـاریکراو دەسـت نیـشان دەکـات ، چـەند شـتێکی ترمـان بیردەخاتەوە .بۆنموونە کاتێ گوێمان لەدەنگی هەلهەلە دەبێت یەکسەر شـایمان بیردەکەوێتەوە (عبدالله عزیز محمد :١٩٩٠:٥٤) کـاتێ هەسـتی پێـدەکرێت یـەکێ لەواتاکانی فۆڕمەکە قەدەغە بێت (محمـد معـروف فتـاح :١٩٩٠:١٦٠).ئـەم جـۆرە واتایە زیاتر لەوشە هاوبێژەکاندا دەبێت ،یەکێ لەواتاکانیان ئاسایيە بەڵام ئەوەی دیکەیان کەپەیوەندی بەجەستەوە هەبێت (تابۆیە)کۆمەڵ ڕێی پێ نادات .وەکـو:




هـ- واتـای هاوڕێیـەتی / لەئـەنجامی بەیەکـەوە هـاتنی دوو وشـەوە دەبێـت، کەپەیوەنـدی نێـوان وشـەکان یـەك ئـەوەی تـر ڕادەکێـشێت(ڕێژنـە اسماعیـل :٢٠٠٨:٥١) .




هەنـدێ جـار وشـەی(ڕەنـد ،جـوان ،قـۆز)یـەك واتایـان هەیـە بـەڵام ئـەو نـاوەی کەلەگەڵی دێت جیای دەکاتەوە، وەکو (کـوڕی قـۆز ) یـان (کـچی جـوان) . یـان وشەکانی (میاواندن ، وەڕین ، حیلاندن ) یش بەهەمان شێوە ،.

٣- واتای بابەتی / ئەم جۆرە واتایەیە ، کە قسە تێدا بەلوتکە دەکرێت ، واتـە

قسەکەر وشـەکان ڕێك دەخـات بۆگەیانـدنی مەبەسـتەکەی ، لێـرەدا ڕێکخستنی جیاجیـا مەبەسـتی جیـا جیـا دروسـت دەکـات ،ئەگەرچـی لـەواتا هۆشـەکیەکەدا یەکسانن .لەم جۆرەیان ریزبوونی کەرەسەکان نابێتـە هـۆی گـۆڕانی واتـا (محمـد علی خـوالی:٩٨:١٩٨٢) وەکـو: براکـەم ئـەم کتێبـەی کـڕی ( بـرا ) بەلوتکـە کراوە

ئەم کتێبە براکەم کڕی ( کتێب ) بەلوتکە کراوە .

تەوەری دووەم : شێوەکانی گۆڕانی واتاو هۆکارەکانی گۆڕانی واتا /

* شێوەکانی گۆڕانی واتا/

گواستنەوەی واتا

مەجاز (میتافۆر)

ئیستعار (میتانۆمی)

تەسك بوونەوەی واتا

فراوان بونەوەی واتا

بەرزبوونەوەی واتا

نزم بوونەوەی واتا (ڕیژنە اسماعیل عزیز :٥٢:٢٠٠١)

١- گواستنەوەی واتا/

ڤنـدرس لـەبارەی گواسـتنەوەی واتـا دەلێـت (گواسـتنەوەی واتـا لـەکاتێك ڕودەدات ،کەهەردوو واتاکە بەرانبـەر یـەکتری ڕاوەسـتن ،یـان هـیچ پێـچەوانەیەك لـەڕووی گـشتی و تایبەتییـەوە لەنێوانیانـدا نـەبێت ، وەکـو گواسـتنەوەی وشـە لەهۆکارەوە بۆ هۆ بەپێچەوانەشەوە (ابـراهیم انـیس:١٧٩:١٩٧٥) ئـەمیش دبێتـە دوو بەشی :

ا- مەجاز (میتافۆر) ئەم وشانەی لەزمانـدا بـەم ڕێبـازە هاتونەتـە ئـاراوە، بـوون بەکەرەســـەی لێکۆڵینـــەوەی فەیلەســـوف و دەروونناســـان و ئـــەدیبان و زمانەوانان،چـونکە هەریـەکیان بـەپێی بوارەکـەی خـۆی لەوشـەخوازراوەکانی

کۆڵیوەتەوە(ڕیژنە اسماعیل :٥٢:٢٠٠٨)لەمەجازدا دەبێت وشە دوو تایبەتی هەبێت :١- لەڕووی شێوەوە لەیەك بچن وەکو ملی شوشە سەرەمەنجەڵ ڕووی مێز.

٢ - لەڕووی ئەکەوە لەیەك بچن وەکو ددانی مشار دەسکی دەرگا باڵی فرۆکە.

لەهەندێ جاردا ئەرك و شێوە تێکەڵ دەبن وەکو لە ددانی مشار .

ب- استعارە (میتانۆمی)/ لێرەدا بەپێچەوانەی مەجازە مەرج نییە لەشێوەو ئەرك لەیەکتری بچن ،بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکی تەواویان لەنێوندا هەبێت . خواستن ئەوەیە پشت بەپەیوەندی شت ومەك ببەستین لەیەك بۆشاییدا ، بەواتایەکی تر دووشت کە یەکیان لەناو ئەوەی تریانەوە بێت. زۆرجار بەناوی شتی یەکەمەوە دووەم ناوببرێت.نموونە

قوتابی و پۆل

قوتابیانی پۆلی چوارەم ئامادەن

دەتوانرێت بوترێت: پۆلی چوارەم

- جۆرێکی تر لەخواستن بریتییە ناوبردنی بەش لەگشت وەکو:

دەمەرم هەیە

دەتوارنێت بوترێت: دەسەرم هەیە .

- ئەم جارەیان بەناوبردنی گشت لەبەش نموونە:

ئوتۆمبیلەکە پەنچەربوو

لێرە دا مەبەست تایەی ئوتومبیلەکەیە(ڕێژنە اسماعیل :٥٤:٢٠٠٥) .

٢- تەسك بوونەوەی واتا /

ئەم دیاردەیە کاتێك ڕوودەدات ،کە مرۆڤ وشەیەك لەسنورێکی فراوانی بەربلاو دەبات بۆ شوێنێکی ترو تایبەتی پەیدا دەکات ،یان هەرلەناو دەچێ(یحی عبابنە و امنە الزعبی:١٠٤:٢٠٠٥) ، واتاکەی لەحاڵتێکی فراوانەوە دەگوازرێتەوەی حاڵەتێکی سنوردار ، واتە(وشەیەك یان مۆرفیمێك چەند واتای جۆر بەجۆری

گەیاندووە ، بەڵام لەپاشاندا لەبەر چەند هۆیەك واتاكانی لەدەست داوە و ئیستا هەڵگری یەك واتایە لەزماندا)(فتاح مامە :١:٢٠٠٧)،(تەسك بوونەوەی واتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەچەند سیمایەكی واتایی زیاتر خراوەتە سەر سیمای شتێك)(احمد مختار عمر:٢٣٧:١٩٨٢)، ئەم دیاردەیە دەبێتە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زانستی .بۆنموونە وشەی (شەكراو) سەرتا بۆ هەموو مەولودێك بەكا دەهات بەڵام دواتر تەنها بۆ ژن مارەكردن وە ئیستاش بەكارهێنانی زۆر كەمتر بووە بەرەو نەمان چووە .

٣- فراون بوونی واتا /

پێچەوانەی تەسك بوونەوەی واتایە فراوان بوونی واتا وشەو دیاردەكە لەزماندا كەم دەكاتەوە ،چونكە یەك وشە چەندەها بەكارهێنانی دەبێت ، وەكو وشەی (نان) پێشتر تەنها بەكولێرە دەگوترا ،بەڵام ئیستا بەكولێرەو خواردن و موچەش دەوترێت . یان منداڵ وشوەی (بابە) بۆ هەموو كەس بەكاردێنیٚ لەڕووی شێوە و دەموچاو لەباوكی بكات(یحی عبابنە و امنە الزعبی:١٠٥:٢٠٠٥) . یان وشەی (بەعە)بەرانبەر هەموو ئاژەلێك بەكاردێنیٚ ، مرۆڤ هەموو كات لەژیانیدا هەوڵ دەدات ، ئەركی ئەندامانی ئاخاوتن كەم بكاتەوە بەواتایەكی تر (فراوانكردنی واتای وشە دیاردەیەكی بەربڵاو و سودبەخشە لەهەموو زمانەكاندا )(ابراهیم انیس :١٥٥:١٩٧٥) . فراون بوونی واتا حیسابی داپۆشینی بۆدەكات بەنمونە سەرەتا منداڵ بەهەموو ئاژەلێك دەڵیٚ: بەعە.

٤- بەرزبوونەوەی واتا /

لێرەدا مەبەست گۆڕان نیە بەڵكو باس لەنرخی بەكارهێنانی وشەكەیە ،وشەیەك هەیە مام ناوەندە یان نزمە لەبەكارهێناندا لەپڕێك واتاو بەكارهێنانەكەی بەرزدەبێتەوە (یحی عبابنە و امنە الزعبی:١٠٧:٢٠٠٥) ، یان وشەیەك لەبنەڕەتدا بارو دۆخێكی خراپی گەیاندبێت . ئیستا وازی لەم زاتایەی هێنابێت و واتایەكی باشتری وەرگرتبێت .نموونە وشەی (شۆخ) كەئستا بەواتای جوان دێت(لەكوردستانی باشوور) لەقوناغێكی پێشتردا بەواتای بێ (حەیا)

بەکارهاتووە . هەروەها وشەی (مێش) جاران تەنها بەباڵندە دەگوترا ،بەڵام ئێستا بەواتای مێشی پرچیش دێت(فتاح مامە :٢٠٠٧:١).

٥- نزم بوونەوەی واتا/

ئەمیش پێچەوانەی بەرزبوونەوەی واتایە دیسان نزم بوونەوە لەنرخ و قیمەتە نەك لەبەکارهێنان ، واتایەك لەسەردەمێك نرخێکی بووە ئێستا ئەونرخەی نەماوە یان نزم بۆتەوە ، کاتێك ڕوو دەدات وشە واز لەواتایەکی باش یان بێلایەن بێنێ و واتایەك وەربگرێ ،کە سوکی و ڕێسوایی بگەیەنێ دەبێتە هۆی لەدەست دانی سنوری بەکارهێنانی لەناو کۆمەڵ (یحی عبابنە و امنە الزعبی:٢٠٠٥:١٠٦) .

نموونە وشەی (بۆر) ڕەنگە لەسەردەمێ واتایەکی خراپی نەبووبێت ، بەڵام ئێستا ، کەدلێ: (بۆرە پیاو ) وزتایەکی نزم دەگەیەنێت ، یان وشەی (صدام) ئێستا هەر قیمەتی نەماوە (فتاح مامە:٢٠٠٧:١).

* هۆکارەکانی گۆڕانی واتا/

هۆکاری زمانی

دەنگسازی

ڕێزمان { وشەسازی / ڕستەسازی }

ج- بەکارهێنانی وشە لەچوارچێوەی ڕستە

٢- هۆکارە نازمانییەکان

ا- هۆکاری کۆمەڵایەتی

ب- هۆکاری مێژوویی

ج – هۆکاری دەروونی

د – هۆکاری ئابووری (عبدالله عزیز محمد :١٩٩٠:٦٦:٦٥)

١- هۆکاری زمانی / یەکێکە لەو هۆکارانەی کەواتا دەگۆڕێت ،چونکە زمان بریتییە لەفۆرم و واتا ، هەرگۆڕانکارییەك لەفۆرم ڕوودەدات لەواتاش ڕوودەدات .لەوانە:

ا- دەنگسازی/ دەنگەکانی زمان گۆڕانکارییـان بەرسـەردادێت، بۆنموونـە سـوانی دەنگەکان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا.یان هێـز ئـەمیش دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی واتـا (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٧٠) .نمونە

دان

دان (کات)　　دانەوێڵە　　چاوگ　　دانی (ددان)

یان بەهۆی هێزەوە، هیزی سەرەتا سەوزە (ڕەنگی سـەوز)و هێـزی کۆتـایی سەوزە (وەکو ناوە)

ب- ئاستی ڕێزمان /ئەم ئاستەش دابەشی سەردوو ئاستی :-

١- ئاستی وشەسازی / ئەم ئاستەش وەکو ئاستەکانی تر بێ بەش نیـە لـەگۆڕان ، وشەی سادە لەکاتی لێکدان یان داڕشتنیان دەبیتە هۆی گۆڕانی واتاکەی

گوڵ + او = گولاو　　مانای گوڵ گۆراوە

دار + سێو = دارسێو　　مانای دار یان سێو گۆراوە

شـین + ایـی = شـینایی　　مانـای شـین گـۆراوە (عبـدالله عزیـز محمد:١٩٩٠:٧٢)

٢- ئاستی رستە سازی / وشەکان لەناو رستەدا واتاکانیان ڕون دەبێتەوە ، واتـە وشە بچێتە نـاو ڕسـتە بەشـێك لەواتاکـەی ون دەبێـت و بەشێکیـشی زیـاد دەبـێ بـەهۆی کاریگـەر وشـەکانی پـێش یـان پاشـی ، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی واتاکەی (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٧٣) . نموونە

لێدانی باش　　(باش) واتای (خراپ) دەگەیەنێ لەم ڕستەیەدا.

پارەکی باش　　(باش) واتای (زۆر) دەگەینێ لەم رستەیەدا.

ج- بـەکارهێنانی وشـە لەچوارچـێوەی رسـتە(دەوروبـەر) لێـرەدا دەوروبـەر بـۆ ڕسـتەکە دەدۆزینـەوە بـەوەی لـەناو ڕسـتەکەدا (کـەس و کـات و شـوێن )

دەدۆزینەوە ،نموونە : (دەردەچێت ) لەهەریەکەلە:

لەناو قوتابخانە بووترێت  واتای ناجح بوون دەدات وەئەگەر

لەناو گەراج بوترێت  مەبەست ئوتومبێلە (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٧٣) .

یان کاتێك باس لە (ڕەگ) دەکرێت لەلای هەریەك لەم پسپۆریانە جیاوازە

– مامۆستای بیرکاری  ڕەگی دو جاو سێ جاو ....

– مامۆستای کوردی  ڕەگی کارە

– دکتۆری ددان  ڕەگی ددانە

– مامۆستای زینەوەرزانی ڕەگی روەکەو ... هتد.

٢– هۆکارە نازمانییەکان /

ا– هۆکاری کۆمەلآیەتی /کۆمەڵ هۆکاریکی گرنگە لەگۆڕانی واتا ، چونکە کۆمەڵ خۆی واتا بەوشەکان دەدات (ناویان لێدەنێت)بەپێی ریککەوتنی هەمووان ، بۆیە دەبینین پەیوەندیەکی بەتین هەیە لەنێوان زمان و کۆمەڵگا ، (هەر گۆڕانێك لەکۆمەڵگا رووبدات رەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگاکە دەبێت) (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٦٥). نموونە (ددان) وتای گۆڕاوە بۆ (ددانی مشار یان ددانی شانە) (عبدالواحید مشیر:٢٠٠٩:.؟).

ب– هۆکاری مێژوویی / (ئەمەش خۆی لەخۆیدا چوارچێوەی گۆڕانەکانی زمان نیشان دەدات کەلەمێژووی میللەتان زۆرباری ناهەموار بووە ، بەڵام لەگەڵ زیاتر پێشوەچوونی کۆمەڵ و هاتنی تەکنەلۆژیا واتاکان و ناونانی وشەکانیش بەرو پێشەوە دەچن ، چونگە پێشکەوتنی شارستانیەت پێشکەوتنە لەزماندا) (عبدالله عزیز محمد:١٩٩٠:٦٥)،هەروەها دکتۆر فەتاح دەلێت (بەپێی لۆجیك دیارە کەژمارەیەکە یەکجار زۆری وشەو مۆرفیم بەر تەشەنەی واتای کەوتون و لەسەردەمە کۆنەکاندا واتای تریان لێ کەوتۆتەوە ،بەلام ئیمە ئیستا ئەو تەشەنە مێژوویانە نازانین ئەگەر پەنا بۆ زانستی ئیتمۆلۆژیش ببەین هەربۆمان رون نابێتەوە کە گۆڕانەکە چۆن بووە) (فەتاح مامە :٢٠٠٧:١٥).،نمونەشی هێناوەتەوەی لەئیستادد کەس لەبارەی کەلەشاخەوە نازانی کەدوو واتا

دەگەیـەنێت (شـاخی مـامز یـان شـوێنی هـەڵگرتنی چـەوری و رون)(هـەمان سەرچاوەی پێشوو:١٥).
ج- هۆکاری دەروونی / ئەو دیاردەیـە بەتایبـەتی لەوکاتـەدا بەدیاردەکـەویٚ ،کـە مـرۆڤ هەسـتی خـۆی بەچـاکی یـان بـەخراپی دەربڕێـت ، بۆیـەش خـەڵکی زۆر لەکۆنەوە ئەو هێز و قودرەت و گیانلەبەرانەی سەرچاوەی مەترسی بوون ، بەنای خۆیان ناویان نەبردوون ، تاوەکو پاریزراو بن لە ئیشو ئازارەکانیان (عبدالله عزیـز محمد:١٩٩٠:٦٨)..نموونە :
- نەخۆشی سەرەتان دەردە پیسەکەیان پیٚ وتووە .
- جنۆکە لەمە (چێتر یان باشتر) یان پیٚ وتووە .
- نەخۆشی سورێژە مەبارکیان پیٚ وتوە تاوەکو توشیان نەبیٚ
د- هۆکاری ئابووری/گۆڕان لـەبواری ئـابووری وبـەرەپێش چـوونی دەبێتـە هـۆی گۆڕانی واتاورەنگانەوەی بوارەکانی تـری ژیـانی بـەهۆی ئـەوەی ،کـەمرۆڤ وشـەو ئامیرەکۆنەکانی دەگۆرێتەوە بۆ بوارو ئامێرە نوێیـەکان کـاتی کەخـەلکی سـەفەر دەکەن کاریگری ئـەو شـوێنەی لەسـەر دەبێـت کەسـەفەری بـۆ کـردووە تـاوەکو لەرەوتی پێشکەوتن دوا نەکەوێت هەڵبەتـە وشـەکانیش گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت بۆنموونە زاراوەی (مەکۆ)لەمەکینەی دورمان کردن جیاوازە لەگەڵ ئەو(مەکۆ)یەی جــۆلا بەدەســتیەوە دەگــرت لەکۆنــدا بــۆ چــنینی جــاجم(عبــدالله عزیــز محمد:١٩٩٠:٦٨).ئەمەش لەزیندو کردنەوەی وشەو زاراوەکۆنەکاندا دەبینرێت.

ئەنجام
١-بـۆ لێکۆڵینــەوە لـە گـۆڕان یـان پەرەسـەندنە واتاییـەکانی هـەر وشـەیەك پیویستیمان بەشارەزاییەکی تەواو دەبێت لەژیاننامەی مێژوویی تاکی دیاریکراو . چونکە واتا بەپێی ڕێڕەوی مێژوویی گۆڕانی بەسـەردا دێـت وەکـو (گواسـتنەوەی واتا، تـەسك بوونەوەی واتا، فراوانبوونی واتا ، بەرزبوونەوەی واتا، نزم بوونەوەی واتا).

٢- رستە بریتی نییە لە تەنها کۆمەڵێك وشەی ریزکراوی یەك لەدوای یەکی هەڕەمەکی ،بەلکو وشە لەپێکهاتی ڕستەدا ملکەچ دەکات بۆ کۆمەڵێك یاسای ریزکردن(پەیوەندییە واتاییەکان)

٣- ئەگەر هەڵوەستە لەڕستەیەکی دیاریکراو بکەین لەوشەیەك پێش ئەوەی بیرۆکەکەی تەواو بێت ،ئەوا چەند وشەیەك هەوڵ دەدەن یان ئەگەر هاتنیان هەیە بۆتەواو کردنی بیرۆکەی ڕستەکە لێرەدا تەنها ئەو وشەیە هەڵدەبژێردرێت کەوشەکانی پاش و پێشتری بریاری لەسەر دەدەن.بۆ نموونە ئازاد ....... دەخوات (کەرپوچ ، تەلەفزیۆن ، نان ) .

٤-دیاریدەی واتا لەمرۆدا بایەخێکی تایبەتی لەخۆگرتووە نەك تەنیا لای زمانەوانان بەلکو لای فەیلسوف و زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی ...هتد. کەچی تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تەواویش لەسەر واتا نەکراوە ئەمەش بەهۆی ئەوی کەواتا :- شتێکی بەرجەستە نیە

- بونی چەند جۆرێکی واتا
- بونی چەند لێکدانەوەیەکی واتا

٦- واتاسازی وشە بریتییەلە (واتای فەرهەنگی وشەکە+واتای بەکارهاتوو یان بارکراو).

٧- بەگشتی پەیوەندییە واتاییەکانی وشە بریتییە لە( پەیوەندی ئاماژە،پەویوەندی شوێنی)،هەروەها پەیوەندی شوێنی دابەش دەبێتە سەر دووپەیوەندی تری(پەیوە ەندی ستونی،پەیوەندی ئاسۆیی) دەبێت.

٨- وشەکانی فەرهەنگ چونەتە ناویەکەوە بەشێوەیەك هەرچەندە لەلایەك لێك دوور دەکەونەوە بەلاّم لەلاکەی تریان یەکدی دەگرنەوە ،وەك لەدژواتادا پەیوەندی نێوان وشەکان دوورکەوتنەوەیە لەواتا،بەلاّم لە هاوواتادا پەیوەندی نێوان وشەکان نزیك کەوتنەویە لەواتادا ، بەگشتی لەزماندا سێ جۆر واتا هەیە (واتای هۆشەکی،واتای لاوەکی،واتای بابەتی)،واتای بارکراو بریتییە لە وتای (راگەیاندن،شێوازی،کاریگەری دەروونی،ڕەنگدانەوە،هاورێیەتی).

سەرچاوەکان

* بەکوردی

بێخاڵ عبدالله سعید(١٩٨٩)،واتاسازی وشە– نامەی ماستەر –زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر.

سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)–پوختەیەك دەربارەی زمانناسی مێژوویی،بنیادگەری،چۆمسکی–چاپخانەی چوارچرا–هەولێر

عبدالله عزیز محمد (١٩٩٠)–گۆڕانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا– نامەی ماستەر –زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر..

عبدالواحید مشیر دزەیی(٢٠٠٩)– واتاسازی،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی هەولێر، هەولێر.

عبدالواحید مشیردزەیی محازەراتی قۆناغی چوارەم کۆرسی دووەم کۆلێژی زمان ٢٠٠٨–٢٠٠٩

عبدالواحید مشیردزەیی(٢٠٠٥)–رەهەندی دەروونی لەبواری راگەیاندا–چاپی یەکەم–چاپخانەی شەهاب–هەولێر.

فتاح مامە علی(٢٠٠٧)، لەبارەی زمانەوانییەوە،کۆلێجی پەروەردەی بنیاد،زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

قیس کاکل (٢٠٠٠)، ژن و ئافرەت لەدیدی سیمانتیك و بەکارهێناندا –چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر.

محمدمعروف فتاح(٢٠٠٣) ومحازەراتی زمانەوانی کۆرسی دووەم ماستەرکۆلێژی پەروەردە بەشی کوردی .

محمد معروف فتاح(١٩٩٠)،زمانەوانی –زانکۆی سەلاحەددین هەولێر .

* بەعەرەبی

أ.د.یحیی عبابنة و د.امنة الزعبي(٢٠٠٥) ،علم اللغة المعاصر،دارکتاب ،الاردن.

ابراهيم انيس ١٩٧٥ دلالة الالفاظ، الطبعة الثانية،مكتبة الانجلو المصر قاهرة.
احمد مختار عمر(١٩٨٢)،علم الدلالة، دار العروبة للنشر وتوزيع –كويت.
أف.ار.ثالمر (١٩٨٢)علم الدلالة – ترجمة،مجيد عبدالحميد الماشطة مطبعة العمال المركزية –بغداد .
جون لاينز(١٩٦٨)،علم الدلالة،ترجمة،مجيد حليم الماشطة،حليم حسين فاتح،كاظم حسين باقر،بصرة
كلود جيرمان و ريمون روبلان(١٩٩٤)،علم الدلالة،ترجمة،نرالهدى لوشن،دار الفاضل،ديمشق.
محمد على الخولي(١٩٨٢)،معجم علم اللغة النظرية،(انطليزى ،عربي)بيروت – لبنان.
منقور عبدالجليل (٢٠٠١)علم الدلالة اصول ومباحثة فى التراث العربي –منشورات اتجاه كتاب العرب دمشق ، سوريا.

لەم ژمارەیە بەدواوە، هەرجارەی شێوازی ئاخاوتنی ناوچەیەکی کوردستان وەردەگرین و بەراوردی دەکەین لەگەڵ زمانی نووسینی کوردیدا، ئامانجمان لەم کارەدا دروستکردنی فەرهەنگێکی گەورەیە، کە بە هۆیەوە هەموو وشە و زاراوەکانی زمانەکەمان لەخۆوە بگرێت، تاکو لە فەوتان و لە نەمان بپارێزرێن.

سەرنووسەر

# شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەڵاس و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی نووسینی کوردی

ئامادەکردنی
ڕەنگین مەحمود شەریف

بەسەرپەرشتی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

## ناساندنی گوندی بێگەڵاس

بێگەڵاس کەوتۆتە باکووری شاری قەڵادزێ سەر بە ناحیەی هەڵشۆیە، پـێش ڕاپەڕین نزیکەی (٢٠٠) ماڵ دەبوون، بەڵام دوای ڕاپـەڕین ئـاوەدان نەکراوەتـەوە، بەڵام خەڵکەکـەی زسـتانان لەشـاری قـەڵادزێ نیـشتەجێن و ژمارەیـەکی کـەمیان نزیکەی (٣٠) ماڵێك لە هاویندا دەچـنەوە گوندەکـە بـۆ کـشتوکاڵ و مـەڕو مـاڵات بەخێوکردن. لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەم گوندە دووجار ڕاگواستراون، جارێکیان ساڵی حەفتاکان کە هەموو گوندەکانی دەوروبەری شاری قەڵادزێ بۆ ناو قەڵادزێ ڕاگواستراون، جـارێکی تریـان سـاڵی ١٩٨٩ کـە هـەموو پـشدەر ڕاگواسـتراون بـۆ سنووری هەولێر و سلێمانی، هەر لەبەر ئەوەش ئاوەدان نەکراوەتەوە، چونکە تـا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ نـەکراوە. گونـدی بێگـەڵاس لەچـوار عەشـیرەت پێکدێ (ناسری، وەتمانی، وسێنی، مەلازادە) کە ناسری لەهەموویان بـاڵا دەسـت ترە.

ئەم گوندە بە میوە بەناوبانگە، بەتایبەتی (تـرێ) کـە پێـی دەڵـێن (تـرێ ڕەشـی بێگەڵاس)، چوار جۆر ترێی لێیە، کـە ئەمانـەن (تـرێ ڕەش، سـپی، تـایفی، تـرێ ڕێوی)، کە هێشووەکەی لەشێوەی کلکی ڕێوییە، هـەروەها سـێ هاوینـە هـەواری لێیە، کە ئەمانەن (سەرگوێن، چواس، مامەندە).

یەکەم : ناو

| زمانی ستاندار | شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەلاس |
|---|---|
| دزمە | چەکمە |
| زەنگاڵ (پووزەوانە) | کاڵە و گۆرێ |
| بێڵی خۆڵ | مەندوونە |
| برژانگ | بژوێڵك |
| خەڵوز | ڕەژی |
| هەنجیری وشك | قەلانە |
| لوولەسۆبەی داران | دووکەڵ کێش |
| پارچە زەوی کشتووکاڵی | مووچە |
| قفڵ | ئاڵقە ڕێز |
| نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرە | سندان لێی داوە (یان) لێی هاتووە |
| تەپڵەکی جگەرە | ژێر سیغار |
| تەڵە | داو |
| تەویلە | ئاغەڵ |
| لێواری سەربان | بن سوانە |
| درك | چەقڵی |
| یاپراغ | دۆڵمە |
| دۆ و ڕۆن | دۆکڵێو |
| بەفرماڵ | بێڵ |

| زمانی ستاندار | شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەڵاس |
|---|---|
| بەرە بەیان | قاولّتی |
| نەخۆشی (لەوزەتێن) | هەلّوێشتەی هاتوون |
| هەڵامەت و دەنگ نووسان | بین گیران |
| شەوچەرە | شەوانی گوێ ئاگردان |
| چێشت | شێو |
| کەپر | سابات |
| سێبەر | نیسێ |
| هەورەتریشقە | بریسو |
| حەمام | سەرشۆر |
| ژووری میوان | دیوەخ |
| پیاوی بێ ژن | زووگورت |
| پاسکیل | قسکیلك |
| پانتۆڵ | دوو لینگە |
| پەنجە | ئەنگوست |
| سەرنان | سەرشیرە |
| کۆڵە پشتی شوان | تووربێن |
| نەعل | سەرپایە |
| تووترك | دڕوو |
| خەیار | ئاروێ |
| کاڵەك | گندۆرە |
| قاپ و قاچاغ | هەوڕو هۆڵ |

| | |
|---|---|
| کارەکەر | قەراوەش |
| سینی | کەشەقی |
| گۆشتاو | چەلاو |
| پشتی | سەرین |
| ئاگردان | قولّکاور |
| ئاگر | ئاور |
| فەرش | ڕاخەر |
| فەرشی دیوار | قالیچە |
| شەکردان | تەپڵەك |
| دەرگا | دەریٚ + دەرکیٚ |
| سەرپۆش | لیچکە |
| ڕەنکو چۆغە | کەواو پانتۆڵ |
| قوتابخانە | مەتکەب |
| کەوچك | کەچك |
| دش | خوشکە مێرد |
| تەرمۆزی چا | سەللاجە |
| عومەر (ناوی نێر) | حومبەر |
| فاتم (ناوی مێ) | فاتیٚ ـ فات |
| ئامینە (ناوی مێ) | شووشە |

| | |
|---|---|
| ماددەی نان | ئەڕفێدە |
| نانی هەورامانی | نانی دەستی |
| کولێرە بەهێلکە | ئاڵەپەپە |
| پەلکە زێڕینە | کۆڵەکە زێڕینە |
| کاریتە | نیرگە |
| کۆڵەگە | تیرەگە |
| بەتانی | پەتوو |
| فانیلە | فامیلە |
| دکتۆر | دختۆر |
| دارلاستیك | فنداق |

دووەم: کار

| زمانی ستاندەر | شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەلاس |
|---|---|
| لاچۆ | وەلاکەوە |
| ڕاکردن | ڕەپێت دەکەوم |
| خۆشتن | شێوکردن |
| چۆنی | ئیچلۆنی |
| ڕۆیشتن | وەڵا |
| گۆڕینی قەناتی تلفزیۆن | تەقاندن |

| زمانی ستاندار | شێوازی ئاخاوتنی گوندی بێگەلاس |
|---|---|
| گەچ کاری | سواخ کردن |
| ڕیش تاشین | ئەڕدێن تاشین |
| دارە ڕا | دار ڕایەڵ |
| بەقوڕێ دابچی (جنێودان) | وە لەبەقوڕێت دابا |
| نۆك ڕنینەوە | دەسکەنەی نۆك |
| ناوك کەوتن | نێوکی چووە |
| ژنێك کە منداڵی دەبێت | زاوە |
| ژنێك کە سکی هەیە | ئاوسە |
| ئەی چۆن | ئاددێ |
| پرچ لوول | سەرکوزەڵە |
| کولاندن | کولێوە |
| پاڵ کەوتن | درێژبوون + وەرکەوتن |
| دەمار وەرگەڕان | ڕێ وەرگەڕان |

**سێیەم: وشەی پرس و جێناوی نیشانە و هەیی**

| زمانی ستاندار | شێوەزاری گوندی بێگەلاس |
|---|---|
| کێ | ئەوکێ |
| کام | کێ هە |
| ئەوە | ئەهوە ، ئەوێ |
| ئەوانە | ئەهوانە |
| هین | وانێك |

**هەندێ ناو و کار کە بە ڕستەیەك یان پێناسەیەك شیان دەکەینەوە کە بە شێوەزاری بێگەلاسن:**

فەریکە/ بریتییە لەچەند جۆرێك میوە وەك هەرمێ و هەنار کە هاوینان هەڵیان گرتووە بۆ زستان کە لەناو (کا) یان شاردۆتەوە بۆ ئەوەی تەڕی و پاراوی خۆی لەدەست نەدات.

کێل بەردینە/ یاریەکە لەمابەینی دووگروپی منداڵاندا دەکرێ کە گروپێك (٥) بەرد بەشێوەی (کێلە قەبر) لەزەوی دەچەقێنێ ئەویتر هەوڵ دەدات بەردەکان بڕوخێنێ بۆ ئەوەی سەرکەوێ.

کەپەنگ/ لەخوری مەڕو بزن پێکهاتووە وەك لباد وایە کە بۆ بەرگی شوان بەکاردێت لەدەشت و دەر کە سەرما دەگێڕێتەوە.

پەستەك/ لەخوری و کا دروستکراوە لەکاتی بارداگرتن پیاوەکان لەبەریان کردووە بۆ ئەوەی ئازار بەپشتیان نەگات.

تێمیسکە/ نەخۆشی یەکە کە مرۆڤ شەوانە خەونی ناخۆش دەبینێ و لەخەوڕادەچڵەکێ دەم و لێو بریندار دەبێ، کە لە بێگەلاس پێی دەوترێ (ئاورە).

کارزان/ بەیەکێ دەوترێ کە شارەزایی لەزۆر بواری ژیاندا هەبێ واتا بەسەلیقە بێت کە لەزمانی ستاندار پێی دەوترێ (زیرەك یان شارەزا).

شەوارە/ دوومەبەستی هەیە.

١ـ ڕاوچی کە دەچن بۆ ڕاو بەکاری دەهێنن کە پێکدێ لەلاتێك لەناو تەنەکەیەکی سەرکراوەدا کە ڕووناکییەکی زۆری هەیە باڵندەکان دێن بۆلای.

٢ـ شەوارە لە ژنێك دەگرن کە تازە منداڵی دەبێ بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ خزم و کەسەکەی لەدەوری کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکەی جندۆکە نەیبەن و ڕزگارکردنی لەمردن و لەدەستی جندۆکە.

کوڕاده/ جۆره خواردنێکه که گیایەکە لەشاخ دەیهێنن دەیکوڵێت ئینجا لەگەڵ ڕۆن و پیاز و هێلکه سوری دەکەنەوە.

مەندۆك/ ئەمیش بەهەمان شێوەی کوڕادە.

شەوی خەنەبەندان/ شەوی بردنی بووکە کە لەماڵی باوکی بوك ئەو شەوە خەنە دەگێڕێتەوە بوك لەدەستی هاوڕێکانی خۆی دەدات.

کاڵاّ/ جۆرێکە لە پێڵاو کە (دزمە)ی خۆمانە واتا زمانی ستاندار.

کە پێستی ئاژەڵیان خۆش کردووەو تەنیوە قیاسی ئەوکەسەیان گرتووە پڕ بەپێی دروستیان کردووە کە بەرگری لەسەرماو سۆڵەو بەفری زستانە کردووە.

# فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی

نەریمان عەبدوڵلا خشناو

بەشی دووەم

## بەرکار

**چەمك و پێناسەی بەرکار :**

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی بەرکار، زاراوەی تەواوکەریش بەکاردەهێنرێت، بەلاَم ئەوەی ڕاستی بێت زاراوەی بەرکار زانستی ترە لە چاو زاراوەی تەواوکەر.

بەرکار بەو وشانە(ناو یان جێناو) دەوترێت، کە بەر کاریگەری کار دەکەون،ئەویش بە دوو شێوە، شێوەیەکیان ڕاستەوخۆیە و شێوەکەی تریان ناڕاستەوخۆ. کەواتە بەرکار دوو جۆری هەیە، بەمشێوەیە :

یەکەم / بەرکاری ڕاستەوخۆ :

بەو وشانە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری ڕستەکەوە و مەرجی سەرەکی پەیدابوونی بەرکاری راستەوخۆ لەڕستەدا پەیوەستە بە کاری تێپەڕەوە.

بەگوێرەی یاسا لە زمانی کوردیدا دەبێت هەموو کارێکی تێپەڕ یاخوود هەموو ڕستەیەکی کاری تێپەڕ دەبێت یەك بەرکاری ڕاستەوخۆی تێدا بێت، بەلاَم لەهەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەندا دەبینرێ دوو بەرکاری ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت (لە زمانی عەرەبیدا ئاساییە دوو بەرکاری ڕاستەوخۆ یان سێ بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا دەربکەوێت ).

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد کە بەرکاری ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە

کـــاری تێپـــەڕەوە، هـــەر بۆیەشـــە کـــارە تێپـــەڕەکان بڕیـــار لەســـەر چـــەندێتی دەرکـــەوتنـــی بەرکـــــاری ڕاســـتەوخۆ و بـــەرکـــاری نـاڕاســـتەوخۆ دەدەن ، چـــونکە دەشـــێ بـــەرکـــــاری ڕاســتەوخۆ و بەرکـــاری ناڕاســتەوخۆ لـــەڕســـتەدا بەیەکەوە بـێن ،بـۆیـە لێرەدا ئەم پۆلێنکـــــردنە دەکەین بەهۆی کاری تـێـپـەڕ:

یەکەم / ئەو کارە تێپەڕانەی کە یەك بەرکار لە ناو ڕستەدا وەردەگرن، وەك :

ـ مەریـوان ســـــێو دەخـــوات .
بکـــەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

ـ بەنـــاز نـــــانـــــی خـــوارد.
بـــکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

ـ شـــیلان کـراسـێکـــی کـــڕی.
بـــکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

دووەم / ئەو کارە تێپەڕانەی کە دوو بەرکار لە ڕستەدا وەردەگرن

ـ مـــن پـــــارە دە دە مـــــە تـــــۆ .

من : بکەر

پارە: بەرکاری ڕستەوخۆ

دەدەم: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

ە : پێشبەند

تۆ: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ـ سـۆزان بـــە کـــەوچـك نـــان دەخـــوات.

سۆزان: بـــکەر

بە: پێشبەند

کەوچك: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

نان: بەرکاری ڕاستەوخۆ
دەخوات: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ
سێیەم / دەشێ لەهەندێ حاڵەتی دەگمەندا کاری تێپەڕ زیاتر لە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، وەك :

- مامۆستاکە ڕێزمانی کوردی فێرکردین .
بکەر ب. ڕاستەوخۆ(١) بەرکاری ڕاستەوخۆ(٢)

چوارەم / هەندێ جار کاری تێپەڕ لەڕستەدا چەندین بەرکار وەردەگرێ، وەك :
- ئازاد شەوێ لە ماڵەوە پارە لە باوکم وەردەگرێ بۆ شێرزاد.

ئازاد: بکەر
شەوێ : ئاوەڵکاری شوێنی
لە : پێشبەند
ماڵ : بەرکاری ناڕاستەوخۆ
پارە: بەرکاری ڕاستەوخۆ
لە : پێشبەند
باوك: بەرکاری ناڕاستەوخۆ
وەردەگرێ :کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ
بۆ : پێشبەند
شێرزاد: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەهەندێ حاڵەتدا لەڕووی ڕووخسارەوە دەرناکەوێت، بەلام لەڕووی ناوەرۆکەوە بوونی هەیە ، وەك :

ڕزگار خواردی .       بەناز دەتوانێ بنووسێ.       ئەحمەد کوشتی.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (ڕزگار،بەناز،ئەحمەد) بکەری ڕستەکانن،وشەکانی (خواردی،بنووسێ،کوشتی) کاری تێپەڕی ڕستەکانن، لەهەر سێ ڕستەکەدا لەڕووی ڕووخسارەوە بەرکاری ڕاستەوخۆ دەرنەکەوتووە ، بەڵام لەڕووی ناوەرۆك و ڕۆنانی ژێرەوەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ بوونی هەیە، چونکە لەڕستەی یەکەمدا (ڕزگار) شتێکی خواردووە، جا ئەم شتەیە چایە، قاوەیە یا هەر شتێك بێت دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە.لە ڕستەی دووەمدا (بەنان) شتێکی نووسیوە، ئینجا ئەم شتە شیعرە، چیرۆکە، پەخشانە، نامەیە یا هەر شتێك بێت دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە.لەڕستەی سێیەمدا بەهەمان شێوە (ئەحمەد) کەسێکی کوشتووە ئەم کەسەش دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ.

لە هەندێ حاڵەتدا کاری تێنەپەڕ بەبێ (اندن ) لە سنوری ڕستەدا بۆتە کارێکی تێپەڕ ، لەم حاڵەشدا کارە تێپەڕەکە دەبێتە کارێکی تێپەڕی نابنجی، چونکە وەکو دەزانین لەزمانی کوردیدا دوو جۆر کاری تێپەڕمان هەیە، یەکێکیان پێیدەوترێت (بنجی)، کە لە بنەرەتدا کارێکی تێپەڕە،ئەوی تریشیان پێیدەوترێت (نابنجی)، کە لە بنەڕەتدا کارێکی تێنەپەڕە،ئەوەی لەم حاڵەتەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە بەبێ (اندن) کارەکە بۆتە تێپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆشی وەرگرتووە، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| من | ماڵەکە | م | سووتا |
| تۆ | ماڵەکە | ت | سووتا |
| ئەو | ماڵەکە | ی | سووتا |
| ئێمە | ماڵەکە | مان | سووتا |
| ئێوە | ماڵەکە | تان | سووتا |
| ئەوان | ماڵەکە | یان | سووتا |
| بکەر | بەرکاری ڕاستەخۆ | بۆ بکەر دەگەڕێتەوە | کاری ڕابردووی تێپەڕی نابنجی |

دووەم/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ :

بەو وشانە دەوترێ کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری کارەوە،مەرجی دەرکەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا پەیوەستە بە پێشبەندەکانەوە.دیارە ئەم دیاردەیەش تەنها لە زمانی کوردیدا نیە بەڵکو لەزمانە عەرەبیشدا دەبینرێت ئەویش پێیدەوترێت (حرف جر ، اسم مجرور)

ـ نازەنین چوو بۆ زانکۆ.

نازەنین : بکەر

چوو: ڕانەبردووی تێنەپەڕ

بۆ: پێشبەند

زانــکۆ:  بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ـ فڕۆکەکە بـــە ئاسمانــدا دەسوڕێتەوە.

فڕۆکەکە: بـکەر

بـــە: پێشبەند

ئاسمانــ: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

دا : پاشبەند

دەسوڕێتەوە:کاری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ

ـ نازدار بـــە ئـوتـومــبێل ڕۆیـــشت.

نازدار : بـکەر

بـــە: پێشبەند

ئـوتـومـــبێل: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ڕۆیـــشت: کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

ـ ئەحمەد بـــە چـەقــۆ شــەڕدەکــات.

ئەحمەد : بـکەر

بـــە: پێشبەند

چـەقــۆ : بەرکاری ناڕاستەوخۆ

شـــەڕدەکـــات: کاری ڕابردووی تێپەڕ

ـ کارزان بـــە پـــێنووس دەنـــــووسێت.

کارزان: بـکەر

بـــە: پێشبەند

پـــێنووس: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

دەنـــــووسێت: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

ـ شیلان بــــە کـەوچـك نـــــان دەخــوات.
شیلان: بـکەر
بـــــە: پێشبەند
کـەوچـك: ب.ناڕاستەوخۆ
نــــــان: ب.ڕاستەوخۆ
دەخــوات: کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

چەند تێبینییەك /
یەکەم/ بەشە ئاخاوتنی ژمـارە کاتێـك لـەدوای پێـشبەندەوە دێـت، ئـەوە ئـەرکی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ نابینێـت، بـەڵکو لـە شـوێنێکی تـری ڕسـتەکە بـەرکاری ناراستەوخۆ دەردەکەوێت، وەك:

ـ بـەناز لــــە یــەکـەمــین ژوور دانیشتــووە.
بـەناز: بکەر
لـــــە: پێشبەند
یــەکـەمــین: ژمارەی ڕێکخستن
ژوور: ب.ناراستەوخۆ
دانیشتــووە: کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ

ـ شـیلان لـــــە جــــوانتریـــن ژوور دانیشتووە.
شـیلان: بکەر
لـــە: پێشبەند
جــــوانتریـــن: ئاوەڵناوی چۆنیەتی پلەی باڵا
ژوور : ب.ناڕاستەوخۆ

دانیشتووە: کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

دووەم / لە هەندێ حاڵەتی بکەر نادیاری ئاماژەپێکراودا لەدوای پێشبەندەکەدا، بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەرناکەوێت،وەك:

ـ شاخەکە بە بەفر داپۆشراوە.

شاخەکە: بەرکاری ڕاستەوخۆ

بە: پێشبەند

بەفر: بکەر نادیاری ئاماژەپێکراو

داپۆشراوە: کاری ڕابردووی بکەر نادیار

سێیەم / دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە لەناو ڕستەدا هەندێك جار پێشبەندەکان شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەو واتایەی لەشێوەی سەربەخۆوە بۆ شێوەی بەند.وەکو:


| | | |
|---|---|---|
| بە من دەشکێ | بە تۆ دەڵێم | لە تۆ دەپرسم |
| پێم دەشکێ | پێت دەڵێم | لێت دەپرسم |
| بە ← پێ | بە ← پێ | لە ← لێ |
| من ← م | تۆ ← ت | تۆ ← ت |

چوارەم : لابردنی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا: بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دوو کەرەسەی سەرەکی ڕستەن، بەو واتایەی دەبێت لە ڕستەدا بونیان هەبێت، بەجۆرێك بکەر لەهەردوو کاری تێپەڕو تێنەپەڕی کاری تەواودا دەردەکەوێت، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ تەنیا لەکاری تێپەڕدا دەردەکەوێت.ئەم دوو کەرەسەیە هەندێك جار دەشێ لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەون، یاخوود لابرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناوەرۆکی ڕستەکەدا بوونیان هەیە، وەکو:


ئازاد هات. ← هات.

کامەران وانەکەی خوێند. ⟵ خـوێندی.

لە ڕستەی یەکەمدا (ئازاد هات)، توانیمان لەڕووی ڕوخسارەوە بکـەری ڕسـتەکە لابەرین و، سادەترین جۆری ڕستەی لێ دروست بکەین، کە ئەویش بۆتە (هات)، کەچی لەناوەڕۆکەوە خودی وشەی (هات) واتای بکەریشی تێدایە.بەم شێوەیە:




لەڕسـتەی دووەمیـشدا توانیمـان بکـەرو بـەرکار لەڕسـتەکە لابـەرین ئەگـەر چـی بکەرەکـە لەشـێوەی جێنـاوی لکـاودا دەرکەوتۆتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لــەناوەڕۆکی ڕســتەکەدا کەرەســە ســەرەکییەکان بوونیــان هەیە،چــونکە لــەم ڕسـتەیەدا کـاری ڕسـتەکە کـارێکی تێپـەڕە کـە پێویـستی بـە بکـەر و بـەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە،بەم شێوەیە:




بەنسبەت پێشبەند و بەرکاری ناڕاسـتەوخۆ دەشـێ لەزۆربـەی حاڵەتەکانـدا لایـان بەرین، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی ڕستەکە تێك بـدات، لەهـەمان کاتیـشدا هـیچ مۆرفیمێك بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لەکاری ڕسـتەکە وەرناگرێـت، بـەو واتایـەی

کارەکانی نێو ڕستەکە تەنیا هێما بۆ بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەن ،وەکو:

ئازاد بە ئوتومبێل ڕۆیشت. ← ڕۆیشت. - یان - ئازاد ڕۆیشت.

لەم ڕستەیەدا( بە ئوتومبێل ) پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەکەن، توانراوە لە ڕستەکە لایان بەرین، بەبێ ئەوەی کاری ( ڕۆیشت ) هیچ هێمایەك بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بکات.هەر وەکو لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە :

ڕۆیشت

ڕەگی کار ← ڕۆ

کات ← ت

بکەر ← Ø

لەزمانی کوردیدا دەشێ چەندین وشە بەیەکەوە بێت وە ئەرکی بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ ببینن، بەلاّم ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە هەر هەموو وشەکان بەیەکەوە هەمان ئەرك دەبینن.بۆ نموونە:

- ئازاد و ئاواز و ئەحمەد و بەناز و ڕزگار و شیلان ...... هاتن .
بکەر

- من ڕزگار و ئاواز و دلێر و بەناز و ...... دەبینم.
بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ

- من نامە بۆ ئاواز و ئەحمەد و بەناز و ڕزگار ...... دەنێرم.
بکەر ب.ڕاستەوخۆ پێشبەند بەرکاری ناڕاستەوخۆ






ڕۆژی دووشـــەممە ڕێکـەوتی (٢٠١٠/٩/٧)، کـاتژمێر (٩)ی ســەر لــە بـەیانی گفتوگــۆی تێــزی دکتــۆرای (ئــومێد بــەرزان بــرزۆ) کــرا بـەناونیــشانی (مۆرفۆسینتاکس‌و دروستەکانی لـــە شێوەزاری خـــانەقیدا) لـەهــۆڵی ڕووناکی زانکۆی سلێمانی تـاوتوێکرا، لـیژنەی هەڵسەنگاندن لـەم بـەڕێزانەی خــوارەوە پێکهاتبوون:

١- پ.د. یوسف شەریف سەعید      زانکۆی سەلاحەدین      سەرۆکی لیژنە

٢- پ.ی.د. محەمەد عەبدول فەتاح      زانکۆی سلێمانی      ئەندام

٣- پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی      زانکۆی سلێمانی      ئەندام

٤- پ.ی.د. هۆگر مەحمود فەرەج      زانکۆی سلێمانی      ئەندام

٥- پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر      زانکۆی سلێمانی      ئەندام

٤- پ.ی.د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد      زانکۆی سلێمانی      ئەندام و سەرپەرشت

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، تێزەکە وەك خۆی‌و بە پلەی (زۆر باش) وەرگیرا.




# زمانناسی

10

چاپخانەی ڕۆژهەلات ئەربیل